ڕۆمان

# ئەشکەوتی
# بەکرێگیراوان

دلێر کەریم

**ناوی کتێب: ئەشکەوتی بەکرێگیراوان**

**بابەت: ڕۆمان**

**نووسینی: دلێر کەریم**

**هەڵەچن: یوسف ئەحمەد**

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك: هێرش مەغدید**

**چاپخانەی: ئازادی**

**نرخ:**

**تیراژ:**500

**ڕێزی زۆرم بۆ "هاوڕێ وشیاری عەبدلعەزیز، د. هەژار فەقێ سلێمان، عەلی نادر، لاوان ئەحمەد" هەیە، کە لە وێستگەی جیاجیادا هاوکارم بوون**

لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان-هەرێمی کوردستان
ژمارەی سپاردنی(606 )ی ساڵی( 2023)ی پێدراوە

## (1)

دوو مانگی تەواو بە پێی خشتەیەکی ڕێك و گونجاو ڕاهێنانمان لەسەر گەڕانەوەی من و چۆنێتی خۆبەدەستەوەدانم دەکرد. کۆتا هەفتەی مانگی پێنجی 1986 بە مەفرەزەیەکی پێنج کەسی لە قەرەداغەوە هاتینە خوارەوە بۆ قوڵایی گەرمیان و خۆمان بۆ خەڵکی گوندەکان نمایش دەکرد، تا لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵەکەدا هەمووان بزانن ڕاستییە و هیچ شك و گومانێك نەمێنێتەوە بۆ پیاوانی بەعس و بڵێن ئەمە پلانە و ڕێسەکەمان لێبکەنەوە بەخوری.

ئامر مەفرەزەکەمان وتی شەوان نابێ لە هیچ گوندێك لابدەین، خەڵکی گوندەکان زۆر دونیادیدەن و ئەکرێت لە گفتوگۆکانماندا زانیاریمان

لێدەربهێنن و ببێتە هۆکاری ئاشکرابوونی پلانەکەمان. بۆیە هەر شەوەی لە ئەشکەوتێك پشوویەکی کورتمان دەدا و دواتر دەکەوتینە ڕێ. شەوێك لەنێوان هەردوو گوندی قولیجانی سەرحەد و قولیجانی ئەمین قارەمان مابنەوە و شەوێکی تر لەنێوان هەردوو گوندی عەلیان و شەوێکیش لەنێوان گوندەکانی توکن و چوارشاخ ماینەوە. لەوێ دیسانەوە باسێکی کورتی پلانەکان و چۆنێتی دروستکردنی خەتی نهێنی و قسەوباسەکان کرایەوە، کە دەبێت من چی بێژم و چۆن وەڵامی پرسیارەکانی ئەمن و دەزگاکانی بەعس بدەمەوە و چۆن خۆم بکەمە جێگەی متمانەی پیاوانی بەعس و دەمم تەتەڵە نەکات و نەترسم و بۆ یەك پرسیار دوو وەڵامی جیاواز نەدەمەوە و نەبمە هۆکاری ماڵوێرانی بۆ خۆم و برادەرانی ناوشار و شۆڕشیش.

دوای ئەو سێ شەوە زۆر ماندووبووین، بە درێژایی ساڵانی پێشمەرگایەتی و چوونم بۆ بەرەی شەڕەکان نەترسابووم، ئەو شەوە یەکەمین شەو بوو ترسێك هاتە مێشکمەوە ولە بەرۆکم نەدەبوویەوە. بۆ کارێك دەڕۆم نهێنییە و پڕە لە ڕیسك، بەڵام پیرۆزە وەك شەهیدبوون بۆ نیشتیمان، کەچی ناوەکەی زۆر ناخۆش و سووکە گەر نەشمرم ڕۆژێك کوردستان ئازاد ببێت پێم بڵێن: مەدالیای شەرەف بدەنە ئەم بەکرێگیراوەی نیشتیمان، کە لە پێناو کوردستاندا بووە بەعسی و لە سەنگەرەکانی دوژمنەوە خزمەتێکی گەورەی بە هەموومان گەیاند.

ئەو شەوە لە نزیک گونـدی چوارشاخ پشوویەکی باشمان دا، بۆ ڕۆژی دواتر ئـامر مەفرەزەکـەمان کـە پێشـتر زۆر بەشانوباڵی منـدا گۆرانی دەوت، بۆئەوەی بزانێت پەشیمانی لە ناخمدا چرۆی نەکردووە، دەیگووت:

گەر ئێستاش دەزانی ئەم کارەت پێناکرێت پێمان بڵێ، کەسانی تـرمان هـەن دەرفـەتی وا مـەزن لەدەسـت نـادەن. منـیش بزەیـەکم بـۆ دەکـرد و دەمگووت نانـا، مـن دەگەڕێمـەوە لای سـەرۆك، دەبمـەوە پیـاوی شاری و هـەر خـەریکی دڵـداری و گەشـت و سـەیران دەبم چـیمداوە لـەم شـاخە وشـك و برینگانەی کە تەنیا کەمتیار و گورگ بە ئاسوودەیی تیایـدا دەژیـن. ئـەویش پێدەکەنی و دەیگووت: سمەی نا ئـاوارە ئێمـە بـۆ سـیخوڕی دەتنێـرین بـۆلای بەعس، نەڕۆیت بەڕاستی ببیت بە بەعسی!.

لە ڕاستیدا لەناخمـدا پەشـیمان بـووم، بـەڵام دڵنیـابووم ئـەو قسانە بـۆ تاقیکردنەوەی من بوو. گـەر نـەبووبام بـە سـیخوڕ، بـە دڵنیاییـەوە دەبوومـە یەکێك لەو کەللە سەرانەی لە تورەکەیەکدا بۆ بەعسیان دەناردمەوە.

ڕۆژی دواتر مقۆ مقۆیەك دروست بوو کە ئایـا پرۆسـەی تـەق و تـۆق و سیناریۆکە لە کوێ بێت؟

ئامر مەفرەزەکە ڕای وابوو سەرقەڵا باشترین شـوێنە. جێگرەکـەی وتـی دەکرێت لـە سـنووری دووز بێـت، چـونکە هـەردەی سوورخەلیل تـەختایی و دەشتاییە و دەکرێت زوو ئاشکرا ببین. پاڵپشتی قسەکانی بـەوە دەکـرد، کـە دووز زنجیرەشـاخێك بەتەنیشـتیەوەیەتی و بـەزوویی سـیخوڕەکەمان دەگاتـە ناوشار و ترسی کوشتن و دیارنـەمانی نامێنێت. ئـامر مەفرەزەکـە وتـی ئـەو

پلانە کاتێك بەهای دەبوو کە ئێستا لە ئەشکەوتی "خۆرنـەوەزان" بووینایـە و لـەناو داودەوە پلانەکـەمان جێبـەجێ بکردایـە. دواتـر کۆکبـووین لەسـەر ئـەوەی نـە سـەرقەڵا و نـە دووز، بـەڵکو باشـترین شـوێن ئەوەیـە لـە باوەشاسـوارەوە نـزیکترین شوێن هەڵبـژێرین و دوای گەڕانـەوەی ئـەوان، مـن بگەمە ڕەبیەی جاشەکان.

پێشـتر وامـدەزانی شۆڕشـەکەمان زۆر گـەورە و مەزنـە، کەچـی هێشـتا نەگەشـتبوومە لای بـەعس لـە سـاتە هەسـتیارەکاندا زانـیم ئـەوەی ئێمـە بـە حکومەت و شۆڕشی گەورەی دەزانین هەمووی بەگۆتـرە و بڕیاری تاکە کەسی دەدرێت و هیچیان پشت ئەسـتوورنین بـە لێکۆڵینـەوە و بەدواداچـوونی ورد. وامـدەزانی سـەرکردایەتی بڕیـاری لـەم چالاکی و پلانرێژییـە داوە و ئـەوان وتوویانە دەبێت ئەم کارە بکرێت، لە گفتوگۆی گۆڕینی شوێنەکان گومانم بۆ دروستبوو ئەمە ئەکرێت چەند کەسێکی فەرماندە ئاگاداریبن، بەڵام هەرچی بێت پلانی شۆڕش نییە و سەرەوە بێئاگان.

شەوی پێنجەم بە وریایی زیاترەوە نزیـك بووینـەوە لـە گونـدی بـەکرە شەل و هێلکاری شوێنەکان و ڕەبیەکانمان کێشا. شەوی شەشـەم هاتینـە سـەر جـادەی بـرایم خـان و نیـو سـەعاتێك بۆسـەمان دانـا و چـاودێری وردی شـوێنەکەمان کـرد. دوای ئاگـاداری جموجـوڵی دوژمـن و تەنانـەت بـوونی بنەڕان و خەڵکە هەژارەکە. شـەوی حەوتـەم کۆتـا شـەو بـوو چووینە نزیـك باوەشاسوار و بەتەواوی نزیك بووینەوە لە یەکەم ڕەبیە. هەر لەوێدا تـەق و تۆقمان دامەزراند و یەکێك لە پێشـمەرگەکانی خۆمـان درایـە بەردەسـترێژی

گوللە و کوشتیان. بەجۆرێك لە هەموو ئاراستەکانەوە تەقە دەکرا وەك ئەوەی دوو مەفرەزە چەکداری جیاوازبین و هیچ لە سیناریۆی نەدەکرد، ئامر مەفرەزەکە وتی: ئەمە ئەو هەواڵەبوو، کە پێم وتی لە دواماڵئاوایی پێت ئەڵێم، ئەگەر سەری پێشمەرگەیەکی ڕاستەقینە نەبەیتەوە بۆ بەعس چۆن بڕوات پێدەکەن کە تۆ هەڵهاتوویت و چوویتەتەوە بۆ شار و بوویت بە بەعسی؟!

تورە بووم و وتم ئەی ئێوە نەتانووت تەنها هەندێك فیشەك بەیەکەوە دەنێین و دواتر تۆ هەڵبێ و بڕۆ؟! کەی باسی کوشتنی پێشمەرگەی خۆمانتان کرد؟! هەی نەفرەت لە خۆتان و پلانتان!!

وتی نەفام گەر وانەکەین دوو بەیانی گوندنشینان کاتێك دەڕۆنەوە بۆ شار و چاویان بە خزم و ناسیاوەکانیان، یان خزمە بەعسییەکانیان دەکەوێت دەڵێن درۆیە و شەڕ و شوڕ ڕوینەداوە و ئەوکاتە تۆ، بەڵێ سمە ئاوارە جەنابت ئاشکرا دەبیت و بەعس دەتکاتە خۆراکی سەگەکانی ڕەبییەکەی باوەشاسوار.

بەزوویی حەربەیەکیان دایەدەستم و بەزۆر میلی تفەنگیان لێهێنامەوە و وتیان ئێمە کوشتوومانە، تۆ بۆ ئەوەی لە پزیشکی دادوەری بسەلمێنرێت کە خۆت کوشتووتە و سەرت بڕیووە، دەبێت سەری ببڕیت و بیکەیتە ئەو تورەکەیەوە و بڕۆیت بەرەوە لای ڕەبایەی جاشەکان.

منیش کە زانیم تازە کار لە کارترازاوە و ساتێکی ناسکە و بواری وتنی زۆر شت نییە، سەری هاوڕێکەمم بڕی و خستمە نێو تورەکەکەمەوە، پاشان

ئەوان بەرەو تاریکایەکە ڕۆشتن و منیش بەرەو ڕەبیەکە هەنگاوم نا، هەزار و یەك خەیاڵی سەیر سەیر بەمێشکمدا گوزەری دەکرد، ئەگەر دەگەڕێمەوە تازە بوومە سەربڕی هاوڕێکەم و هیچ کەسێك گوێم لێناگرێت! سەرخۆم هەڵگرم ئەی ئەبێت بۆکوێ بڕۆم! لەم وڵاتەدا دەبێت قنت یان لە باوەشی بەعسدا بێت، یان پێشمەرگە. وردە وردە لەو نهێنیانە تێگەشتم بۆ بەگوندەکاندا دەسوڕاینەوە، تا حەقیقەتی کوشتنەکە زۆر بە جوانی پیشانبدرێت و خەڵکی بزانن کە مەفرەزەیەکی پێنج کەسی لەو سنورانە بینراون، ئەمەش هەم بۆ باوەڕ و قەناعەتی خەڵکەکە گرنگ بوو، هەم بۆ بەعس.

لە ڕەبیەکە تەواو نزیك بوومەوە، ئینجا هاوارم کرد تکایە فریام بکەون من پێشمەرگەم و هاتووم خۆم بدەم بەدەستەوە، نەمزانی ئەوانیش دوای بیستنی دەنگی تەقەکان، هاتوونەتە دەرەوە لە ڕەبییەکان و دابەشی سەنگەرەکانیان بوون و بۆسەیان داناوە، من تەماشای دوورم دەکرد لە نزیکەوە دەنگێك وتی: باشە گەر وایە چەکەکەت فڕێدە و تورەکەکەت دانێ، چەکەکەم فڕێدا و ئیتر زانیم کاتی سۆز و عاتیفە نەماوە دەم توورەکەکەم کردەوە و سەری بڕاوی هاوڕێکەمم فڕێدایە بەردەمیان. لایتیان دا لە کەللە سەرەکە و پاشان منیان قۆڵبەست کرد.

بەرپرسی ڕەبێی جاشەکان وتی: گەر بێت و درۆمان لەگەڵ بکەیت و ئەمە کەللە سەری شێت و نەخۆشی دەروونی بێت تۆش وەك ئەو سەر دەبڕدرێیت. بەڵام گەر بەڕاستی سەری پێشمەرگەیە و بۆ پاکبوونەوە

هێناوتەتـەوە ئـەوە تـۆ دەبیتـە جێگـەی بـڕوای سـەرۆك و شـۆڕش. وتم زۆر ماندووم و برسیمە چەند ڕۆژە نان و ئاوم نـەخواردووە با پشوویەك بـدەم، وتی ناتوانین، گومان دەکەن ئەو تەقە و شەڕە هی ئێمـە و پێشـمەرگە بێـت، گـەر خـۆم بتبـەم بـۆ ئـەمن پاداشـتی زۆرە بۆمـان، گـەر ئـەوان بـێن و لێـرە بتبینن ئەوا دوور نییە هەمووومان سزا بدرێین. لـە دڵـی خۆمـدا وتم: چـەند ناخۆشـە مـرۆڤ بـەکرێگیراوێکی بێدەسـەڵات بێـت، ئـاخر ماقووڵـە خزمـەتی حزب و دەسەڵاتێکی تر بکەیت و کەچی هێشتا ئەوان بڕوات پێنەکەن و تـۆ لەوان بترسی! بیرم کردەوە ئـەم گفتوگـۆ ناوخۆیانـە قـوڕ دەکـەن بەسـەرمدا. باشە و خراپە جاشەکە کردوویەتی من حەقم چییە! هەر بەو شەوە درەنگە گەیاندمیانە ئەمنی کفری.

مامەڵەی ئەمنەکان زۆر لەمامەڵەی کوردەکان باشـتربوو، لـەدڵی خۆمـدا وتم ئێمـە هەڵـەبووین کردارەکـەمان لـە نزیـك ڕەبایـەی جاشـە کوردەکـان ئەنجامـدا، بریـا لـە نزیـك ڕێکخسـتنێکی حزبـی بـەعس ئـەو چـالاکییەمان ئـەنجام بدایـە، یـان هـەمووومان دەکـوژراین، یـان دەسـتم بـە خـوێنی هـاوڕێ پێشمەرگەکەم سوور نەدەبوو.

مێشـکم بـە تـەواوی ئـاڵۆز بـوو بـوو، توانـای لێکدانـەوەی ڕەفتـاری دڕندانەی جاشەکانم نەبوو، ئەگەر کوردبوونی ئـەوان لـە نەسـتیاندا وای لـێ کردبوون، کە من خیانەتم لە نەتەوەکەم کردووە و دەسـتم چـووەتە خـوێنی هاوسـەنگەرێکی خـۆم، خـۆ ئـەوان پـێش مـن خۆیـان بـە بـەعس فرۆشـتبوو،

چووبوونە بەرەی دوژمن و جاشایەتیان قبوڵ کردبوو، ئیتر بۆ وەها بە سووک لە من دەڕوانن و توندن لە گەڵم؟!

ڕەنگە وەك درندە و بێ بەزەییەك لە من بڕوانن و بترسن لێم کە بچووکترین دەرفەتم بۆ بڕەخسێت ئەوانیش سەر ببڕم، نا ... نا لێم ناترسن، چونکە ئیتر من دەرفەتی گەڕانەوەم بۆ نێو پێشمەرگە نییە و هیچ دەرەتانێکم نییە ببمەوە مەترسی بۆ سەر جاش و بە کرێگیراوان، بەو کارەی کردبووم ڕێگەی گەڕانەوەم بۆ شاخ سەخت کردبوو، ناتوانم جارێکی تر کارێك بکەم ژیانی شاریشم لێ بکاتەوە دۆزەخ. مرۆڤ دەبێت لە یەك دۆزەخ هەڵبێت، نەك هەموو ئاراستەکانی بکاتە دۆزەخ.

ئەوشەوە شار خرۆشا، هەواڵەکە وەك ڕەشەبا بە کوچە و کۆڵانەکانی شاردا بڵاوبوویەوە، تەلەفۆن لەسەر تەلەفۆن کرا، سەرەتا وتیان هەر ئەمشەو بەڕێکەون بۆ ئەمنی دیالە، دواتر بڕیاردرا ئەمشەو بمێنێتەوە، پاك و پۆشتەی بکەنەوە و سەر و ڕیشی چاك بکەن و ڕۆژی دواتر بیگەیەننە ئەمنی دیالە.

ئەمنەکان ئەوەندە بەڕێزەوە مامەڵەیان لەگەڵ کردم و خزمەتیان دەکردم، ئەگەر کوشتنی هاوڕێکەم نەبووایە کە لێی پەشیمانبووم، ڕەنگە هەر بەڕاستی ببووایەم بە بەعسی، دواتر بۆم دەرکەوت مامەڵەی ئەوان پەیوەندیدارە بەو بڕە پارەیەوە وەك پاداشت وەریدەگرن! لێکۆڵینەوەی وردم لە گەڵ کرا، کێ فەرماندەتانە و بارەگاتان لە کوێیە و لەکام شەڕدا پێشمەرگە بوویتە و چۆن بیرتکردەوە بگەڕێیتەوە ڕیزی شۆڕش؟ خەریکبوو

بڵێم من لە شۆڕش هەڵاتووم نەك گەڕابێتمەوە بۆ ڕیزی شۆڕش، باش بوو بیرم کەوتەوە شۆڕشی قادسیە دەڵێن، نەك شۆڕشی کورد و پێشمەرگە. لەخۆم پرسی باشە چۆن دەبێت لە ناو یەك سنور و جوگرافیای یەك وڵاتدا، دوو هێزی دژ بەیەك هەبن و هەردووکیان شۆڕشگێڕبن؟!

لە ئەمنی دیالەش ئیفادەی ئەمنی کفرییان گرتە دەستیانەوە و چیم وتبوو بۆ ئەوانیشم دووپات کردەوە و دیسانەوە دانپێدانانێکی تریان هاوپێچ کرد و بەڕێخرام بۆ ئەمنی عامەی بەغدا.

هەفتەیەك لەوێ لە زیندانی تاکەکەسی دا هێشتمیانەوە، لە خەیاڵی خۆم دا دەموت ڕەنگە بڕۆن بەدواداچوون بکەن بزانن ڕاستە من سەری پێشمەرگەکەم بڕیوە و ئایا بەڕاستی سەربڕاوەکە پێشمەرگە بووە، یان خەڵکی ترە و تەنیا بۆ پارە و پۆست و دەستکەوت وامکردووە؟

زۆر دەترسام لەو ماوەیەی لە بەغدا لە کاتی خەودا وڕێنەی سەیر سەیر بکەم و لەدەمم دەربچێت کە من بۆ سیخوڕی بەسەر بەعسەوە لەلایەن پێشمەرگەوە نێرراومەتەوە و زانیارییان بۆ دەگوازمەوە. هەرچەندە بە ئاستەم خەوم لێ دەکەوت و دیمەنی بە ناحەق شەهیدکردنی پێشمەرگەکە و سەربڕینم لە پێش چاو لانەدەچوو، ئامر مەفرەزەکەم وەك جەللاد و ئەهریمەن دەهاتە پێش چاو. ئاخر گەنجێك دەستی لە ژیانی شار هەڵگرتووە و خۆی کردووە بە هاودەمی ترس و شەڕ و برسێتی و سەرما و گەرما، باوەڕی کوردایەتی و شۆڕش و نەمری لە چاوەکانیدا دەبریسکایەوە،

ئاوەها بێویژدانانـە شـەهید بکرێـت و سـەری بـە دیـاری بـە سـیخوڕێکدا بـۆ بەعس بنێررێتەوە؟!

بەخۆمم دەوت پێشمەرگەکان چـەند ساویلکەن و سیاسـییەکان چـەند بێ ڕەوشت و ستەمکارن؟! باشـە خـۆ هـەر سـتەمی لـە پێشـمەرگەکە نـەکرد، ئەی من؟! چۆن دەبێت بە من نەڵێت کارێکی وەها دەکـەم؟! نـا...نـا دەیزانـی ئەگـەر بـە مـن بڵێـت سـەر پێشـمەرگەیەك دەکەمـە دیـاری دەسـتت و نابێـت بەبێ دیاری بچیتەوە نێو ڕیزەکـانی بـەعس، مـن هـەرگیز قایـل نـەدەبووم و یەکسەر دەموت ئەو کارە ناکەم. باشە ئەگەر بیگوتبایە و قایل نـەبووبام کـێ دەڵێت سەر منی نەدەکردە دیاری بۆ بەعس؟! باشە سیاسـییەکان گـەورە بـیر دەکەنەوە یان پێشمەرگەکان ساویلکانە شۆڕش دەکەن؟!

سەدان پرسیاری بێ وەڵام بە مێشکمدا دەهات، ترسـابووم تەنانـەت لـە خـەوتنیش دەترسـام، چـونکە زۆر چـیرۆکی وەهـام بیسـتبوو کـە بـەعس و دەزگـای هــەواڵگری جیهازیــان هێنــاوە کــە مێشــك و پلانــی خــەڵکی دەخوێنێتەوە. پێشمەرگەیەکی عارەبمان هەبوو کە لە نەجەفەوە هاتبوو بـۆ ڕیزی شـۆڕش وتـی بیسـتوومە سەرتاشـەکەی سـەددام جارێکیـان بەخەیاڵیـدا هـاتووە کـە لـەکاتی سەرتاشـینی سـەددامدا دەتوانێـت موسـێك بـدا لـە ملـی سـەرۆك و بیکوژێـت، هـەر ئەوەنـدە و بـەس، کەچـی ئـەوە دواجـاری بـوو بهێنرێتە کۆشکەوە بۆ سەرچاککردنی سەرۆك و منداڵەکانی. دواتر حەلاقەکە لای خەڵك وتبووی سەرۆکمان دەکرێت بە فریشتە و پەیامبەر نـاوی ببـەین، چونکە مـوعجیزە دەخولقێنێـت. تەنانـەت بـیرم بـۆ ئـەو قسانەی ڕائـد نـازم

دەچوو کە دەیوت جارێك لە دەرچوونێکماندا لەگەڵ سەرۆك بە ڕێگایەکدا چووین بۆ کووت، لە گەڕانەوەدا بەهەمان ڕێگادا هاتینەوە و ویستمان تەقە بکەین لە سەرۆك، کەچی ئێمە کە پاسەوانی تایبەتی سەرۆکایەتی کۆماربووین ئاگامان لە ئەوە نەبوو سەیارەکەی گۆڕیبوو و لە ڕێگایەکی دیکەوە گەڕاوەتەوە، بۆیە گومانمان کرد پلانەکەمان ئاشکرا بووبێت، ئیتر ئێمەش هەڵهاتین بۆ کوردستان و بووینە پێشمەرگە.

من دەترسام لە نائاگایدا، یان لەکاتی سەرخۆشی و بەنجکردندا قسەی هەلەق و مەلەق لەدەمم بێتەدەر، ئەگینا سیناریۆکە هێندە لە ڕاستی دەچوو چیم وتبوو وەها گەشتبووە دەستیان، کاتێك پاش هەفتەیەك لە زیندانی تاکە کەسی دەریانهێنام و گەرماوێکیان پێکردم و تەراشم کرد و دەستێك جلی جوانیان لەبەرکرد و بۆ بینینی سەدام برامە کۆشکی کۆماری، سەرم سوڕمابوو لە دیمەنەکانی کۆشك، پاکی بێدەنگی، گەورەیی، ئەو هەموو جوانکاری و پارکانەی ناو بەشەکانی کۆشك، جارجار ئەو پاسەوانەی دەستی ڕادەکێشام بە ئاگایی دەهێنام و هەندێك قسەی دەکرد کە بە نیوە تێدەگەشتم، دەیگووت هیچی وات نەدیووە؟ گێلی یان گێلیان کردووی؟ ئاغاکانت شوێنی وەهایان هەیە؟! ئەی لە تاران هاوشێوەی ئەمانەت دیوە؟! ئەمەی وەك تانەیەك دەگوت کە ئێوە دروستکراوی ئەوانن دژ بە سەروەری خاکی عێراق و دەسەڵاتی بەعس.

لە ژوورە تایبەتەکەی سەدام چووینە ژوورەوە وامزانی ئێستا دانیشتووە و چاوەڕێی من دەکات. کەچی من و پاسەوانەکە دانیشتین و

کەسێکی تر چوو تورەکەکەی هێنا، کە خوێنەکە وشك بوو بووەوە و ڕەش هەڵگەڕابوو، ڕاپۆرتی پزیشکی پێوە هاوپێچ کرابوو کە کوژراوەکە بە چەقۆی دەستی هاوڕێکەی خۆی بەناوی ئیسماعیل حەمزە ناسراو بە سمە ئاوارە سەربڕاوە.

وەرگێڕیان هێناو سەدام وتی: لێی بپرسن چۆن توانیت خیانەت لە هاوڕێکەت بکەیت؟ ئایا نەتدەتوانی بگەڕێیتەوە و ببیت بە بەعسی بەبێ کوشتن؟

لەوساتەدا کە پرسیارەکانی سەدامیان بۆم وەرگێڕا، ئەو دیکتاتۆرە خوێنمژ و مرۆڤکوژەم وەك فریشتە هاتە پێشچاو و خۆم وەك دڕندە دەبینی ویستم بڵێم نیازی وامان بوو، بەڵام پلانەکەمان تێکدرا. باشبوو نەموت، ئەگینا تورەکەکە دەبووە شوێنی دووسەر، دواتر خەیاڵم کۆکردەوە و ئەوەی پێم وترابوو وتم: گەورەم، جەنابی سەرۆك بۆم دەرکەوت ئەوانەی بەو شاخانەوەن پێشمەرگە و دڵسۆزی خەڵك و کوردستان و خاکی عێراق نین و بەکرێگیراوی وڵاتانی ئێران و تورکیان، ڕاستە دەمتوانی بێمەوە و ببمە بەعسی و لایەنگر و دڵسۆزی وڵات و شۆڕش و فەرماندە مەزنەکەی، بەڵام چی شتێك لەوە گەورەترە مرۆڤ بتوانێت ئەم دڵسۆزی و خۆشەویستییەی بە بەڵگەی حاشا هەڵنەگرەوە بسەلمێنێت و یەکەم چالاکی نیشتیمانیانەی هێنانەوەی سەری بەکرێگیراوێك بێت؟ دڵنیابن هەڵکەندنی هەر پارچە تاوێرێك لەو شاخانەی کە بەکرێگیراوان پێوەین، هێزێك دەبەخشێتە شۆڕش و فەرماندە دلۆڤانەکەی.

سەدام زۆر لە من فێڵبازتر بوو، وتی:

ئەزانی من بۆچی تۆم بانگهێشتی ئێرە کردووە؟

وتم: نەخێر گەورەم؟

سەدام: ئێمەش کاتی خۆی هەر بە پیاوی وڵاتان ئەدراین لە قەڵەم، چونکە حزبی بەعسی سوریا پالپشتی دەکردین. مەرج نییە ئەوەی وڵاتێك لە پشتییەوە بێت شۆڕشەکەی ناڕەوا بێت. ئەوەی ئێوە لەو شاخانە دەیکەن عەیبوعارەکەی هەر ئەوە نییە دەستێك لە پشتیەوەیەتی، بەڵکو دروشمێکی بچووکتان هەڵگرتووە و داوای ئازادی بۆ هەموو عێراق ناکەن، بۆیە جگە لە خۆتان هیچ عێراقییەك پشتیوانیتان ناکات. لەکاتێکدا من و حزب کارمانکرد عێراق ڕزگاربکەین و کردمان. هەروەها ئاگامان لێتانە شەڕی یەکتری دەکەن، خوێنی یەك دەخۆنەوە، دزی دەکەن و هەڵدەکوتنە سەر ماڵان! پاشان بە پێکەنینەوە وتی:

ئاخر ماقووڵە پێشگەرمە (وەك سوکایەتییەك بە پێشمەرگە وای وت) بچێت ئۆتۆمبیلی جوتیارەکان ببات و لە ڕادیۆ بڵاوی بکاتەوە بڵێ سوپای بەعسمان تێکشکاندووە و ئۆتۆمبیلەکەیانمان هێناوە؟!

ئەی تەقاندنەوەی بۆری نەوت لێدانە لە سەدام یان زیانی بۆ داهاتی نیشتیمان دەبێت؟! تەقاندنەوەی بەنداو دەکاتە دژایەتی بەعس؟! ئێوە خۆتان چیتان پێدەکرێت پێمان بکەن، بەڵام بۆ دەستی وڵاتان ڕادەکێشن و دەتانەوێ خاکمان گڵاو بکرێ؟! کەچی هەندێك عارەبی گێلی ئێمەش بەو

دروشمە گێلانەیەی ئێوە فریوویان خواردووە و لە بەغدا و بەسرەوە هاتوونەتە ڕیزەکانتانەوە.

ئەم قسانەی وەها دەکرد کە مرۆڤێکی زۆر دڵسۆز و بە ڕەوشت و نیشتیمانییە، بێئاگا لەوەی لە ئەنجامی هەڵە گەورەکانییەوە عێراق بووەتە دۆزەخ و هەمووان دەیانەوێت ڕزگاریان لێ بێت، لە دڵی خۆمدا وتم: ئەنفالی فەیلییەکان لە ساڵانی 1979-1980 و ئەنفالی بارزانییەکانی لە ساڵی 1983 چ پەیوەندی بە دەستی دەرەکی و چالاکییەکانی پێشمەرگەوە هەیە، گەر دڕندەی ئێوە نەبێت؟!

ئاماژەیەکی بۆ پاسەوانەکە کرد و شتێکی نووسی و هاتینە دەرەوە، کۆتا قسەی ئەوەبوو تۆ لە کەسە تایبەتەکانی منیت و لە هەموو عێراق دووسەد کەس ئەم متمانەیەیان وەرگرتووە و لە زاخۆ تا فاو کوڕ نییە بڵێت لەکوێوە دێیت بۆ کوێ دەچیت، بەڵام هەمیشە خۆم بەدواتەوەم و وانەزانیت دەتوانیت ئەو دەسەڵاتە خراپ بەکاربهێنیت.

خانوویەکیان لە کەلار پێدام و ئۆتۆمبیلێکی نوێیان پێبەخشیم، کە بە دیاری تایبەتی سەرۆك ناسرابوو، فەرمانی کرد چەند پاسەوانێکم بۆ دانێن تا بارودۆخەکە هێور دەبێتەوە، دەزانرا مەترسی لە سەر ژیانم هەیە و ڕەنگە ببمە نێچیری مەفرەزە شاراوەکانی پێشمەرگە کە لە ناو زۆربەی شارەکان گەرایان دانابوو. لەوێوە ژیانی من گۆڕا، لەو کەسانەوەی خۆم لە بەعس دەشاردەوە، بووم بەو کەسەی بەعسییەکانیش لەمن دەترسان.

## (2)

بارودۆخ تا دەهات خراپتردەبوو، دەنگۆی کوشتن و بڕین و پەلاماری ناوچەکەمان زیاتر دەبوو، ئەوە (7)مانگی تەواوە سمەمان ناردووەتەوە بۆ ناو شار و بەتەمابووین زووزوو زانیارییەکانمان پێبگات، کەچی هێشتا جگە لە یەك دوو هەواڵی سەرەتایی و سادە شتی زۆر نهێنی و پڕبایەخمان بۆ نەهاتووە.

چەند ڕۆژێکی کەم بوو چووبووینە ناو ساڵی نوێی (1987) لە ڕێکخستنەکانی شارەوە هەواڵمان بۆ هات، کە دەمانەوێت لە چالاکییەکی کەمەرشکێن دا سمە ئاوارە و مەفرەزەیەك لە تەوارییەکان کە بوونەتە

هۆکاری سەختی پەیوەندی نێوانمان و بە هەنگاوەکانیان ناڕەحەتمان دەکەن، بکەینە قوربانی و هەموو ڕێکخستنە نهێنییەکان بەرەوشاخ هەڵبێین. تکایە بۆ ئەو مەبەستە ڕاتان.

بەپەلە هەڤاڵانی فەرماندەیی بەشی ڕێکخستن و سەربازیم ئاگادارکردەوە کە کۆبوونەوەمان هەیە، بۆ ئەو مەبەستە دەست لە هەموو چالاکییەکان هەڵگرن و شەو لە بارەگای سەرەکی مەڵبەند کۆدەبینەوە.

حەمە کەرکوکی فەرماندەی سەربازی وەك هەمیشە چارەکێك پێش وادەی گفتوگۆکە لەوێ بوو، فەرماندەیەکی پڵنگ ئاسای وەهابوو کە لەو کاتەوەی سمەمان بەنهێنی ناردبووەوە بۆ ناو ڕیزەکانی بەعس، گەر ڕێگریمان لێنەکردایە لە بەغداش بووایە دەچوو دەیکوشت و سەری دەهێنایەوە بۆ شۆڕش.

عەبە سیاسی بە پێچەوانەوە چارەکێك دواکەوت و پاساوی ئەوەی هێنایەوە نەیویستووە گومان لەسەر کۆبوونەوەکە دروست بکات و پێی باش بووە هاتنێکی ئاسایی بێت.

پێم ڕاگەیاندن... هەڤاڵان نامەیەکی نهێنیمان لە ڕێکخستنەکانی شارەوە بۆ هاتووە، دەیانەوێ لە چالاکییەکی کەم وێنەدا دەستێك لە سوپای بەعس بوەشێنن و بێنەلامان، هەروەها دەنگۆی پەلاماری گوندەکان ڕۆژ لەدوای ڕۆژ زیاتر دەبێت، بەعس بانگەوازی کردووە بۆ خەڵکی گوندەکان ئەوەی دێتە شارەکانەوە با بێت و سەر و ماڵی پارێزراوە، بەڵام ئەوەی نەیەت ئەوا حسابی پێشمەرگە و چەکداری بۆ دەکەین، کاك حەمە دڵنیام

ئەم بابەتە بە نسبەت تۆوە ڕەنگە کەمێك سەیر بێت، بەڵام کاکە عەبە وەك بەشی سیاسی ئاگادارە ئێمە بۆیە ڕێگریمان لە لەناوچوونی هەڤاڵ سمەدا دەکرد، ئێمە خۆمان ناردوومانەتە خوارەوە تا ئاگاداری جموجوڵ و پلان و نەخشەکانی بەعس بین، ئەوەی ئێمە لەگەڵی نەبووین سەربڕینی پێشمەرگەکەمان بوو بەداخەوە ئەوە شەوی ڕووداوەکە خۆیان بە ئەوکارە هەستاون، ئەگەرچی قورسە، بەڵام شۆڕش شتی وەها سەیریشی تێدا دەبێت، خۆ ناکرێ شۆڕش بکەین و چوارکەس نەکوژین و دوو ڕێگری نەکەین. ئێمە هاتووینەتە شاخ دەبێت خەڵك قەدرمان بزانن، گەر مەترسی لەسەر ژیانیان دروست نەکەین، کێ حسابمان بۆ دەکات؟

کەرکوکی توڕەبوو، بە ئاستەم ددانی بە خۆیدا دەگرت و ئاگر لە نێو چاوانی دەباری و وتی: بەگۆڕی شەهیدان زانیم ئەم ڕووداوە دەستی عەبە سیاسی تێدایە، هەر کە باسی تۆڵەکردنەوەم دەکرد و دەتانگوت جارێك بوەستە دەمزانی ئێوە بەجۆرێك لە جۆرەکان ئاگادارن، شتێك لە ژێر سەرتاندایە، نەفرەتتان لێ بێت بۆ ئەو کارەی کردتان. دەسەڵات نییە تازە چوو، مادام فەرمانی سەرکردایەتییە ئاساییە و هیچمان پێناوترێت، ئەگینا یان ڕازی نەدەبووم یان دەگەڕامەوە بۆ کەرکوك و خەریکی کار و کاسبی خۆم دەبووم.

عەبە سیاسی وتی: کاك حەمە گیان، دڵنیام لە دڵسۆزیتان، گەورەم بۆیە بانگی کردووین تا ئەوەمان پێبڵێت لە ڕاستیدا ئەوەی کردوومانە

فەرمانێکی ناوچەییە و سەرکردایەتی لێی ئاگادارنییە. بەڵام دەسەڵاتمان پێدراوە بۆ بەرژەوەندی خۆمان و هێزەکانمان، هەموو ڕێگاکان بگرینەبەر.

حەمە کەرکوکی بە بیستنی فەرمانی ناوچەیی و زانینی ئەوەی کە فەرمانی سەرکردایەتی نەبووە، جارێکی تر چاوەکانی سوور هەڵگەڕان و ترسی سەرکردایەتی نەبووایە هەر لەوێدا عەبەی دەکوشت. وتم: ئێستا گفتوگۆی لاوەکی مەکەنەوە، کاکە حەمە، کاکە عەبە، بەڕای ئێوە ڕێگە بدەین ڕێکخستنەکانی شار چالاکییەکە ئەنجام بدەن، یان بۆیان ڕوونبکەینەوە کە سمە ئێستاش هەر هەڤاڵ و پێشمەرگەی خۆمانە و دەبێ نەك بیکوژن، بەڵکو بیپارێزن؟

بەبێ یەك و دوو حەمە کەرکوکی وتی با بیکوژن و ئەو هەڵەیەی خۆمان کردوومانە، خۆمانیش چاکی بکەینەوە، بەوە هەم دڵی خەڵی بۆخۆمان ڕادەکێشین و هەم لای دۆست و دوژمنەکانمان ناوبانگی شۆڕشەکەمان زیاتر دەبێت.

پێکەنیم و وتم: تۆ فەرماندەیەکی سەربازیت و سەربازیانە و چاونەترسانە بیر لە پرۆژەکە دەکەیتەوە، ئەوەش مافی خۆتە، بەڵام لە سیاسەتدا هەموو ئەگەرەکان کراوەن و دەکرێ کاری وەها ڕووبدەن قەت بیرمان لێنەکردبێتەوە.

عەبە سیاسی وتی: نانا با چالاکی وەها نەکەن، بەپێی زانیارییە هەواڵگرییەکانمان ساڵی 1988 عێراق گۆڕانکاری بنچینەیی بە سەردا دێت، ڕەنگە کوردستان ئازاد بکەین، پێدەچێت هەموومانیش لەناوبچین، باشتر

نییە نامەیەکی هەڕەشە ئامێز بنێرینەوە بۆ شار و بە سمە بڵێین ژیانت لە مەترسیدایە و دەبێت ئیتر مانگانە نامە و دیکۆمێنت و زانیاریمان بدەیتێ لەسەر پلانەکانی دوژمن و پێی ڕابگەیەنین لە هەر کوێ بیت دەستمان پێی دەگات؟

لە نێوان شەڕ و گفتوگۆی باڵی سەربازی و سیاسی، من چاوەڕێی هێوربوونەوەی بارودۆخەکەبووم، وتیان کاکە با مەفرەزەیەکمان بچێتە ماڵی سمە، لە کەلار لە گەڵی دابنیشن، بۆ ئەمە حەمە کەرکوکی وتی من ئامادەم و دەلیلیتان دەکەم، عەبە وتی نابێت، بۆ دەتانەوێ قوڕبکەنە سەر سمە و ڕێکخستنە نهێنیەکان و خۆمانیشدا، ئەی ئەگەر ئێمە تیابچین و بگیرێین و لە سێدارە بدرێین کێ شۆڕش بکات و کێ مافی کورد وەربگرێتەوە؟!

کەرکوکی بە گاڵتەجاڕییەوە وتی: نەتبینیوە سەد ساڵی ڕابردوو تەنیا تۆ بەم شاخانەوە بوویت! بابە کێشەی کورد کێشەیەکی مێژوویی و نەتەوەیی و جوگرافییە و هەتا یەك کورد مابێت هەر دەمێنێت. بۆیە وامەزانە کە ئەم چەند کەسەمان نەمێنین، ئیتر شۆڕش تەواو دەبێت. دوای شێخ مەحمود و بارزانی و ئارام و هەموو ڕابەرەکانمان، ئێستاش کلپەی شۆڕش دێت، بۆیە ئێمە هیچمان لەوان زیاتر نییە. هیچ گەلێکی زیندوو بە کوشتن و بڕین لەناو ناچێت، ساڵی 1915 ئەرمەنەکان کە کریستیان بوون، لە لایەن دەوڵەتی عوسمانییەوە کە مسوڵمان بوون قڕکران، کەچی ماون و لەناو نەچوون. ئاخێکی هەڵکێشا و وتی:

شـۆڕش قارەمانــەكان دەیكـەن و سیاسـییەكان دەیـدۆڕێنن و فـەقیر و هەژارەكانیش تەنیا باجەكەی دەدەن، گەر سەركەوت بۆ سیاسییەكان دەبێتە دەسـتكەوت. چـونكە قارەمانــەكان شـەهید دەبـن و دۆڵگرەكـان دەمێننـەوە و نەبەردییەكان دەگێڕنەوە، وەك ئەوەی ئەوان لە پێش هەمووانەوە بووبێتن!

هــەمووومان بەنابــەدڵی و جۆرێــك لــە بەرپرسـیارێتیەوە بڕیارمانــدا نامەیـەك بنووسـین بـە دوو نووسـخە، یـەكێكی بـۆ ڕێكخسـتنە نهێنییـەكانی ناوشار كە ئێستا كاتی چالاكی نییـە و نـاردنی ئازوقـە و خـواردن و زانیـاری هەواڵگری، زۆر لە چالاكی و كوشتنی دوو جاش و چوار خـۆفرۆش و هەشـت سەرباز باشترە. بۆ ئەوەش سمە تاوانبـارە، ئاگـادارین و پەشـیمانییەكی زۆری لێ بینراوە و ڕەنگە بە چالاكییەكی گەورەتر قەرەبوومان بۆ بكاتەوە.

نامــەی دووەم بـۆ سمـە و ئاگاداربكرێتــەوە گـەر بـیری مـاوە پلانــەكانی پێش ناردنی بۆلای بەعس جێبەجێ بكات و بەردەوام زانیـاری هـەواڵگریمان بـۆ بنێرێـت، گـەرنا خـۆی بەرپرسـیار دەبێـت بەرامبـەر خـەڵك و شـۆڕش و هەڤاڵەكانی.

لەوماوەیەدا گوندەكانی سەر جادە و نزیكـەكان فەرمانەكـەی بەعسیان جێبــەجێ كـرد و هــەموویان چــوونە شـارەكانەوە و دواتــر ئۆردوگـای زۆرە ملێیان بۆ دروستكرا و كـۆنترۆڵكران بـە جۆرێـك تۆزێـك لـە زینـدان ئـازادتر بوون، هەموو جموجوڵێكیان خرابووە ژێر چاودێری وردەوە.

حكومەتی بەعس لە ژێر ناوی (افواج خفیفە) كە بە (جاش) ناسـراون، سەدان فەوجی لێ دروست كردن و سەدان كەس بوونـە مستەشـار و هـەزاران

کەس بوونە جاش. وەك هێزێکی شارەزا و چاوساغ پێش هێزی سوپای عێراق دەکەوتن بۆ پەلاماردانی گوندەکان و هێزەکانی پێشمەرگە.

پاش ماوەیەك زانیاریمان بۆ هات کە سمە تووشی بارودۆخێکی خراپ بووەتەوە لە لایەن خزم و کەسوکارەکەیەوە و هەمووان نەفرەتیان لێکردووە بەوەی تاوانێکی وا گەورەی دەرهەق بە پێشمەرگەیەك ئەنجامداوە، تەنانەت ئەندامانی خێزانەکەی نەفرەتیان لێکردووە و هاتوچۆی ناکەن و وەك کەسێکی قێزەوەن تەماشای دەکەن. کەسێکی نزیکی تێدەگەیەنێت کە ئەو بە ئارەزووی خۆی ئەمەی نەکردووە و شۆڕش ئەم ئەرکە تازەیەی پێسپاردووە و ئێستا ئەرکەکەی لە ئەرکی پێشمەرگەیەك زیاتر و بە بایەخ ترە، بۆیە وەڵامی کەس ناداتەوە لە بارەی ئەو قسانەوە ڕۆژانە تووشی دەبێت، نایەوێت سەری بە قوڕدا بچێت و ئاشکرا ببێت.

زۆرێك لەو کەسانەی کاتی خۆی لەگەڵ سمەدا لە شاخ بوون و دواتر چەکیان دانابوو، لە ترسی سمە شاریان جێدەهێشت و دەچوون لە شارە گەورەکاندا نیشتەجێ دەبوون، بۆ ئەوەی دەستی سمەیان پێنەگات، شارەکان هێندە گەورەن مرۆڤەکان قوت دەدەن و کەس کەس ناناسێت.

هەواڵمان بۆ هات، ڕۆژێك لە ناو بازاڕدا کە سمە و پاسەوانەکانی بەوێدا تێدەپەڕن. دوکاندارێك بە دراوسێ دوکانەکەی دەڵێت: تەماشای ئەم بەکرێگیراو و خۆفرۆشە ناکەی چۆن بە فیزەوە بە ناو بازاڕدا هاتوچۆ دەکات. ئەی دەستی شکاوم بۆ مەفرەزەکەی حەمە کەرکوکی شەو لە ناو جێگاکەی وەك سەگ بیتۆپێنن، کە پاسەوانەکانی گوێیان لەم قسانەی حاجی

ڕەحمان بوو، بە شەق و زلە و قۆناغە تفەنگ سەر و ملی دەشکێنن، ئەم ڕەفتارە لە لایەك نیگەرانی دەکردین کە سمە بەڕاستی بوبێت بە بەعسی، لە لایەکی تریشەوە پێمان خۆشبوو کە هەموو گومانەکان لە پیلانەکەمان دەڕەوینەوە و سمە زیاتر لە لای بەعس متمانەی پێدەکرا.

## (3)

ئەزموونی ژیانی پێشمەرگایەتی پێی وتبووم شەوانی تاریك و تەم و کپ، ماڵی دەستوەشاندنە لە دوژمن. شەوێکی زستان، دنیا زیاتر لە شەوەکانی تر تاریکتر بوو، شەوێکی کپ و تەماوی بوو. هەر لەخۆمەوە بیرم چوو بۆ ئەوەی ئەمشەو ڕەنگە مەفرەزەکانی پێشمەرگە بێنە شارەوە، منیش بووبوومە جێگەی متمانەی بەعس و شۆڕشی حزبی بەعس، چوومە ناو حەوشەوە کەوڵە شخاتەیەکی جێی گومانم بینی نایلۆنێکی پێوە پێچرابوو، کە هەڵدرابووە ناو حەوشەوە. گومانم کرد پیاوانی ڕژێمی بەعسبن و تاقیم بکەنەوە، کە کردمەوە لەسەری نووسرابوو "سمە سەربڕ"، لە دۆڵی بێ مەحکەمە چیت بە پۆلیسەکەی نەوتی کەرکوك کرد؟ ئەم نهێنییانە زۆر

تایبەت بوون و گومانمیان نەهێشتەوە کە نامەکە هی شۆڕشەکەی کوردستانە نەك بەغدا، بە پەلە چووم خوێندمەوە.

هەر بەو شەوە وەڵامم نووسی کە من ئاگادارتان دەکەمەوە بەم نزیکانە هەڵمەتێکی چڕی کوشتن و بڕین دەستپێدەکات و بەعس بەناوی "ئەنفال"ەوە هەمووان جینۆساید دەکات، بۆیە تکایە تا پێتان دەکرێت گوند بە گوند و ماڵ بە ماڵ بگەڕێن و با ژن و پەککەوتە و بەساڵاچوو، منداڵ و بێ چەکەکان بێنەوە بۆ شار و ناحیە و ئۆردوگاکان، تا سەلامەتبن و تەنیا پێشمەرگە و ئەو کەسانە بمێننەوە لەو شاخانە کە دەتوانن بەرگری بکەن، هەرچەندە بەرگریکردن لەم هەڵمەتە گشتگیرییانەدا زۆر زەحمەتە، بۆ هەر هەواڵ و زانیارییەکی نوێ بەم ناونیشانەی ناردووتانە بەردەوام زانیاریتان بۆ دەنێرم، بەمەرجێك تەنها گروپێکی پێنج کەسیتان بزانن ئەو نامانە لەمنەوە دێن و قوو مەکەنە دونیادا، بەپێی ئەو زانیارییانەی لای منن، ژمارەی سیخوڕ و بەکرێگیراوانی بەعس لە پێشمەرگەی نەك حزبی خۆمان، لە پێشمەرگەی گشت لایەنەکان زۆرترن.

بەیانی زوو چووم بۆ گوندی تازەدێ و ڕەبییەکانی سنوورەکەم بەسەر کردەوە، لەنێوان هەردوو عامووی تەنیشت چەمەکە ئەو قووتووەم بینی کە باسیان کردبوو، نامەکەم خستە ژێر بەردەکەی تەنیشتی و گەڕامەوە بۆ ماڵ.

چەند ڕۆژێکی دواتر ئاگادارکرامەوە لە کەرکوك کۆبوونەوەی هەموو مستەشار و ئامر سریە و فەرماندەکانی سوپا هەیە لەگەڵ عەلی حەسەن

مەجیددا، بە بۆنەی دەستبەکاربوونی وەك فەرماندەی باکوری حزبی بەعس، لەو کۆبوونەوەدا بەڕوون و ڕەوان وتی:

دڵتان بۆ خەڵك و خاك و گوند و بەکرێگیراوان ژان نەکات، هەمووی کیمیاباران دەکەم و دەیکەمە ناوچەی قەدەغەکراو، دەبێت ئێوەش کە دڵسۆزی فەرماندەن هاوکارمانبن، ئەی ئیتر ئێوەمان بۆچییە بۆ کارێکی وەها نەبێت؟! یان دەبێت لەگەڵ ئێمەبن و ببنە بەشێك لە سوپای ئەنفال، یان لەگەڵ خێزانەکانتان لەو گوندانەدا ئەنفال دەکرێن و دەتان سووتێنین.

مۆڵەتمان بە تێکدەران (موخەریب) و خەڵك داوە، لە ئێستاوە کە بەهاری 1987 تا بەهاری ساڵی داهاتوو، ئەگەر نەیەنە خوارەوە بۆ شارەکان، چواردەوریان دەگرین و ئابلۆقە دەخەینە سەریان، با بزانن دەتوانن بەو شاخانەوە بمێننەوە؟! هەموو ئەو دەستانەش دەبڕین دەست بۆ بەکرێگیراوان درێژبکات، بۆ ئەوەش لەگەڵ نەیارەکانی دوێنێماندا بووینەتە دۆست و بەڵێنیان پێمانداوە کە پشتبکەنە تێکدەران.

دوای گەڕانەوەم بۆ ماڵەوە کۆی هەڕەشەکان و ناوی هەموو بەشداربووانم نووسی و ناردم بۆ شاخ، کە ژمارەیان (1000) ئامر فەوج و جاش و مستەشار و خۆفرۆشبوو، بە خۆمیشەوە کە بەشداربووین لەو کۆبوونەوەی عەلی کیمیاویدا. من کەوتبوومە نێوان دوو هەڕەشەی ترسناکەوە، یەکێکیان دەیگووت ئەو دەستانە دەبڕین هاوکاری پێشمەرگە دەکات و ئەویتریان دەیگووت کارمان بۆ نەکەیت و زانیاریمان نەدەیتێ بە بەردەوامی، دەتکوژین. بۆیە بڕیارمدا دڵی هیچ لایەکیان نەشکێنم و بەپێی

دەرفەت خزمەت بە شۆڕشگێڕەکانی هەردوو شۆڕشەکە بکەم. دەشمزانی بەم کارانەم کە دەیکەم مەترسی گەورە لەسەر خۆم و خێزانەکەم دروستدەکەم و چەقۆ لە ملی خۆم دەسووم.

لەنامەکەشدا ئەوەم نەشاردەوە بۆئەوەی بتوانم کاری سیخوڕی بکەم دەبێت مرۆڤێك بم کار بۆ هەردوولا بکەم. ئەگینا ئەگەر من جارجار ئەو زانیاریانەی لامە هەمووی وەك خۆی بنێرم و دیلەکانتان ئازادبکەم و لە دەکەسدا دووانتان نەنێرم بۆ سەر پەتی سێدارە چۆن دەتوانم لەم کارەم بەردەوامبم؟!، بۆیە ڕوون و ڕەوان پێتان دەڵێم من بەو شێوەیە دەتوانم تا کۆتایی بەردەوامبم لە هاوکاریتان.

دوای ماوەیەك وەڵامی نامەکەم بۆ هاتەوە بە هەمان شێوەی جاری یەکەم، تەماشا دەکەم نامەکەی ئەمجارە زۆر نەرمی نواندنی تێدابوو، باس لە ئەوە کرابوو قەینا لە "دە"کەسیشمان دوانی بدەیت بە دەستەوە، بەڵام بەمەرجێك لەسەر بڕیاری ئێمە بێت کێ دەبێت ئازاد بکرێت و کامانە دەبێت بکرێنە دیاری بەعس، لە نامەکەدا باس لە ئەو شوێنانە کرابوو لە سنووری گوندی توکن لە بەرزییەکەی بەرامبەر ئاوایی، لە تازەدێ شوێنەکەی جاری پێشوو، لە دووز ژێر پردەکە"جسرەکە"ی نەوجوول، ئەمانە ئەو شوێنانەی خاڵی بەیەك گەیشتنمان دەبێت هەم بۆ ناردنی زانیاری، هەم بۆ ناردنی پێداویستی.

عێراق ڕۆژ لەدوای ڕۆژ بەرەو داخران و تاریکی هەنگاوی دەنا، ناوچەکە ڕۆژانە سەدان ڕووداوی سەیر سەیری تێدا دەقەوما. دونیا دیدەکان

ئامازەیان بەوە دەدا بارودۆخ بە ئاراستەی خراپدا هەنگاو دەنێت و خودا ڕەحم بکات و بە کەمترین زیانەوە دەربازبین.

جارێکیان دوو پێشمەرگەیان نارد بۆ ڕەبییەکەم، بۆئەوەی پاسەوانەکانم گومانی خراپ نەکەن وتم ئەمانە سیخوڕی خۆمن لەناو هێزەکانی پێشمەرگە. کە کۆبوومەوە لە گەڵیان بۆم دەرکەوت بۆ جگەرە و مەشروب ژیانی ئەو دوو گەنجەیان خستووەتە ئەو مەترسییە گەورەیەوە، پەیامم بۆیان نارد کە هەر دواکەوتنێك لە خۆکۆکردنەوەیان بە زیانی گەورە دەشکێتەوە بۆیان. لەبری ئەوەی بیر لە ڕێگە چارەیەك بکەنەوە بۆ دەربازکردنی ماڵ و منداڵ و خەڵکە بێتاوان و ئاساییەکە، بۆ تەنها بیرتان لای خۆتان و ورگتانە؟!

هەواڵم پرسی لە گوندەکان چی دەگوزەرێت؟ باسیان لەوە کرد لە زۆربەی گوندەکاندا کۆبوونەوەی گشتی بە خەڵکەکە کراوە و فەرماندەکانی پێشمەرگە بە خەڵکیان وتووە مەترسن هەڕەشەکانی بەعس فشەن و ناتوانن بستێك بێنە ناوچە ئازاد کراوەکان، ورەتان بەرز بێت، ئێمە شۆڕش بۆ ئێوە دەکەین و نایەڵین کەس بچێتەوە بۆ ژێر دەستی سوپا دڕندەکەی بەعس.

بەعس ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دەستی لە شەڕی ئێران دەکێشایەوە و زیاتر خۆی بۆ گیان کوردستان ئامادە دەکرد، ئامادەکارییەکانی بەعس بە زەقی دیاربوون کە لەناوبردنی کوردستانی مەبەستە، هەر لەبەر ئەوەش بوو دەستی لە زۆر شت هەڵگرت بۆ ئێران لە بەرانبەر پشتکردنە پێشمەرگە و شۆڕشەکەیان. هەڕەشەکانی عەلی کیمیاویش ئامازەیەکی ترسناك بوون،

بەڵام غەفڵەتی سەرکردایەتی کورد و خەیاڵ پڵاوییان سنوری نەبوو، سەیرم لێدەهات بەعس کەڵپەکانی تیژ دەکات و ئەوانیش تازە نامەیان دەنارد ڕێگەیەکیان بۆ بکەمەوە بۆ ناردنی شتومەك و جلوبەرگ و فیشەك و داو دەرمان بۆئەوەی قاچاخچێتی پێوە بکەن.

عەلی حەسەن مەجید بە وردی کاری دەکرد بۆ قڕکردن و لەناو بردنی میللەتێکی خاوەن مێژوو، کلتور و زمان. بەڵام بە شێوەیەك ئاسەواری ئەو قڕکردنە نەمێنێتەوە. بۆ ئەو کارەش بیری لە گۆڕینی دیمۆگرافیای ناوچە کوردشینەکان و سەرژمێری ساختە و بەخشینی خەڵات بەو کەسانەی ڕەچەڵەك و نەتەوەی خۆیان بۆ عەرەب دەگۆڕن، دەکردەوە.

هێمنی ئەو ماوەیەی بەعس بە خەڵکی دێهاتەکانی بەخشی بوو، وەك هێمنی پێش هەڵکردنی تۆفان بوو، لە گوندەکانی نزیك جادەدا لە بری پێدانی پارە و زەوی قەرەبوو "تەعویز" سەرەتا ئەو گوندانە تەختی زەوی کران و سەربازگەی گەورە و نهێنی زۆر دروست کران.

گوندنشینان خەریکی کاری ڕۆژانەی خۆیان بوون، زۆربەیان لە ماوەی ئەو ساڵەدا هەر نەدەهاتنەوە شارەکان، بۆ پێداویستی ژیانی ڕۆژانەش، ئەو شۆفێرانە ڕادەسپێردران کە تاك و تەرا هاتوچۆیان دەکرد. هەواڵی جموجوڵەکانی بەعس دەگەشتە خەڵکی گوندەکان، بەڵام بەهۆی سەرقاڵییان بە ژیانی ڕۆژانەی خۆیانەوە نەدەپەرژیانە سەر لێکدانەوە و بەدواداچوونی ڕاست و دروستی هەواڵەکان. بە کەمیش خوێندەوار و هۆگری هەواڵەکان هەبوو بۆ زانیاری وەرگرتن لە سەرچاوە بیانییەکان. بۆیە زۆربەی زۆری

ئەو قسانەی برەویان هەبوو، قسەی ئەو فەرماندانەی پێشمەرگە بوون کە بە ئارەزووی خۆیان دەسکاری هەواڵەکانیان دەکرد.

تەنانەت گەر خوێندەوارێکی عەرەبی و ئینگلیزی زان، بەدواداچوونی هەواڵەکانی بی بی سی و مۆنتیکارلۆی بکردایە، نەدەبوو بۆ خەڵکی باس بکردایە، وەها کارێك بەس بوو بۆ ئەوەی پێشمەرگە بتگرێ و لە دۆڵێکی وەك دۆڵی "بێ مەحکەمە" کۆریانێکت پێ پڕبکەنەوە.

لە گوندەکان کەسانی وەها هەبوون، لە گوندی "قەواڵی" ئەحمەد ناوێك هەبوو وەك چۆن نوێژەکانی نەدەڕۆشت، بە هەمان شێوە سەر سەعات بە سەعات گوێ بیستی هەواڵەکان دەبوو. لە گوندی "کانی عوبێد"یش جەمال ناوێك هەبوو، لە لای ڕانیش بۆ شوانەکانی هاوەڵی ڕووداوەکانی باس دەکرد.

لە گوندی "کەریم باسام"، پێشمەرگەیەکی لێبوو، لە کەرکوکەوە هاتبوو بۆ ماڵ خزمەکانی، عەرەبی و ئنگلیزی وەك بولبول دەزانی، ماوەی یەك دووساڵ منداڵەکانی ئاوایی فێری خوێندن و نووسین کردبوو، زۆر بە باشی ئاگای لە هەواڵ و ڕووداوەکانی دونیا بوو، مەترسییەکانی ئاشتی بەغدا و تارانی درك پێکردبوو، پێشمەرگە هێندە فشاریان بۆ دروست کرد، یەك دووجار هاتبوون بۆ کوشتنی، خەڵکی ئاواییەکە ڕاپەڕیبوون و وتبوویان مامۆستا "پشتیوان" بکوژن، نایەڵین یەکێتان بە ساغی پێی لەم ئاواییە بڕواتە دەرەوە، بۆیە نەیانکوشت و دواتر مامۆستا پشتیوان بووە پێشمەرگەی لایەنێکی تری کوردایەتی.

ڕەنگە خۆشبەختترین کەسانی ئەو ساڵانە شوانەکان بووبێتن، ئەوان بیریان لای لەوەڕاندنی مێگەلەکانیان بوو، ئەوەش لەو ساڵانەدا بەدەست هاتبوو، لە لایەك دڵخوازەکانیان دەرفەتی هاتنە دەرەوەیان زیاتر بوو بوو، لە لایەك ساڵانێك بوو قوتابخانەکانی گوند کچانیان فێری خوێندن و نووسین کردبوو. بەوەش زیاتر نامەی ئاشقانەیان دەنووسی، خۆیان یان خوشکەکانیان یان هاوەڵە خوێندەوارەکانیان بۆیانیان دەخوێندەوە.

کاتێك لە لای ڕان دەگەڕانەوە، کچان بە خۆیان و مەنجەڵی دەستیانەوە بە پیری شوانەی ماندووەوە دەهاتن، خۆشترین سات، ئەو ساتانە بوون کە دایکی دڵدارەکان کەمێك دوا دەکەوتن و کچە و شوانە دوو قسەی خۆشیان بۆ یەك دەکرد، بێ ئاگا لەوەی ئاگری وئەنفال دێت و ئەوانیش وەك ئەو هەموو خەڵکە دەکاتە قوربانی و خەونەکانیان دەکاتە سەراب.

شوانەکان زۆرجار جگە لە شمشاڵەکانیان، هیچیان شك نەدەبرد بۆ ئەوەی دەردە دڵی خۆیان بۆ دڵخوازەکان دەربڕن، دەچوونە سێبەرێکەوە و پەیامەکانی دڵ و دەروونیان تێکەڵ بە هەناسەکانیان دەکرد و لە کونی شمشاڵەکەوە دەیانناردن بۆ گوێی دڵدارەکانیان، خۆزگەیان دەخواست هەر هیچ نەبێت بەشێك لەو هەناسە و هاڵاوەی ناخیان بدات لە ڕوومەتی دۆستەکانیان و بە ماچ حساب بکرێت. جارجارەش کە دایکی دڵدارەکانین دەیانگووت: دەزانین ماندوویت، بەڵام وەرە یارمەتیمان بدە و دوو مەڕمان بۆ بگرە بۆ دۆشین، ئەوان وەك ئەوەی هەنگیان لە تویی دارەدا دۆزیبێتەوە بە هەڵەداوان دەهاتن و مەڕەکانیان بۆ کچەی دڵخوازیان دەگرت بۆ دۆشین،

حـەزیان دەكـرد نیـو سـەعات ببـات و شـیر لـە گـوانی مـەڕەی دامـاودا وشـك نەكات، بۆئەوەی كاتەكانیان بە ڕاكردن بە شوێن مەڕەكانەوە نـەكوژن و تێـر لـە سـیمای یـەكتری بـڕوانن، شـوانەكان زۆرجـار ئـەو مەڕانـەیان دەگـرت بـۆ دۆشین لە هەمووان شیریان زۆرتر بوو، هەندێجار سمی مەڕەكانیان دەخستە سەر پێڵاوی كچەی دڵخواز تا دەرفـەتی هـەبێ سـەرێك هـەڵبڕێ و ناڕەزایـەتی دەر ببڕێت، بۆ ئەوەی ئەویش پڕ بە دڵ داوای لێبوردنی لێبكات، كە دەیزانی كچـە بـە سمـی مەڕەكـە ناڕەحـەت نابێـت، شـوانەكە ماچـێی نێـو چـاوانی مەڕەكەی دەكرد و دەیسوڕاندەوە بۆ ئەوەی سمی مەڕەكـە كاریگـەرتر لەسـەر پێـی دڵخوازەكـەی بچـەقێت. كچـەش لـە تۆڵـەی ئـەوە ئـازارەی قاچـی دڵـی نەدەهات دوعای مەڕەكـە و شـوانەكەی دۆسـتی بكات، بۆیـە هـەردوو دەسـتی توند دەكرد و هەرچی شیری گوانی مەڕەكە بوو دەیكردە قاچی شوانەكەدا و هاواری لێ بەرز دەبووەوە، دواتر بۆ ئەوەی دایك و براكانی بەو ملمڵانـێ پـڕ لە سۆزەیان نەزانن، دەیانگوت دڕكی گوانی مەڕەكان چووە بە دەستماندا، یان سمیان خستووەتە سەر پێمان و ئازارمان پێگەیشتووە.

بۆ ئەوەی كۆتا دەرفەت لە دەست نەدەن، هەندێ نهێنیـان دەگۆڕییـەوە، وەك ئەوەی ئەو بەرخە یان ئەو مەڕە هی منە و زیاتر ئاگات لێی بێـت، یـان كوڕە دەیگوت كەی هاتن بۆ قنگر دۆمەڵان شەوی پێشتر شوێنەكەم پێبڵێ، بۆ ئەوەی بە سۆزی دوزەلە و شمشاڵەكەم سـەرنجتان بـۆ لای خـۆم ڕاكێشم، یـان كـە ڕانم هێنایـەوە پـێش هـەمووان تـۆ وەرە پیریمـەوە بـا هـەموو دیارییـە كێوییەكانمت پێببەخشم. هەرچی سۆز و ئاوازێـك لـە كـونی شمشـاڵەكەمەوە

**دەردەچێت، پەیامن و بۆ تۆی ئازیزی دەنێرم. لە کۆتا جاریشدا شوانەکە بەرانێکی دەگرت و دەیهێنا بۆ کچە تا بیدۆشێت، هەر کە دەیزانی مەڕ نییە و بەرانە پێکەنینێکی شەرماوی بۆ دەکرد و دەیگوت: بەرخی نێر بۆ سەر بڕینە، نەك لە بۆ دۆشین و ڕان؟!**

## (4)

قۆناغی یەکەمی ئەنفال لە دۆڵی جافایەتی لە 1988/2/23 دەستی پێ کرد. یەکەم شەوی دەستپێکی ئەنفال، فرمێسك بە چاوەکانمدا هاتەخوارەوە، زۆر گریام، بیرم کردەوە کە هەموو هاوڕێکانم شەهید دەبن، ئەو خاکەی ناوی کوردستانە و خەڵکەکەشی دەسوتێنرێت، وەك ئەوەی عەلی کیمیاوی وتی هەموویان دەسوتێنین، بەڵام من چیم پێدەکرێت؟ ئایا ئەم چارەنووسە تاڵە چۆن مامەڵەی لەگەڵدا بکەم؟

هەفتەی دواتر چووم بۆ بەغدا، چوومە کۆشکی کۆماری و چاوەڕێی دیداری سەدام بووم، چارەکێکی بۆ دانام بۆ ئەوەی بیبینم، بەڵام توانیم نزیك کاتژمێر 3ی عەسر بیبینم. وتی ها کاکە ئیسماعیل خۆت دەزانی

خائینـان دوای ئـەوەی پشـتیان لـە ئێمـە کـرد و دوژمنـەکانمانیان هەڵبـژارد، ناچاریان کردین عەمەلیەی ئەنفالیان بەرانبەر ئەنجام بدەین.

وتم گەورەم، تۆ پیاوێکی دونیا دیدەی، دەسەڵاتی عەبدلکەریم قاسم و هەردوو کوڕەکەی عارف و ئەحمەد حەسەن بەکرت دیوە، هەموویان بە هەموو هێزیانەوە دایان لە هێزەکانی پێشمەرگە و لەناونەچوون، هۆکارەکەشی بەهێزی ئەوان، یان لاوازی بەغدا و جەنابتان نییە، بەڵکو ئەمە پەیوەندی بە دەستێوەردانی وڵاتانەوە هەیە، دواتر هەمووکات بەغدا نەهاتووە مامەڵە لە گەڵ خەڵکدا بکات و جیایان بکاتەوە لە چەکدارەکان. بۆیە خەڵکەکە پشتوپەنای پێشمەرگەن و بە فریادڕەسیان دەزانن، ئێوە فەرمانبدەن بە پاراستنی خەڵکەکە تا ئەوانیش ئێوە بە دوژمن تەماشا نەکەن و نەبنە هاوکاری پێشمەرگە.

سەدام وتی: هیچ هێزێک نییە پەشیمانم بکاتەوە لە کوشتوبڕ و سەرپانکردنەوەی ئەو خۆفرۆش و بێدینانە. گەورە و بچووک و چەکدار و بێڵ بەدەست و مامۆستا و شوان و گاوانیان، تەنانەت ژن و پیاو و منداڵ و گەنج و پیریان هەمان ئەو پێشمەرگانەن کە شەوان لێرەولەوێ دەیاندا لە ڕەبییەکانمان، تۆش ئەگەر دڵت بۆیان ژان ئەکات بڕۆ ئۆمەربل و لەوێوە خۆت بکەرەوە بەناویاندا.

نانا سەرۆک مەبەستم ئەوە نییە، من بەردەستیان بکەوم کەوڵم دەکەن، چونکە پێشمەرگەیەکم بە دەستی خۆم سەربڕیووە، بەڵام پێم خۆشە کارێک بکەیت هێزەکانمان بە کەمترین زیانی ماددی و گیانی لەم شەڕە بێنە دەرەوە.

سەدام وتی: من هەشت ساڵ شەڕی ئێرانم کرد، ڕۆژی وا هەبوو لە یەك هێرشدا بۆ سەر پاسداران هەزار تێکۆشەرم دەکوژرا، گوێ بە ئەوە نادەم چەند شەهید و بریندار دەدەم، تەنیا دەمەوێت وەك هێزێکی کەمەرشکێن دەرکەوم. تۆ گەر دەتوانی هەوڵبدە زۆرترین پێشمەرگە و چەکدارم بۆ بێنەوە با لە بەلاش خۆیان بەکوشت نەدەن، بۆ ئەوەش گەر پێت دەکرێت برۆ لایان، یان هەواڵیان بۆ بنێرەوە خۆیان بدەن بەدەستەوە، من لە ساڵی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانیش پێیانم وتووە دادەنیشن باشە، دانانیشن ئاسەوارتان دەسڕمەوە.

بەو گەنجە خێر لەخۆ نەدیووانە بڵێ بۆ جەلال و مەسعود خۆیان بەکوشت دەدە؟! بۆ وا دەزانن بەیانی ئێمە نەمێنین و ئەوان دەسەڵات بگرنە دەست ژیانتان لەوەی ئێمە بۆیانمان دابینکردووە خۆشتر دەبێت؟! برۆ پێیان بڵێ کە تەنگانە هات و ژیانیان کەوتە مەترسییەوە ئەو کات بۆیان ڕوون دەبێتەوە سەرکردایەتییەکەیان چۆن بە جێیان دەهێڵن! نەگبەتن، گەر نەگبەت نەبن بۆ ناپرسن بە درێژایی شۆڕشەکان بڵێ بزانن یەك سەرکردەیان لە جەنگێکدا کوژراوە؟! گەر دڵسۆزن بۆ خاك و نیشتیمانەکەیان بۆ منداڵی یەکێکیان خوێن لە پەنجەیەکی نەهاتووە؟! گەمژە مەبن و خۆتان بۆ کەسانێك بەکوشت مەدەن مناڵەکانیان لە دەرەوە دەخوێنن و لێرەش مناڵی لادێ نشینان هاندەدەن بۆ گیانی دەسەڵات.

لە کۆبوونەوەکە دەرچووم گیانم دەلەرزی، سەدام بە جۆرێك تووڕە و دەهری بووبوو گومانم کرد کە هەر بەڕاستی خاك و نیشتیمانێك

ناهێڵێتـەوە بـەناوی کوردسـتان، بـە تـرس و دوو دڵـی و دڵشکاوی گەڕامـەوە گەرمیان.

پەلاماری ئەنفال قۆناغ بە قۆنـاغ، بـە پێـی پلانـی پێشوەختە نەخشە بۆکێشراو دەستی پێکرد، سوپا بە ئاسانی دەوروبەری شارەکانی خاپوور کرد، لـە پـەلاماردانی ناوچـە سـەختەکاندا شـەڕی سـەخت و خوێنـاوی ڕوویانـدا. سوپای بەعس لە چەند شوێنێك بە سەختی شکان و کـوژراوێکی زۆریـان لـە بـەرەکانی جەنگـدا بـەجێما، ڕادیۆکـەی شـۆڕش بـە جۆرێـك هـاواری دەکـرد، خەڵکی گوندەکان باوەڕ و متمانەیان بـە هێـزی پێشمەرگە زیـاتر بـوو. دوای شەڕ و کوشتارێکی زۆر لە سوپای ئەنفالچی، دەستی هێزەکانی بەعس واڵاکرا بە بەکارهێنانی قورسترین و کاریگەرترین چەکەکان، لـە نێویشیاندا چـەکی کۆکوژی کیمیاوی. دەستیان بە جۆرێك واڵا کرا کە بە هیچ شێوەیەك دەست نەپارێزن. تەماح خرایە بەر جاشەکان (سەریان بۆ شۆڕش و ماڵیان بۆ ئێوە) تـەماحی شـڕە خـواردن جاشـی کـرد بـە سـەگی هـار، سـڵیان لـە گوللـە نـەدەکردەوە، مـاڵێکی زۆریـان کـۆکردەوە. قۆنـاغی یەکـەمی ئـەنفال لـە 1988/3/19 کۆتای هات.

لە 1988/3/22 ئەنفالی دوو لە قەرەداغ و سـەنگاو دەسـتی پـێ کـرد، شـەوێك بـیرم کـردەوە بـڕۆم فەرمانـدەی هێزەکـانی پێشـمەرگە لـە گـەرمیان ببینمەوە و کورتەی دیدارەکەمی لەگەڵ سەدامدا بۆ باسبکەم، بۆ ئەوەی هەر هیچ نەبێت گەر خۆشیان نادەن بەدەستەوە، با خەڵکەکە نەبنە سووتەمەنی ئـەم ماڵوێرانییـەی نێـوان پێشـمەرگە و سـوپا و دەرچـەیەك بدۆزینـەوە بـۆ دەربازکردنیان.

لەوەش دەترسام بڕۆم و پێشمەرگە لە تۆڵەی تاوانەکەمدا بمکوژن، لە دوو دڵیدا بووم، بڕیارمدا هەرچۆنێك بووە بگەمە لایان، بۆ ئەمەش بە یارمەتی مەجیدی سایەق نامەیەکم نارد بۆ فەرماندەی مەفرەزەکەم و تیایدا ئاماژەم بە کۆبوونەوەیەك کرد کە لە ڕێکەوتی 3/25 لە ئەشکەوتی بەکرێگیراوان سازبکرێت، بۆ باسکردنی هەندێك خاڵی گرنگ. دوای دوو ڕۆژ مەجید هاتەوە وتی هەموو هێزەکانی پێشمەرگە خۆیان کۆکردووەتەوە بۆ شەڕی مان و نەمان و ئەوەی چووەتە سەرەوە باسیان لە ترسنۆکی بەعس و ورەی پۆڵاینی پێشمەرگە کردووە، کە چۆن بەدەم ڕاکردنەوە قیژاندوویانە لە شەڕەکانی سەرکردایەتی و قەرەداغ، بۆیە هێزێکی کەم لە گەرمیان ماونەتەوە و ئەوانیش بێسەروبەرییان پێوە دیاربووە و بە پێشمەرگەیەکدا نامەکەتم نارده سەرەوە.

ئەو ڕۆژەی دیاریم کردبوو بەڕێکەوتم، بۆ نزیك عەسر و لە کاتی دیاریکراودا گەشتمە نزیك ئەشکەوتەکە، کەسم لەگەڵ خۆم نەبردبوو، وەها خۆم بە بێنرخ دەهاتە پێش چاو ترسی ئەوەم نەبوو بمگرن و بمکوژن. بیرم لەو وتەیەی هیتلەر دەکردەوە کە خۆفرۆشان سووکترین مرۆڤەکانن، وتم هیتلەر ڕاستەکات، گەر خۆفرۆش نەبووایەم ئێستا ئەم ڕسکەم بە ژیانی خۆمەوە نەدەکرد. چاوم ڕێشکەوپێشکەی دەکرد و بنجگ و تاوێری جۆراوجۆرم لێدەبوونە پێشمەرگە و چەکدار و تارمایی ترسناك. باشە مرۆڤی خۆفرۆش و بەکرێگیراو دەبێت لە چی بترسێت؟! کە گەشتمە دامێنی ئەشکەوتەکە پاسەوانەکە دای لەمیل تفەنگەکەی و وتی کێی؟ وەك ئەوەی

لەسەری ڕێککەوتبووین وتم خۆمانین و نازناوی خۆمم وت: من پاشام. وتیان خۆیەتی وەرە پێشەوە.

ئەشکەوت جمەی دەهات لەپێشمەرگە، تەنانەت هەندێك لەو فەرماندانەم بینی کە کاتی چوونەوەم بۆ شار هەڕەشەی کوشتنیان لێکردبووم لە لای خەڵکی. ئەوەی سەیربوو فەرماندە ئازاکانم بە چاو نەدی، ترسنۆکەکان هاتبوون. زۆربەیان ئەو شەل و کوێرانەبوون کە کاتی خۆی هەر باربوون بەسەر شۆڕشەوە و بۆ قسەی قۆڕ و خۆ هەڵنان چارەیان نەبوو، بەڵام بۆ نەبەردییەك برۆشتینایە هەزار بیانوویان دەدۆزییەوە بۆ خۆ دۆزینەوە و نەهاتن.

پرسیاری حەمە کەرکوکیم کرد وتیان بەداخەوە لە کاتی شەڕی سەرکردایەتی، لە پەلامار و هێرشدا بۆ سەر ڕەبییەیەکی جاشەکان شەهید بوو، لەگەڵ ئەو هەواڵەدا تەزێك بە لەشمدا هات، چونکە لەو کاتەدا منیش جاش بووم، عەبە سیاسی وتی هەڤاڵ ئێمە دەمانەوێت سوود لە تۆ ببینین و بە هەر نرخێك بووە پێناسمان بۆ دەربکە و لەم لافاوە ترسناکەی سەرەتاکانی دەرکەوتوون دەربازمانکە.

هەڤاڵان، لەم ماوەیەدا لە لای سەدام بووم، کورت و پوخت ئەوەی دووپاتکردەوە کە هیچ بژاردەیەك لە بەردەستدا نییە، جگە لەوەی یان بێنەوە و خۆیان بەدەستەوە بدەن یان هەموویان دەسووتێنم، بە خاك و نیشتیمانەکەشتانەوە.

ساله زاخۆیی وتی ڕاست دەکات ئێمە بەم کلاشینکۆف و دەمانچانەوە ناتوانین ڕووبەڕووی سوپایەکی وا بەهێز ببینەوە و باشترە ڕێگە بدەین

خەڵك بڕۆنەوە شارەکان و لە دەرفەتێکی تردا گەر کرا بریسکەی شۆڕش هەڵگیرسێنینەوە.

جاسم زیرەك کە بە هۆی دەنگخۆشییەکەیەوە نازناوی زیرەکی لێنرابوو وتی: لە کاتێکدا سەرکردایەتی خەریکی خۆ دەربازکردنن و ژن و ماڵ و مناڵیان لە دەرەوەیە چی لۆژیکێکی تێدایە ئێمە ئەم شەڕە نا بەرانبەرە بکەین؟!

یەکێك کە دەموچاوی هەڵپێکابوو نەمدەناسییەوە، وتی: ئەم بەعسییە هاتووەتەوە بۆ ئەوەی یان بمانفرۆشێت یان ورەمان بڕوخێنێت و خۆمان بەدەستەوە بدەین، بۆیە بهێڵن لە تۆڵەی سەر بڕینی هاوڕێکەماندا، سەری ببڕم و بینێرینەوە بۆ سەرۆکە حیزەکەی.

ویستم قسە بکەم و ترسام هەموو شتێك ئاڵۆزبکەمەوە، وتم من لەخۆم بترسایەم نەدەهاتم بۆلاتان، من بەبڕیاری سەرەوە چوومەتەوە بۆ ناو شار، وەك دەبینن ئێستا دەتوانم خزمەتتان بکەم، گەرچی بەعس سقەی لەسەر نییە، بەڵام کارئاسانی دەربازبوونتان دەکەم.

سۆرەی سلێمانی کامێراکەی دەرکرد و وتی کۆببنەوە با وێنەیەك بۆ یادگاری بگرین و ڕەنگە لەم شاڵاوەدا کەسمان دەرنەچین.

پاسەوانەکە دەستیکردە تەقەکردن و هەمووان سەنگەریان گرت، لەو کاتەدا هەستمکرد ئەمە تەڵەیەکە و بۆ من نراوەتەوە، تا کەس بە بکوژم نەناسرێتەوە و هەمووان پێکەوە دەسترێژم لێبکەن. کاتێکم زانی پاسەوانەکە بەڕاکردن هاتە خوارەوە و وتی تەوفکراین، مەفرەزەیەکی جاش هاتن و لەو هەموو فەرماندەی پێشمەرگە پێنجیان نەبێت، ئەوانیتر هەموو لە ڕێگەی

جۆراوجۆرەوە پەیوەندییان کردبوو بە بەعسەوە و بە ڕۆژانە زانیارییان دەگەیاندە شار و دەزگای هەواڵگری بەعس. بۆیە زانیبوویان کە کۆبوونەوە دەکرێت و ویستبوویان لەکاتێکدا گەر زۆرینە بڕیاری تەسلیمبوونەوەیاندا ئەوە باشە و گەر زۆرینە دژی خۆبەدەستەوەدان بوون ئەوا کورد بە کورد (جاش و پێشمەرگە) شەڕ بکەین و هەمووومان تیابچین و بکوژرێین، گرنگ ئەوەیە بکوژرێین و ناو و ناونیشانەکەمان پێشمەرگەیە یان جاش، خۆفرۆش یان نیشتیمانپەروەر، لای بەعس کێشە نییە.

ئەو پێشمەرگە گەنجەی ویستی بمکوژێت، خۆی و چوار پێشمەرگەی تر نەبێت هەمووان ئاگاداری بارودۆخەکە بوون. ئەوان میلی تفەنگەکانیان هێنایەوە و سەنگەریان گرت وتیان یەك جاش تەقە بکات هەموویان دەکوژین.

عەبە سیاسی زۆرزان بوو بۆ ئەوەی هەموو گومانەکان لە من بڕەوێنێتەوە و جارێکیتر بەکارم بێنێتەوە و وەها پیشان بدات کە من نوێنەری بەعس و سەدامم، منیان وەك بارمتەیەك گرت و ئاماژەیاندا دەبێت چەکەکان دانێن، ئەگینا دەمکوژن. منیش هەم دەترسام بە ڕاستیان بێت و نیازی ئەوەیان هەبێت هەڵەکەی پێشوو ڕاست بکەنەوە و بمکوژن، هەم بڕوام دەکرد ئەمە بۆ ئەوە بێت لای هەمووان وەها پیشاندات، کە من بە ڕاستی بەعسیم و نوێنەری تایبەتی سەدامم.

هەستێکی ناخۆشە مرۆڤ بکەوێتە نێوان دوو گرووپی چەکدارەوە هەردووکیان لوولەی تفەنگەکانیان کردبێت لەیەکتر و هەڕەشە لە یەکتری بکەن، چونکە هەر لەگەڵ یەکەم فیشەکدا و دەپێکرێت.

ئیتر ورده ورده به بێ دروست بوونی شەڕ لەو شوێنەدا، بەوریایی زۆرەوە و گەشتینە دامێنی ئەشکەوتەکە، گەر هەموو پێشمەرگەکان وەك ئەو پێنج پێشمەرگە نیازی بەرگرییان هەبووایە یەك جاش بە زیندووی دەرنەدەچوو، بەڵام لەبەرئەوەی هەندێکیان لەڕێگای خزم و ناسیاو و خێزانەکانیانەوە فشاریان لەسەر بوو، پەیوەندییان کردبوو بە مستەشارەکانەوە، تەنانەت زانیارییان ئاڵوگۆڕ دەکرد، بۆیە ئەوان خۆیان بەدەستەوەدا و بەپێی پلانی خۆیان وەها ڕێککەوتبوون کە لەکاتی هێرشی جاشەکاندا ئەمان بەرگری نەکەن. بەڵام هێشتا باشبوون تەقەیان لە ئێمەش نەکرد، واتا خۆیان بەدەستەوەدا و لەو کەسانە نەبوون دەست و دیارییان بۆ بەعس، خوێنی برا پێشمەرگەکانیان بێت.

لەو چرکەساتەدا کە نەمدەزانی دەژیم یان دەمرم بیرم بۆ لای شەوی هەڵهاتنەکەی خۆم دەچوو، وتم خۆ دەکرا منیش بڕۆمەوە و ببم بە بەعسی بەبێ ئەوەی سەری هاوڕێیەکم ببڕم و بیکەمە تورەکەیەکەوە بۆ بەعس. ئەوەتا هاوڕێکانم دەچنەوە بۆ شار و چەك دادەنێن و نەبوونە بکوژ، پاشان دڵی خۆمم دەدایەوە و دەمگوت بەزۆر پێمیان کرد و دەسەڵاتم نەبوو.

بیرمکردەوە کێ ناڵێت ئەمەش پلانێك بێت بۆ ئەوەی بتوانن درێژە بە خەباتی پارتیزانی بدەن، چونکە خەباتی پارتیزانی پێویستی بە پێشمەرگەی کەمە بۆ ئەوەی خواردن و خواردنەوە بەشبکات و بتوانن خۆیانیش حەشار بدەن. ئەم ڕووداوانە بەخێرایی بە خەیاڵمدا دەهاتن و دەچوون، کە دوورکەوتینەوە لە ئەشکەوتەکە گوێمان لە دەنگ و گفتوگۆ و قاقای پێکەنین و هاواریان بوو، کە ئێمە دوو شیو دوورتر کەوتینەوە

جاشەکان یەك سەلە گڕداریان کرد بە سەرماندا و ڕۆشتن. کە ئەوەش لە هەموو شەڕەکاندا هێمای سەرکەوتن بوو بەسەر دوژمندا.

لە مەترسی پەلاماردان دوورکەوتینەوە و دیسانەوە کەوتینە قسە، تا ئەو کاتە خەریکبوو دڵم دەتەقی، بەڵام نەمدەوێرا هیچ بڵێم، چونکە دەترسام بە فیشەکێك ساردم بکەنەوە، جا بۆنا؟! ئەی ئەوە نەبوو ساڵی 1985 لە سەرجادەی قادرکەرەم فەرمانبەرێکی خەڵکی دووزخورماتوومان گرت و ویستمان لە بەرانبەر هەزار دیناردا ئازادی بکەین و مناقەشەی لەگەڵمان کرد، وتی من قسە لەگەڵ ئێوە ناکەم و بمبەنە سەرکردایەتی و دادگاکەی شۆڕشتان بزانم بە چی حەقێك منی فەرمانبەری دەوڵەت بە بەعسی هەژماردەکەن و داوای پارە لەخێزانەکەم دەکە؟! کەچی کردمان بە قوربانی فیشەکێك، یان جارێك قوتابییەکی پیشەسازی کفریمان لە گوندەکەی خۆیان گرت و هەر خۆمان نووسراومان کرد و بە درۆ نووسیمان ئەوەمان لە ڕێکخستنەکانی ناو شارەوە بۆ هاتووە و ئەم قوتابییە پیاوی بەعسە و زانیاری لەسەر پێشمەرگەداوە و باروتمان کردە دەمییەوە و ئاگرمان تێبەردا.

گەنجە پووزەوانە لە پێکە وتی با ئاگری بدەم و بیکەمە مەشخەڵی نەورۆز، بە بۆنەی ئەم "پاشا"یەوە ئەم چەند ئێوارەیە نەمانتوانی ئاگری نەورۆز بکەینەوە و کۆمەڵێك لە برادەرانمان خۆیاندا بەدەستەوە، سیاسی وتی نا، کوشتنی ئاسانە، ئێمە دەبێت لەگەڵ ئەو دیلانەدا بیگۆڕینەوە کە لە شەڕەکانی سەرکردایەتیدا بەدیلگیراون.

وتم هەر بەڕاست؟ بۆ ئێوە وادەزانن عەلی کیمیاویتان گرتووە؟ ئەی سەدام منی بۆچییە تا بتانەوێ لەگەڵ فەرماندەکانی پێشمەرگەدا بمگۆڕنەوە؟! وتی نا، تۆ بۆ بەعس گرنگی، ئەی مەگەر پێناسی تایبەتی سەدامت پێ نییە، کەس ناتوانێت دەست بهێنێتە ڕێت؟ وتم بەڵێ. وتی تۆ بەنرخیت و ئێستا پارەی باش دەکەیت، لەبەر خۆت نا، بەڵکو ئەو پێناسە دەبێتە هۆکاری ئەوەی سەرۆکەکەت بە لاواز دەربکەوێت و لە میدیا جیهانییەکان باسبکرێت، بۆیە بە هەر نرخێك بووە تۆی ئەوێتەوە.

تکایە بمگەیەننە فەرماندەی باڵا، ئێوە دڵتان گەرمە و لە هەڕەشە و مەترسییەکانی ئەم هێرشەی ئەمجارە تێناگەن، تکایە خۆتان و کەسوکارتان مەکەنە سووتەمەنی. گەنجە دەم هەڵپێکراوەکە وتی بە گۆڕی شەهیدان یەك قسەی تر بکەیت ئەتتۆپێنم.

بێدەنگ بووم و زانیم هێشتا لەبارەی منەوە زۆر شت نازانێت و دوور نییە چیرۆکی خەیاڵییان بە ناوی منەوە بۆی نەهۆنیبێتەوە.

ئەو شەوە لە نێوان گوندی بنەکە و چاوشینماینەوە، من بە کەلەپچەکراوی و ئەوان بە پاسەوانییەکی زۆرەوە، بۆئەوەی هەڵنەیەم و لە دەستیان ڕانەکەم و بەکارمبهێننەوە.

گەرچی من بۆم هەبوو بخەوم، بەڵام خەوم نەدەهات، بیرم لەوە کردەوە ئەو مرۆڤانەی سیاسەت دەکەن دەبێت دڵڕەق و توندوتیژبن، ئەگینا سیاسەت بۆ ئەو مرۆڤانەی نەرمن و بیر لە مرۆڤایەتی دەکەنەوە سەختە. یان دەبێت درۆ لەگەڵ خۆیاندا بکەن، یان دەبێت هەمیشە ئازار بچێژن.

بەیانی زوو دەنگی زەنگڵەی ڕانەکانی گوندەکانی بنەکە و عەلیان لای ڕۆژهەڵاتمانەوە و ڕانەکانی لەك لای ڕۆژئاوامانەوە، تێکەڵ بوون لەگەڵ گرم و هوڕی فڕۆکە و دەنگی دەبابە و هاژەی ئاوەسپی. عەبە کە لەم دوایەدا جگە لە من هەر هەموو پێیان دەوت گەورەم، سەیرێکی کاتژمێری کرد و جیهازەکەی هەڵگرتوو کردیە بەرزییەکدا و برێ ئەلوو ئەلووی کرد. وتی لە ئاوەسپی دووەوە بۆ قەرەداغ. دەنگی وەڵام هاتەوە و وتی قەرەداغتان لەگەڵە فەرموون، وتی نوێنەرێکی تایبەتی سەداممان گرتووە بۆ دانووستان هاتبوو لەگەڵمان دابنیشێت، بینێرین بۆلاتان، یان فەرمانێکی ترتان هەیە، وتیان سەعات دوانزە وەڵام دەدرێنەوە و بە باشی ئاگاداریبن لە دەستتان هەڵنەیەت.

بە قسەکردنی یەکێك لە پێشمەرگەکان زانیم خانەقینییە کە هەم جەربەزەییەکەی گەرمیانیانە بوو، هەم مرۆڤ دۆستییەکەی، گەرچی من لایان دیل بووم و وەك تاوانبارێك تەماشا دەکرام، کەچی لەکاتی نان و چایی خواردندا فەرمووی لێدەکردم و لەبیری نەدەکردم، جارجار بۆ دڵدانەوەی من باسی ئەوەی دەکرد کە لەم دواییانەدا چەندینجار لە شەڕەکاندا دیلیان گرتووە و ئازادیان کردووە و نەترسم منیش ئازاد دەکرێم، وتم من پێشمەرگە بووم و بە فەرمانی شۆڕش نێردرام بۆ شار و بە ئارەزووی خۆم نەبووم بە بەعسی، وتی هەمووان چیرۆکەکەت دەزانین، بەڵام ئەوەی تۆ سەری هاوڕێیەکت بڕیت و بیبەیت بۆ بەعس لە پێناو لێخۆشبوون، تاوانە. وتم ئێ ئەوەشیان بە زۆر پێکردم. بڕوای نەکرد و وتی شۆڕش چۆن شتی وەها دەکات؟!

بڕیارمدا لەوە زیاتر نەڕۆم لە گفتوگۆکردن لەگەڵیدا، چونکە زانیم ئەوانەی گەنج و سەرەتا دێنە ناو شۆڕشەوە زۆر بە پاکوخاوێنی و دڵسۆزییەوە ئەڕوانن و وەك خاوەن ئەزموون و بەتەمەنەکان شارەزای ئەو مێژووە نین کە پڕە لە مل شکاندنی یەکتری و کوشتوبڕ و خیانەتی گەورە و نۆکەرایەتی وڵاتان.

شتێکیشم بۆ ڕوونبووەوە کە ئەو ڕۆشتنەوە و هەڵهاتنەی من لای خەڵکی وەها لێکدراوەتەوە کە گوایە من یاخیبوومە و کوشتن لە پلانەکەدا نەبووە، زانیم چاڵێکی گەورەیان بۆ هەڵکەندووم کە بە هیچ جۆرێك ناتوانم دەربازم بێت.

دوای نانی بەیانی لە "چەمی پەڵك" پەڕینەوە ئەوبەر و بە بەرانبەر گوندی "باوەکر"دا بەرەو "خان" کەوتینەڕێ، دوای پشوویەکی کورت دیسانەوە کەوتینەڕێ و لەبەرزاییەك دیسانەوە چوونە خەت و جیهاز هات کە دیلەکە بهێنن بۆ سەرەوە، کەوتینەوە ڕێ ئێوارەیەکی درەنگ نزیك شاخ زەردە بووینەوە و ئاڕاستەمان گۆڕی چووینە گوندی "پەنا" و دەستەی سەرکردایەتی نوێ لەوێبوون، من لە خەیاڵی خۆمدا وامدەزانی دەچینە قەرەداغ، تا دواتر بۆم دەرکەوت لە شاڵاوەکانی ئەنفالدا زۆرێك لە بنکە و بارەگاکان گیراون و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی شۆڕش بە تەواوی بەرتەسك بووەتەوە.

دیسانەوە بیرم چووەوە بۆ لای ئەو وشە و قسانەی دوو هێزی دژبەیەك بەکاری دێنن، باشە چۆن دەبێت ئەوەی کوردستان ناوی شۆڕش بێت و ئەوەی بەعسیش ناوی شۆڕش بێت، دڵنیام لە یەك وڵاتدا نابێت دوو شۆڕش

ڕوویدات. ئەگەر وا بێت ئەوا یەکێکیان زیادەیە. جا کێ دەوێرێ بە لایەکیان بڵێت ئەوەی تۆ شۆڕش نییە و ئەویتریان شۆڕشە. خۆ ناکرێت بڵێین هەردووکیانیش شۆڕشن، بۆیە بۆ ماستاو کردن باشترە مرۆڤ لە هەر لایەکیان بوو، بڵێت ئەوەی ئێوە شۆڕشە و ئەویتریان یاخیبوونە.

دوو ڕۆژ لەوێ دانرام لە زیندانێکدا بەبێ ئەوەی هیچم لێبپرسن، ئاگاداربووم و گوێم لێدەبوو بەردەوام خەڵك دەهات و خەڵك دەچوو، بە هەموو زمانەکانی فارسی و تورکی و عەرەبی و ئینگلیزی گوێم لە گفتوگۆ دەبوو، تا دوا نیوەڕوانێك بە پاسەوانەکەم وت تکایە برۆ بزانە کێ بەرپرسی ئەم ناوچەیە ئیشێکی گرنگم پێیەتی و پەیامێکی تایبەتم پێیەتی و دەمەوێ قسەی لەگەڵ بکەم، دواتر بمیشکوژن قەینا. بۆ عەسر تەماشام کرد هاتن و منیان بردە خانوویەکی تر و بە دوو سێ ژووری لەناویەکدا ڕۆشتم و وتیان دانیشە. نوێنەرانی تازەی سەرکردایەتی وتیان بۆمان باسبکە بۆچی هاتووی و ئەو پەیامە گرنگە چییە ئەتەوێ پێمان بگەیەنیت؟

وتم: دوو قۆناغی ئەنفال وانەیەك بوو پەندی لێ وەرگرن، بەعس بڕیاریداوە کوردستان لەناو بدات لە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە و سەنگەر لێگرتنی. شێخ حەسەن قسەکەی پێ بڕیم و وتی: یانی ئەتەوێت چی بڵێت؟

وتم: هەوڵدەن لەگەڵ پایتەخت بگەنە ڕێکەوتن و خەڵکی هەژار و داماو مەکەنە سووتەمەنی شەڕ و بهێڵن بڕۆنەوە شارەکان، پێشمەرگەش شەڕ بکات ئاساییە، نا ئاسایی ئەوەیە لە نێوان دوو هێزی شەڕکەردا ژن و منداڵ هەبێت. بە درێژایی مێژووی دەوڵەتی عێراق خەڵك هەر ماڵ کاول و ڕەنجەڕۆ بووە.

شێخ وتی: واتا ئەتەویٚ وەك شۆڕشی ئەیلول ئاشبەتاڵی لێبکەین و چەکەکەمان فڕێدەین و بڕۆینەوە بۆ ئێران و لە وڵاتان گاڵتەمان پێبکەن و بڵێن ئەمانە ناتوانن مافی خۆیان بەدەست بهێنن؟!

وتم من مافی ئەوەم نییە بڵێم شۆڕش بتوێننەوە، بەڵام هاتووم ئەو پەیامەتان پێبدەم کە دەست لەکەس ناپارێزرێت و ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا نەگەڕاوەتەوە بۆ شارەکان حسابی پێشمەرگەی بۆ دەکرێت و لە نێو دەبرێت، هەر بۆیەش شاڵاوەکە ناونراوە "ئەنفال".

بە تورەبوونەوە وتی: ئێمە لە پەنای ئەم گوندانە و خەڵکەکەیەوە دەتوانین شۆڕش بکەین و ڕووبەڕووی بەعس ببینەوە، بۆیە ڕێگە بدەین خەڵك بڕواتەوە، یان خۆمان ئامۆژگارییان بکەین بۆ جێهێشتنی گوندەکان، واتا بەدەستی خۆمان سەری خۆمان دەبڕین. تۆ لە هەڕەشە و فشە کردنەکانی سەدام مەترسە، لە هەنگاوی یەکەمی ئەنفالدا گەرچی زیانەکانمان زۆر بوون، بەڵام زیانی گیانی و ماددی زۆرمان بە بەعسی و خۆفرۆشان گەیاندووە. لە دوو سیٚ ڕۆژی ڕابردوودا ئێران و تورکیاش وەفدیان ناردووە بۆلامان و بەڵێنی هاوکارییان پێداوین و بەدڵنیاییەوە چەکیشمان دەدەنیٚ، تەنیا مەرجیان ئەوەیە ئێمە پاشەکشە نەکەین و بجەنگین. بینیشتان بەعس و بەکرێگیراوانی چۆن تووشی شۆك بوون کە جەربەزەیی پێشمەرگەیان بۆ دەرکەوت. تەنانەت پەنایان بۆ گازی کیمیاوی و خەردەل بردووە و هەڵەبجەیان شەهید کردووە.

وتم: منیش ڕێك مەبەستمە بڵێم بەعس هیچی نییە بیدۆڕێنێت، گەر ژیرانە مامەڵەی لەگەڵ نەکەن کوردستان هەمووی شەهید دەکات، نەك

تەنیا هەڵەبجە. من ئاگادارم ئێران و تورکیاش هێندەی بەعس ڕقیان لە کورد و کوردستانە، ئەوان گەر ڕاست دەکەن و درۆ ناکەن با مافی کوردەکانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بدەن و دواتر هاوکاری ئێوە بکەن، بڕواتان بێت ئەو بەڵێن پێدانە بۆ لەناوبردنتانە و بەخۆتان نازانن، دڵنیابن یەکێك لە هۆکارەکانی وەستانی شەڕ و ئاگربەستی (عێراق-ئێران) کە کاری بۆ دەکرێت بۆ لە نێو بردنی کوردستانە.

بە توڕەبوونەوە پێیان گوتم واتا تۆ لە ئێمە باشتری لێدەزانی، دەتەوێ ئەوەمان بۆ ڕوونبکەیتەوە کە تۆ دڵسۆزی کورد و کوردستان و خەڵکەکەیت و ئێمەش ژیانی خەڵکمان بەلاوە گرنگ نییە؟! نا تۆ بەعسیت و بەعسی بوونیش بەو ماوەیە نییە کە کەسێك دەبێتە بەعسی، بەڵکو پەیوەستە بەو بیروبۆچوونەی بەعس کە دەچێتە ناخی کەسەکەوە.

دوای دڵنیابوونەوەم لەوەی کە بە قسەم ناکەن، بڕیارمدا منیش دیسانەوە چەك هەڵگرم و بجەنگم، وتیان نا تۆ بڕۆرەوە بۆ شار و مەبە هەوێنی دڵساردکردنەوەی ئەو سەدان پێشمەرگەیەی بەم شاخەوەن و بڕیاریانداوە تا کۆتایی ژیانیان بجەنگن و نەهێڵن بەعس یەك بست بێتە پێشەوە، دڵنیاتیش دەکەمەوە ناهێڵین پێ گڵاوەکانی بەعس خاکمان پیس بکەن.

وتم من هیچم لە ئێوە کەمتر نییە و لە ترسا هەڵنەهاتووم و بە ئارەزووی خۆم نەچووم ببمە بەعسی، ئێوە بە پلانێك منتان بۆ ئەو ئەرکە ڕاسپارد، ئێستا کە بڕیارە تا دوا دڵۆپەی خوێن منالی خەڵك بە کوشت بدەین، منیش ئامادەیی ئەو قوربانیدانەم، گەرچی بەڕاستی بوو، بەڵام

سەخت بوو دوای ژیانی شار و جاشێتی و مووچەی باش و ماڵ و سامانی زۆر بتوانم وەك كوڕە گەرمیانییەكەی جاران بەرگەی ئەو سەختی و نەهامەتی و ژیانە قورسەی پێشمەرگایەتی بگرم. لەلایەك حەزم دەكرد بگەڕێمەوە و هەمووانیش لەگەڵم بێن و بۆ دەرفەتێكی تر ئەم شۆڕشە دوا بخەین، لەلایەكی تریش نەمدەویست ئەو قسە و قسەلۆكانەی لە دوای گەڕانەوەم بۆ شار هەڵبەسترابوون ببنە ڕاستی و وەك خۆفرۆشێك بمرم، بەڵكو دەمویست وەك قارەمانێك شەهیدبم.

هەر لەخۆمەوە پێم ناخۆش بوو وەك سەر شۆڕێك لە لای بەعس دەركەوم و دەمەویست بەعس بۆ ڕەوینەوەی گومانەكان داوام بكات و بە بڕە پارەیەكی زۆر بێت یان دیل بە دیل، بمگۆڕێتەوە و داوام بكات، نەك خۆم بە سەرشۆڕی و كزییەوە بگەڕێمەوە بۆ شار. بۆ ڕۆژی دواتر بانگرامەوە لای شێخ و وتی: داود ئاغا لە بەغداوە هاتووە و داوای ئازاد كردنی تۆمان لێدەكات، ئێمەش وتوومانە ئازادی دەكەین لە بەرانبەر ڕێكخستنەكانمان لە كفری و ئەو كەسانەی لە دەربەندیخان بە تۆمەتی تەقاندنەوەی بەنداوەكەوە دەستگیر كراون. ئەوەشمان ڕاگەیاندووە كە تۆ بەعسییەكی گەورە و تاوانباری و پێشتر سەری پێشمەرگەت بڕیووە و وەك دیاری بردوتە بۆ بەعس.

بە فەرمانی سەدام هەموو ئەوانەی داواكرابوون ئازادكران و دیسانەوە ناچار كرام وەك بەعسییەك و خۆفرۆشێك بگەڕێمەوە شار، ڕەنگە ئازاد كردنی ئەو پۆلە ئەندامەی ڕێكخستنە نهێنییەكان و ئەوانەی بە تۆمەتی

جیاجیا گیرابوون، قەرەبووی ئەو تاوانەی کردبێتەوە کە پێیان کردم و لە دەسەڵاتی خۆمدا نەبوو.

گەڕانەوەم ئاسایی نەبوو، خۆبەدەستەوەدانی پەیتا پەیتا لە خەڵك و پێشمەرگە و ئەوانەی بەهۆی تاوانێکەوە لە شار هەڵاتبوون و لەو گوندانەی دوورن لە شارەکانەوە دەمانەوە، یان هەندێکیان کە هەرجارەی وەك پێشمەرگەی لایەنێك حسابیان بۆ خۆیان دەکرد و تاڵانی و بڕۆیان دەکرد و دەهاتن دوو تەقەیان لە ڕەبایەیەك دەکرد و هەڵدەهاتن و بۆ خەڵکی ئاسایی و جوتیار و شوانکارەکان دەبوونە بەڵاو بەعس تۆڵەی لەوان دەکردەوە. زۆریان دۆسیەیان هێندە خراپ بوو قەت بەعس ئامادە نەبوو وەریان بگرێتەوە، زۆریان دەیانجار خەڵکیان کردبووە تکاکار و بەعس هێڵی سووری لەسەریان هەبوو، بەم لێخۆشبوونەی سەردەمی تاوانی ئەنفالەوە هەموویان هاتبوونەوە و بووبوونە بەعسییەکی دڕندە، دەبوو من سڵ لەو بەعسیانە بکەمەوە کە ناچاری نەیکردبوون بە بەعسی، بەڵکو ئارەزووی گرتنە دەستی دەسەڵات و دەوڵەمەندبوون و کوشتن و بڕین کردبوونی بە بەعسی، ئەوانەشیان کە بوو بوون بە پێشمەرگە، توندبوون و بەردەوام هەوڵی شەڕی لایەنەکانیان دەدا، بەجۆرێك لە جۆرەکان هەر بەعسی بوون، ئەوەش نەبێت هەرچی بووبن کورد نەبوون.

## (5)

دوای ئاڵوگۆڕی سمە بە پۆلێك کادری دڵسۆز و خوێن گەرم، قسەی سەیر سەیر دەکرا، هەندێك دەیانگوت نەدەبوو بهێڵین ئەو خۆفرۆشە ئازاد بکرێت، هەندێکیش دەیانگوت ڕوحی کادر و ئەندامە چالاکەکانمان لە ڕوحی ئەو بەکرێگیراوە پیرۆزترە و باشتان کرد ئەو سەگەتان گۆڕییەوە.

شەڕەکان لەگەڵ نزیکبوونەوەی قۆناغی سێی ئەنفال کە لە 7ی نیسان دەستی پێ کرد، سەختتر و توندتر دەبوونەوە، پەیتا پەیتا شەهید و بریندارمان بۆ دەهاتەوە، دوای نزیکەی مانگ و نیوێك لە شەڕی سەخت و بەرگری نەبەردانە، سنورەکانمان بە تەواوی لێگیرابوو، زۆربەی فەرماندە

سـەربازی و جەربـەزەکانمان شـەهیدبوون. دوای ناردنـەوە و ئـاڵوگۆڕکردنی سمە بـە کۆمـەڵێك کـادر و ئەنـدامی ڕێکخسـتنەکانی نـاو شـار، زیـاتر تـەمی نائومێدی بە فەرماندەکانەوە دەبینرا، بەڵام بەڵێنێك بوو درابوو بـە هـاوڕێ شـەهیدەکانمان، کـە دەبـوو هـەموومان لەسـەر ئـەم خاکـە شـەهید بـین و لـە مەیدانەکەدا نەکشێینەوە، ئـەگینا لـە ڕووی واقیعیـەوە هـیچ ژیرییـەك ئـەم شەڕە نابەرانبەرییەی بەڕاسـت نـەدەزانی. پەیوەندییـەکانمان لەگـەڵ لایەنـە سیاسییەکانی تر پتەو کردەوە و هێـزی هـەموو لایەنـەکان تـەبا بووینـەوە و ئەوانەی تا دوێنێ لە یەکتری قاچاخ بووین و تینووی سـەری پێشمەرگەکانی یـەکتری بـووین، ئێسـتا پێکـەوە ڕووبـەڕووی سـوپای بـەعس و جاشـەکان دەبووینەوە، بەعسیش بەیەك چاو تەماشای هـەمووومانی دەکـرد، نـەك هـەر تـەنیا پێشـمەرگەکان بەیـەك چـاو تەماشـا دەکـران و کوشـتوبڕیان حـەڵاڵ کرابوو، بەڵکو منداڵێکی سەر بێشکە و جوتیارێك و ئافرەتێکی بەتەمـەنیش هەر هەموو لای بەعس وەك یەك تاوانبار درانە قەڵەم و ڕووبەڕووی هـەمان مەترسی بوونـەوە. بـۆ ڕەوایەتیـدان بـە ڕەشـبگیری و بـە کۆمـەڵ کوشـتنی کوردان کەڵکی خراپیان لە سورەتی(ئەنفال) وەرگرت و وەك کـافر و بێبـاوەڕ وێنەی کوردیان دەگواستەوە بۆ میدیا عەرەبی و ئیسلامییەکان.

قسـەکانی سمـە ڕاسـتییەکی تێـدابوو، ئێمـە بـۆ پاراسـتنی خۆمـان و ئـاوەدانی ناوچـەکە نەماندەهێشـت خـەڵکی بڕۆنـەوە و خۆیـان بـە دەسـتەوە بدەن، دەمانزانی ئەوان بڕۆنەوە خۆراك و جێگە و ڕێگەمان زەحمەت دەبێت و مەترسی لەسەر ژیانمان دروستدەکات، سـەرکردایەتیش دوای دوو قۆنـاغی ئـەنفال، هێشـتا پێـی وابـوو دەتـوانن لـوتی سـوپاکەی بـەعس بشـکێنن و

دەرسێکی کاریگەریی بدەنێ تا کۆتایی ژیان لە بیری نەچێتەوە، بەڵام بە ڕاستی هەڵەبووین و عەیبمان لێدەهات بڵێین هەڵەین.

لە ڕێگاوبانەکان خێزانی سەرگەردانمان دەبینی دەهاتن و دەچوون و پرسیان دەکرد کام شوێن مەترسی لەسەر نییە و چیبکەین و چۆن خۆمان دەرباز بکەین؟! ئێمەش بە ڕوویەکی پڕ خەندەوە و بە خەمێکی پەنهان و شاراوەوە دەمانگوت بچنەوە ماڵەکانی خۆتان دانیشن و ئەم ڕووداوانە کاتین و بەم نزیکانە هاوکات لەگەڵ سەرکەوتنەکانی پێشمەرگەدا لە گشت بەرەکانی شەڕەوە، ڕێکخستنەکانی شارمان لە هەموو شار و شارۆچکەکان ڕادەپەڕن و ئێرانیش لە سنوورەکانی خۆیەوە دەست دەگرێت بەسەر باشوردا و دەسەڵاتی دیکتاتۆریەتی بەعس دەڕوخێت و بۆ هەمیشە ڕزگار دەبین.

کۆبوونەوەیەکی فراوانی هەموو پێشمەرگەکان کرا و کەرت و کەرت و مەفرەزە مەفرەزە بە تێکەڵی گشت لایەنەکان شوێنیان بۆ دیاریکرا و سنوورەکان کران بە چەند ناوچە و قۆڵێکی سەرەکییەوە، چەند ڕێگا و خاڵێکی لاوەکیش دیاریکرا بۆ حاڵەتی ناچاری و کشانەوە، ئەگەر هێرشی سوپا و جاشەکان لەو شوێنانەوە تێکشکان و شکستیان هێنا، لە خاڵە سەرەکییەکانەوە ویستیان بگەڕێنەوە، هێزەکان دووبارە پەلاماریان بدەنەوە. بە کورتی هەموو بەرەکانی شەڕی مان و نەمان دیاریکران، کە بەرەکان وابەستەی شاڵاوەکانی ئەنفالی بەعس بوون، لە چەند قۆڵەوە پەلامار بدات، بتوانین بەرپەرچی بدەینەوە. ڕۆژ لە دوای ڕۆژ تەشکیلاتی تازە و پلانی تۆکمە دادەنرا، پاش چەند ڕۆژێك برینداره‌کانی بەرەکانی شەڕ تیمارکران و

شەهیدەکان بەخاك سپێردران و دووبارە پێکهاتەکان دروستکرانەوە، بـەهۆی زۆری شەهید و بریـنداری فەرماندەکانـەوە. زۆرێـك لـە پشـتگیری گونـدەکان بــانگکران و چــەکدارکران بەمەبەســتی پڕکردنــەوەی ئــەو بۆشــاییەی لــە ڕیزەکـانی پێشـمەرگەدا دروسـتبوون، ڕێگـەش درا کـێ ناتوانێـت لـەم قۆناغـە سـەختەی خەباتـدا بەشـداری بکـات، دەتوانێـت چـەك دابنێـت و بگەڕێتـەوە شارەکان بـە مـەرجێك نەبێتـە بەعسـی و نەگەڕێتـەوە بـۆ شـەڕکردن لەگـەڵ پێشمەرگەدا، ئەوەش وایکرد زۆرێـك بـە پاسـاوی جیاجیـا پەیوەنـدی لەگـەڵ خزمە جاش و مستەشار و دەستڕۆشتووەکانیان ببەستن و چەك دانێن.

کـە شـاڵاوی ئـەنفال دەسـتی پێنـەکردبوو پێکهاتـەکانی هـەردوو بەشـی سەربازی و سیاسی جیابوون، لەگەڵ سەختی قۆناغەکەدا ئەوە نەماو هـەموو بوونە فەرماندەی سەربازی، شتێك نـەما بەنـاوی ئەمـە چاونەترسـە و ئازایـە و ئــەویتر قســە زانێکــی کاریگــەرە، دەبــوو هــەموو وەك مــێخ بــە زەوییــەوە داکوترێین و تا دوا فیشەك دوژمن بکوژین و دواتر سنگمان ئاوەڵا بکـەین بـۆ فیشەکی دوژمن و شەهید ببین، پـێش ئـەو قۆناغـەش لـە هـەر دوو ئـەنفالی یـەك و دوو دەیـان نموونـەی وەهامـان هـەبوو، کـە ورەی بـەرزی پێشـمەرگە هەوێنی سەرکەوتنی گەورە و گران بوون.

بـەعس سـەرکەوتنی لـە هـەردوو قۆناغەکـەی ئەنفالـدا ڕاگەیانـد، کـە ئەنفالی سێی دەست پێکرد، لەو کاتە بەدوا گـەرمیان بـووە دۆزەخـی سـوپا و لـە هـەموو قۆڵـەکانی شـاڵاوەکەوە بەرپەرچـی سـوپا و جـێش و جاشـەکان درانەوە، بەڵام دوای دوو ڕۆژ لەو خۆڕاگرییـە پێشـمەرگە بـە قوربانیـدانێکی زۆرەوە شکا و هەواڵی شەهیدبوونی دەیان فەرماندە و پێشـمەرگەی قارەمـان

لــــه شـــــەڕەکانی داوێ و هــــەڵهاتنی گوندنشـــینانی ئـــەو ناوچـــانە و خۆدەربازکردنیــان لــە مەترسـییەکانی سـوپا و ناوچـەی شـەڕ، بـووە هـۆی شـڵەژانێکی دەروونــی خــەڵك و پێشـمەرگە و هـەروا گوندنشـین بـوو مـاڵی دەپێچایەوە و سەرگەردان بەو سنوورانەدا دەسوڕانەوە، لە سنووری تازە شار و بناری گل، لە سنووری نەوجول و قادرکەرەم و سەرقەڵا و تـوکن و تیلـەکۆ کۆی هێزەکانمان شکان و بە ئاستەم گیانی خۆیان دەرباز کردبوو، لـە گونـدی قەواڵی لـەکاتی ناشـتنی تـەرمی شـەهیدێکماندا ژنێـك وتـی: شـەرمە منـداڵی فەقیر و هەژار بدەنە کوشت و خۆتان هەڵبێن، وا ژیانتان لـە ئێمـە شـێوان و لە شوێن و جێگەی خۆمان هەڵمانتان کەند، سەرگەردان بووین، بڕۆن و شەڕ بکەن و ڕامەکەن، ئێوە نـەتانوت یـان هـەمووومان شـەهید دەبـین یـان دەبێـت کوردستان ئازاد بکەین، دەستی بۆ من درێژکرد و وتـی: عەبـە سیاسـی عەبـە سیاسـی، تـۆ 20 سـاڵە پێشـمەرگەیت و قسـەی زل بـۆ خـەڵکی هـەژاری ئـەم گوندانە دەکەیت، پێم بێژە تخوا قەت فیشەك بەر شەڕواڵەکەت کەوتووە؟!.

ئێمەش برسی، ماندوو، سەرلێشێواو، کـاتی ئـەوە نـەبوو زیـاد لەسـەری بڕۆین و قسەکانیش تەواو بوو کە ڕێگرییەکانمان ئەوانی کردبوو بە تاوانبار لە لای سوپای بەعس، تەنیا ئەوەندەم وت بە شایەتی هاوڕێکانم لـە زۆربـەی نەبەردییەکان بەشداریم کردووە و شەهید نەبووم دەسـەڵاتم نییـە و قـەدەر نەیکوشتم ئەگینا دەبوو شەهید بووایەم.

ئـەو شـەوە لـە ژێـر تۆپبـاران و بـاو بـۆران و دەنگـی فڕۆکـە و قیـژە و سەدای هـاوار و دیمـەنی هـاوڕێ شـەهیدەکانمان پاشەکشـەمان کـرد بـۆ بـەری بنەکـە و عەلـەیان و هێزەکـەی سـەرقەڵا و بنـاری "گـل"یش پاشەکشـەیان

کردبـوو، ئـەو شـەوە بـە پـارێزەوە نووسـتین و پشـوویەکی کورتمانـدا و بـۆ بەیانییەکەی دیسانەوە پێکهاتە داڕێژرایـەوە بـۆ بـەرگری و قۆنـاغی دواتـری ڕووبەڕووبوونەوە، بە جۆرێك خەڵکی قەرەداغ و سەنگا و داوێ و بنـاری گڵ و بنەی جافیش لە هێزەکـە دوور نەدەکەوتنـەوە، شـێخ قسـەی بـۆ هـەمووان کـرد و وتـی: بـەڕێزان زیـانێکی زۆرمـان بـە بـەعس گەیانـدووە و خۆشمـان زیانمـان زۆر پێگەیشـتووە، بـەڵام وەك بەڵێنمانـدابوو بـەرگری لـە خـاك و خـەڵکی خۆمـان دەکـەین و نـاهێڵین ناوچـەکە بـە ئاسـانی بکەوێتـە ژێـر دەسـەڵاتی جـێش و جاشـەوە، منـیش وتم گـەورەم ئێمـە هەڵـەبووین لـەوەی بەرەیەکی زۆری شەڕمان لەگەڵ سوپادا کردەوە، دەبوو لـە یـەك دوو بـەرەوە ڕووبــەڕوویان ببینــەوە و نەمانهێڵایــە ئــەو هــەموو زیانــە گیانییــەمان بەربکەوێت، کە نیوەی هێزەکانمان لە مـاوەی ئـەم دوو ڕۆژەدا لـە دەسـتداوە، وتی فەرمانە و دەبـێ خـەڵك خـۆی دەرباز بکـات و پێشمەرگەش بجـەنگێت، هەڵهاتن بۆ ئێمە نییە و نەکراوە، هەموو دەمرین بەڵام خاکمان جێناهێڵین.

لـە ئەوکاتـەدا "تالـە"ی جیهـاز هـات و چـپانی بـە گوێچـکەی شـێخدا و ئەویش مۆڵەتی وەرگرت و ڕۆشت و دوای تەنها پێنج دەقە گەڕایەوە و وتـی:

بـەڕێزان سـەرکردایەتیمان لـە سـۆنگەی دڵسـۆزییان بـۆ خـەڵك و ئـەو فەرماندە و هەڤاڵانەوە وا لە شەڕەکاندا ڕزگاریـان بـوو، بڕیاریانـداوە کۆتـایی بـە بـەرگری بهێـنین و هـەوڵی خـۆ دەربـازکردن بـدەین، چـونکە ئێـران بـە سەرکردایەتیمانی ڕاگەیانـدووە، ئـەوان لەگـەڵ بەغـدا لێـك نزیـك بونەتـەوە هەوڵی ئاشـتەوایی دەدەن، نایانـەوێ لـەم قۆنـاغـەدا دەسـتوەربدەنە کاروبـاری عێراق، لـە نەجـەف و کەربـەلاش هـەوڵی کوشـتنی سـەدام شکسـتی هێنـاوە و

ڕاپەڕین کپ کراوەتەوە، بۆیە ئەوەی دەڕواتەوە بۆ لای بەعس دەرگا کراوەیە و ئەوەی دێت لەگەڵمان ئێمە وا دەکشێینەوە بۆ سەرەوە و نازانین چی چارنووسێك چاوەڕێمان دەبێتەوە؟

ژنێك کە دوو ڕۆژ پێشتر منداڵی ببوو، وتی بە دووگیانی ڕێگەتان نەدا بچمەوە بۆ شار دەتانوت ناگەڕێنەوە و درۆ دەکەن، ئێستا من لە هەردەی زەنگنە بە منداڵێکی ساواوە ڕوو لە کوێ بکەم؟! ئێوە بڕیارتان نەدا بجەنگن؟ ئێستا ئەو هەموو خێزان و پیر و پەککەوتە و بریندارە و گۆڕی شەهیدەکان جێدێڵن و خۆتان بۆی دەردەچن؟! دەك داوەشێن بۆخۆتان و شۆڕشتان.

پیاوێك کەپێشتر لە دیوەخانی خۆی زۆر خزمەتی کردبووین و بەڕێزەوە جێگەمانی کردبوەوە، هات و تفێکی کردە ناوچاوی شێخ و وتی: تا نەترین دانەنیشتن؟! لە سێ شۆڕشی پێشوودا من ماڵ و حاڵم سووتاوە، ئێستا بەم ئاخیری پیرییەوە بەرگەی شەق و شەلاقی بەعس دەگرم؟! ئێوە بمانکوژن لەوە باشترە بۆ ئەو گورگانە بەجێمان بهێڵن، پێشینان ڕاستیان فەرمووە دۆست گۆشتەکەشت بخوا ئێسکەکانت ناشکێنێت؟ لەو کاتەدا شێخ بە دەمانچەکەی فیشەکێکی لەسەریدا و کوشتی.

فەرماندەکان بەو ئۆتۆمبێلانەی لە شەڕەکاندا دەستیان بەسەردا گرتبوو ڕۆشتن و پێشمەرگە و خەڵکیش لەوێ جیابوونەوە و بۆ یەکەمجار لە ماوەی ئەو ساڵانەدا کەس حەقی بە کەسەوە نەما و کەس کوێخای کەس نەبوو، ئەوەی توانای هەبوو بە ژن و ماڵ و منداڵەوە ڕوویکردە قولیجان و بە ئومێدی ڕزگاربوون، ئەوەی لەناو داودە و بناری گلەوە هاتبوون، لە یەکتری بڕ بوون هەندێك بۆ ملەسوورە و هەندێك بۆ قادر کەرەم، هەندێك بۆ

سەنگاو و هەندێك بۆ تیلەکۆ، هەندێکیش پێشتر لە کەڵوەز و ئەشکەتەکاندا بۆ خۆیان ئامادەکارییان کردبوو ڕۆشتنەوە بۆ ئەو جێگایانە و دەیانوویست بارودۆخەکە ئارام بێتەوە و پاشان ڕوو بکەنە شوێنێکی گونجاو.

سوپای کوللە ئاسایی بەعس دوای دزی و بە تاڵانبردنی هەموو ماڵ و سامانی خەڵکی گوندەکان، ئینجا جێش و جاش گوند بە گوندیان هەموو دەسووتاند و بە شۆفڵ تەختی زەوییان کرد بۆ ئەوەی جارێکی تر نەبێتەوە بە حەشارگە و مۆڵگەی پێشمەرگە.

من فەرماندە بووم بەڵام پێموابوو مانەوە لە سنوورەکە لەگەڵ دەستەیەکی چوار پێنج کەسی زۆر بەسوودترە لە ڕۆیشتن بۆ سەرەوە، چونکە ناردنەوەی سمە بۆ ڕۆژێکی وەهام باش بوو کە بەکەڵکمان بێت و بتوانێت جێگەیەکمان بۆ بکاتەوە. گەر مرۆڤ لەگەڵ چوار پێشمەرگەی ئازا و چاونەترس و گوێڕایەڵ و خاوەن ئیرادەدا بێت، زۆر لەوە باشترە پەنجا شەست کەسی بێ ورە و ڕووخاوت لەگەڵدا بێت، بۆیە چوار پێشمەرگەم پێشتر ڕازیکردبوو لەگەڵم بمێننەوە و نەڕۆن بۆ سەرەوە و درێژە بە پارتیزانی بدەین لە ناوچەکەی خۆمان.

هەر هەموومان شارەزای باشی ناوچەکە بووین، وتم هەموو کەڵوەز و ئەشکەوتەکانی ئەم ناوچەیە دەپشکنین و شوێنی مانەوە و خۆپاراستنی تێدا دروست دەکەین، لەگەڵ هەر دەرفەتێکیشدا گەر بۆمان گونجا پەیوەندی بە شارەکانەوە دەکەین و پێ لە شاریش نابڕین.

ئەشکەوتەکانمان دیاری کرد، ئەشکەوتی بەکرێگیراوان کە لە هەموویان سەختتر و گونجاو تربوو، وەختی خۆی ناوی ئەشکەوتی دلێران بوو، بەڵام

بە هۆی یەك دوو خیانـەتی پێشمەرگە و کوشـتنی پێشـمەرگەی لایەنـەکانی تــرەوە و گەڕانـــەوەیان بــۆلای بــەعس نــاوی گۆڕابــوو بــۆ ئەشــکەوتی بــەکرێگیراوان، ئەشــکەوتی مێوەکــە، ئەشــکەوتی خۆرنـــەوەزان، کــەڵوەز بەخشـیش لـە نـاو داوێ، ئەشـکەوتی ورە لـە نزیـك چوارشـاخ و ئەشـکەوتی تەنگانــە لــە کــەریم باســام، کــە زۆربــەیان بووبوونــە جێگــە و ڕێگــەی هەمیشەییمان.

ئەو شەوە چووینە ئەشکەوتێکی نزیك قولیجان پڕ بـوو لـە خـواردن و ئەشـیای ناومـاڵ، دیـاربوو هـی خـەڵك بـوو دوای بێئومێـدییان بـەجێیان هێشتبوو، بڕیارماندا بمێنینەوە و بە هەڤاڵانم وت:

هەڤاڵان، لە ئەم سەعاتە بەدواوە دەبێت سقە بە کەس نەکـەین، جـاران تــەنیا بــەعس دوژمنمــان بــوو، ئێســتا هــەموو کەسـێك بــە برادەرەکــانی خۆشمانــەوە وەك دوژمــن ببیــنن، تــا دەتــوانن خۆتــان لــە هــەموو کەسـێك بپارێزن.

هـەر هێزێـك لـە دووری 20 مـەتر بـە تەنیشـتماندا تێپـەڕی حـەقمان پێیانــەوە نییــە، مەگــەر بیانــەوێت تەقــەمان لێبکــەن، ئێمــە بــۆ بــەرگری نەماوینەتەوە،بەڵکو بۆ ئەوە ماوینەتەوە کە خۆمان دەرباز بکەین و گەر کرا دەبینــە شــایەتحاڵێکی زینــدووی تــاوانی ئــەنفال. گەرچــی هــەمووەمان ماندووبووین، بەڵام کەسمان خـەومان لێنەکـەوت، هـەر یەکـە بەسـەرهاتێکی خۆی گێڕایەوە:

حەمەی تێکۆشەر وتی: شەوێك لەکاتی هێرشـێکماندا بـۆ سـەر دوژمـن، هاوڕێیەکمان شەهید بوو، هـەموو ئەوانـەی لـەو ڕەبییـەدا بـوون کوشـتمان و

کەسمان بە زیندوویی نەهێشتەوە، یەکێکیان زۆر منداڵ دیار بوو، گەر بیویستایە بمکوژێت، دەیتوانی، تەقەی نەکرد و وتی تۆ شێوەت لە باوکم دەچێت بۆیە تەقەم لێنەکردی، هەرچەندە هەوڵمدا نەیکوژن و بیکەنە خاتری من، کەچی هەر کوشتیان. ئەوەم قەت لەبیرناچێت و هەر لە یادەوەریمدا دەمێنێتەوە.

گۆرە ئاغجەلەری وتی: لە ڕێکخستنەکانی شاربووم، باوکم بەعسی بوو، ڕۆژێك شانەکەمان وتیان هەر یەکەی دوو وێنەی خۆی بهێنێت بۆ دروستکردنی پێناسی پێشمەرگە، منیش پێنج دینار و دوو وێنەم دا بە هاوڕێکانم بۆئەوەی پێناسم بۆ دروستبکەن، دواى هەفتەیەك باوکم لە کاتی گەڕانەوەیدا بۆ ماڵەوە ڕەنگی تێکچووبوو، شەو هاتە ژوورەکەم و وتی:

کوڕم، مرۆڤ هەرچی بکات دەبێت بڕوا و متمانەی بە هاوڕێ و کەسەکانی نزیکی هەبێت و پاشان دڵی خۆی بکاتەوە بۆیان، تۆ چیتداوە لە پێشمەرگایەتی و بۆ خوێندنەکەت دەکەیتە قوربانی نەفامییەکانت. نکۆڵیم کرد، دوو وێنەکەی کە ناردبووم یەکێکیانی لە باخەڵی دەرهێنا و وتی ئەوە وێنەی تۆ نییە؟ وتم بەڵێ، وتی بۆ زانیاریت ئەوە هەواڵگری عێراقی لە ناو هێزەکانی پێشمەرگە لە شاخدا ناردویانەتەوە و داوای دۆزینەوە و بە دواداچوونتانیان کردووە، ئەمڕۆ من ئەوەی تۆم دەرهێنا و نکۆڵیم لێکرد و ئاماژەم بەوەدا کە هەندێك لە خزمەکانمان دژایەتیمان دەکەن و دەیانەوێت بەو شێوەیە تۆڵەمان لێبکەنەوە، بۆیە بۆ بەیانییەکەی من هەڵهاتم بۆ ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە و خوێندنەکەم فەوتا و ئیتر چاوم بە باوکم

نەکەوتەوە، بۆیە دەبوو ئەو کاتەش بڕوام بە قسەکانی باوکم بکردایە کە دەیگوت: کورد و پارە و خیانەت.

مامە تاهیر وتی: دوو شۆڕشە من چەکدارم و پەشیمانیش نەبووم، ئێستاش پەشیمان نیم، ڕۆژێك لە باوەنوور بووین، مستەشارێك هاتە خوازبێنی کچە گەورەکەم، کە دوو ژنی تری هەبوو. ژنم پێنەدا و دژی ئەوە بووم بەعسییەکی خوێڕی بە جلوبەرگی کوردییەوە سوود لە پلە و پۆست و دەستڕۆشتوویەکەی وەربگرێت و بیەوێت بە زۆر کچەکەم بکاتە خێزانی. دوای ئەوەی دڵنیابووەوە کە کچی خۆمی پێنادەم، چوو تۆمەتێکی بۆ دروستکردبووم کە گوایە من پێشمەرگە دێنمە ماڵ و جێگەیان دەکەمەوە و کچەکەم خێزانی "بلە"ی فەرماندەی پێشمەرگەیە و کەس نازانێت. بەعس یەك دووجار هاتن و لێکۆڵینەوەیان کرد و ویستیان سەرەداوێکیان دەستکەوێت، هیچیان دەستنەکەوت، چونکە کۆی قسەکانی بووختان و درۆ بوون، هەموو ڕۆژێك لە ئەمن دەیاننارد بە شوێنمدا و گێچەڵیان پێ دەکردم، بۆیە منیش ڕۆژێك هەموو ئەندامانی خێزانەکەم نارد بۆ ماڵی برای خێزانەکەم لە کەرکوك و لە یەکێك لە شەوەکاندا ناردم بە دوای مستەشارەکەدا کە بێت و کچەکەمی پێ دەدەم، هەر کە خۆی و پاسەوانەکانی هاتنە ژوورەوە یەك مەخزەنم تێدا بەتاڵ کردن و هەموویانم کوشت و هەڵاتم و گەشتمە ناو هێزەکانی پێشمەرگە. بۆیە نابێت و ناتوانم بە هیچ جۆرێك بیر لە گەڕانەوە بۆ شار بکەمەوە، ئێوە هەمووشتان بڕۆنەوە خۆم بە تەنیا لەم کێوانە دەمێنمەوە.

سابە گەرمکی وتی: باوکی کۆچکردووم جارێکیان باسی دین و دنیا دەکرد بۆمان، کە چۆن خۆشەویستی نیشتیمان بەشێکە لە دینداری، باوکم بەردەوام نەفرەتی دەکرد لە تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج کە چۆن وەك گورگی هار بەربوونەتە گیانی خەڵك و منالّی خەڵك دەکوژن و چوونەتە بەرەی دوژمنانەوە. باوکم شایەتحالێکی زیندووی شەڕەکەی گەرمك بووە و دەیوت: کۆمۆنیستەکان لە بەرەی گەل بوون و جاشەکان بەرەی بەعس، دەتوانم سوێندبخۆم کۆمۆنیستەکان شەهیدن و جاشەکان دۆزەخین، تەنیا لەبەر ئەوەی ئەوان نیشتیمانپەروەر بوون و جاشەکانیش خۆ فرۆش، بۆیە هەر کە بیر لە خۆفرۆشان دەکەمەوە باوکم دێتەوە یادم.

سوپاسم کردن بۆ گێڕانەوەی چیرۆکەکانیان و دلّمدانەوە، نەمویست هیچ بلّێم، تا هەرچواریان وتیان تۆبیت و گۆڕی شەهیدان باسێکمان بۆ بگێڕەوە کە لە بیرت نەچێتەوە. وتم:

کاتێك بیرۆکەی ناردنەوەی پێشمەرگەیەکیان پێ وتم بۆ نێو ڕیزەکانی بەعس، تا سیخوڕیمان بۆ بکات، زۆرم لە لا پەسەند بوو. وەك دەزانن ئەوەی ئەمرۆ جیهان بەڕێوە دەبات ئەو هێزانەن لە ڕووی سیخوڕی و هەوالگرییەوە بەهێزن و تۆوی خۆیان لەناو گشت نەیارەکانیاندا چاندووە، وەك بیرۆکە کەسمان لاریمان نەبوو لەوەی سمە ئاوارە بنێرینەوە بۆ ناو بەعس و بیکەینە چاوساغی خۆمان، سمە ئێوە باش نایناسن ئەوەندە ڕقی لە بەعس بووە دەیان سالّ لە ئاوارەی بووە و نەیویستووە بگەڕێتەوە عێراق، زانیمان هەرکەس جگە لە سمە بڕواتەوە ڕەنگە بەڕاستی ببێت بە بەعسی، بۆیە پێشنیازی ئەو کرا، بۆ ئەو پێشمەرگەش کە دەبوو سەر ببڕدرێت بیرۆکەی

من بوو، چونكە زۆربەی پێشمەرگەكانمان خزم و كەس و ناسیاویان لەناو هێزەكانی پێشمەرگەدا بوو، بەرگرییان لێدەكرا، ئەو گەنجە نەبێت كە ناوی (مروان البیاتی) بوو، كە قوتابی كۆلێژی ئەندازیاری بوو لە زانكۆی بەغدا، هەر پێشمەرگەیەكمان لە جێگەی مەروان دانایە ئەگەری ڕووبەڕووبوونەوە و خوێنڕشتن زۆر دەبوو، مەروان لە زانكۆ دڵی لە كچێكی هاوڕێی دەچێت، پەیوەندی سۆزداری دەبەستن و دەیانەوێ هاوسەرگیری بكەن، بەڵام بەعسییەكانی زانكۆ دەیانەوێت مەروان بە زۆر دەزگیرانەكەی تەڵاق بدات، بۆیە بە چەقۆ بەعسییەك بریندار دەكات و لەگەڵ دەزگیرانەكەیدا هەڵدێن بۆ ناوچەی شارباژێڕ، دواتر لە ڕێگەی سەركردایەتییەوە دەینێرنەوە بۆ گەرمیان و لای خۆمان كردمانن بە پێشمەرگە. هەندێ لێكۆڵینەوەمان كرد لە ڕووداوەكە و گومانمان بۆ دروستبوو كە ئەمە پیلانێكی بەعس بێت و لە ڕێگەی مەروان و هاوسەرە شۆخ و شەنگەكەیەوە سیخوڕیمان بە سەرەوە بكرێت، دڵنیاش نەبووینەوە كە ڕاستییە یان دروستكراو، بەڵام بە چەندین تاقیكردنەوەی هەواڵگریدا تێپەڕی و هیچی لە سەر ساغ نەبووەوە كە سیخوڕ بێت، تەنانەت جارێك زانیارییەكی گرنگمان پێدا كە شانە نهێنییەكانی كەركوكمان بە نیازی كوشتنی پارێزگاری كەركوكن لە كۆبوونەوەیەكی پارێزگادا، كەچی كۆبوونەوەكە كرا و زانیمان گەر سیخوڕ بووایە زانیارییەكانی دەگەیاند و كۆبوونەوەكە نەدەكرا، بە هەرحاڵ تەنیا ئەو ئاسان دەهاتە دەستمانەوە بۆ كارێكی وەها گرنگ، بۆیە ئەومان هەڵبژارد بۆ كردنە قوربانی پلانەكەمان. خێزانەكەشی وەك ئەندازیاری سەركردایەتی نێردرایە سەرەوە و لای خۆیان هێشتیانەوە!

# (6)

ئـەنفالی سـێ لوتكـەی نائومێـدی بـوو بـۆ كـورد و بـۆ پێشـمەرگە و فەرماندەكانی پێشمەرگەش، لە قۆڵی سەرقەڵاوە پێش جێش و زرێپۆشەكانی بەعس كەوتم و بە ئاڕاستەی چوارشاخ و توكن و عەزیز قادر دەچووم، جگـە لـە یـەك دوانێـك نـەبێت كـە متمانـەم پێیـان هـەبوو، نەمـدەوێرا هـەموو نهێنییەك بۆ گشتیان باس بكەم. دەمزانی لـەو سـنوورانە ئەگـەری مانـەوەی پێشمەرگە و خەڵك و تەنانەت خێزانیش هەیە، بۆیە باشترە هـەموو كـون و قوژبنێـك نەپشكنین. لەولاشـەوە بـۆ ئـەوەی گومـان لـە دڵسۆزیم نـەمێنێت، دەمگوت بیـانكوژن، ئـەوەی ڕووبـەڕووتان وەسـتایەوە بیكـوژن. ئـەنفال واتـا سـەروەت و سـامانیان بـۆ جـەنگاوەران و خۆیـانیش بـۆ كوشـتن و بـڕین، خانووەكانیشیان بڕوخێنن.

هـەردەی سـوور خـەلیلمان بـڕی و گەیشـتینە بەرزاییەكـەی تـوكن، لـە بنـاری گـل و داوێ و ئۆمەربلیشـەوە دوكـەڵ هەڵدەسـتا و گرمـەی شـۆفڵ و

بلدۆزەرەکان دونیای تەنیبوو، یەقینم هەبوو کە پێشمەرگەی زۆر شەهید بووە و ناوچەکە و بەرگری تێدا نەماوە.

بەو کەسانەی جێگەی متمانەم بوون وتم: هەر ئەشکەوتێك گەڕان چیتان بینی باسی مەکەن و خۆتان لە شوێنە پێچەکان بەدوور بگرن، خۆراك و کەلوپەل و شوێن پێ و ئاسەواری مرۆڤتان بینی مەیکەن بە هەرا، ئێستا ئێمە جاشین و دژی ئەوانین. کەس نازانێت دوو بەیانی چی ڕوودەدات و کێ باڵا دەست دەبێت. با بەشی ئەوەی تێدا بهێڵینەوە لە کاتی گۆڕانی بارودۆخەکەدا بتوانین بژین، کە ئەم قسانەم دەکرد خۆیشم باوەڕم بەوە نەبوو جارێکیتر دەوران وەها بگۆڕێت کە بەعس لاوازبێت و پێشمەرگە دەسەڵات بە دەست بگرێتەوە.

هەروا تراکتۆر بوو بە خێزانەوە، بەژن و مناڵەوە لەو گوندانەوە دەهاتن و بەرەو ملەسوورە دەڕۆشتن. مناڵی بچووك، ئافرەت، گەنجی جوان جوان کە دڵت نەدەهات سەیریان بکەیت، پیرە پیاو کە بۆ ئەوە باشبوون لە ژووری دیوەخانەوە دایان بنێیت و ڕێنماییان لێوەرگری بۆ هەموو ڕووداو و بە سەرهاتێك.

ڕانەمەڕ و گایەلی بێخاوەن کە تۆپ و تەیارە شوان و گاوانەکانی کوشتبوو و سەرگەردان بەو ناوەدا دەهاتن و دەچوون، بیرم کردەوە لەم خاڵە بەولاوە نەڕۆین، چونکە ئەم بەرزاییەی توکن ناوچەیەکە زاڵە بەسەر دەورووبەردا، بۆیە کە جێشەکە هات، من چوومە لای ئەفسەرەکە و وتم: گەورەم ئەم ناوچانە ترسناکن و ئەگەری هەیە هەر هەموو بن تاوێر و بەردەکان موخەرب بن، بۆیە با ئەمشەو لێرە بمێنینەوە و بەیانی بە ئیزنی

خودا و سەرۆکمان دەست پێدەکەینەوە، سەرەتا سووربوو لەسەر بەردەوامی هێرشەکانمان، بەتایبەت دوای ئەوەی ئامر لیواکەی وتبووی هەموو قۆڵەکان پێشڕەویان کردووە بۆ ئێوە دواکەوتوون، ئەمیش وتبووی لە قۆڵەکەی منەوە ڕووبەڕووبوونەوە زۆر بووە و چەندین جاش کوژراوە. هەرچۆنێك بوو ڕازیم کرد ئەو شەوە لەوێ بمێنینەوە.

شەو جاشەکان چوون هەندێك مریشك و قاز لە گوندەکە بهێنن، یەکێك لەوانەی متمانەم لە سەری بوو، ناردم هەندێك فیشەك بتەقێنێ بە بان سەریاندا بە مەبەستی ئەوەی ئەفسەرەکە بڕوام پێبکات و لە هەر کاتێکی تردا، کە وتم با نەڕۆین و مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەمان هەیە بە قسەم بکات. لەگەڵ گەیشتنی جاشەکان  بە گوندەکە و درانە بەر دەستڕێژی گوولە. هەڵهاتن و وتیان ناو ئاوایی پڕە لە پێشمەرگە، بە تۆپ و دەبابە بەربوونە گیانی گوندەکە بەبێ ئەوەی یەك کەسی تیابێت جگە لە جاشەکەی خۆمان، دواتر ئەفسەرەکە بانگی کردم و وتی: باشبوو نەڕۆیشتین!

ئەو کەلۆەزانەی لەو نزیکانە بوون شەو بە دزییەوە بەسەرم کردنەوە هیچ ئاسەوارێکی پێشمەرگە و خەڵکم نەبینی، بۆ بەیانییەکەی ئێمە بەرەو عەلیان ڕۆشتین و قۆڵی عەزیز قادر و قەواڵی پێشمان کەوتبوون و لە چیای مازووخ هاتبوونە سەرەوە، بناری گلیش گەیشبوونە چەم قووڵە، شۆفڵ گوندەکەی وێران کرد و بۆ عەسر گەیشتینە ئاوایی شێخ، هەوڵمدا نەهێڵم وێرانی بکەن، بەڵام کردیان. پێشتریش ویستم نەهێڵم وەکاشە لە گۆڕستانەکەی توکن بڕوخێنن، یەکێك لە سەربازەکان یەك ئاربیجی پێوەنا

و ڕوخاندی، تا ئەو کاتەش لەو بڕوایەدا بووم ئەوەی بیڕوخێنێت خودا کوێری دەکات، کەچی سەربازەکە پێکەنینی بە عەقڵی ئێمە دەهات و ئەیوت ئێوە بڕواتان بە خورافیات هەیە و دەشتەکین، ئێمەی شارستانی گاڵتەمان بەو قسانە دێت.

لە تەکیەکەی شێخ قورئانێکم دۆزییەوە و هەڵمگرت، وتم لە کاتی گەڕانەوەمدا بۆماڵ دەیدەمە دەستی دایکم، چونکە دایکم شێخی زۆر خۆشدەویست و بڕوای بەوە هەبوو کە شێخ لە پیاو چاکانە، دایکم بڕوای وابوو چەندینجار ئافرەتان لە کفرییەوە هاتوون بۆ تەکیەکەی شێخ و بۆ وەکاشە و بەو هۆیەوە لەدوای چاوەڕوانییەکی زۆر دووگیان بوون، لە کاتێکدا پزیشکەکانی بەغدا و کەرکوك وتبوویان هەتا لە ژیاندا ماون ئێوە منداڵتان نابێت.

بیرم کردەوە چی دەبێت ئەگەر من خۆم و جاشەکانم بکەوینە گیان ئەو سوپایەی بەعس و تۆڵەی ئەو هەموو غەدر و ستەمە بکەینەوە کە ئەوان دەیکەن لەو خێزان و خەڵکە؟! چی دەبێت گەر وەك شەڕەکەی تازەشار تا دوافیشەکمان بجەنگین و بەعسی و بە کرێگیراو بکوژین و تەنانەت دەستبگرین بەسەر ئەو هەموو تانك و تۆپ و چەکە دوور هاوێژانەدا و دواجاریش هەموو پێکەوە شەهیدببین؟! ئاساییە و دەبینە ڕەمز و هێمای قارەمانێتی و بەرخودان. بەس نییە نەوەکانمان شانازیمان پێوەدەکەن و دەڵێن: ئێمە خاوەنی شەهیدی بەرگری نیشتیمانین و بەشانازییەوە مێژوومان پیس نییە. نا نەمتوانی ئەوە بکەم، دڵنیام بڕیاردان بۆ ئەوەی خۆت بکەیتە قوربانی قورسە و بە هەموو کەس ناکرێت. ئەوە

خۆمیش ڕازیبووم، ئەی باشە کێ دەڵێت هەر داروودەستەکەی خۆم لەم هەردە و هەڵەتانەدا کەوڵم ناکەن، زەحمەتە دوای ئەوەندە ساڵ لە نانخۆری بەعس ببیتە پیاوێکی بەور ئاسا و خۆت خۆشنەوێت و لەم ژیانە خۆشەی شار هەڵبێیت و لە ئەشکەوت و کەلوەزەکاندا بیت و بە گشت تێڕوانینێکەوە پێتوابێت کە دەتوانیت بەم جۆرە خەباتکردنە دەسەڵاتێکی زەبەلاحی ناوەند بڕوخێنیت.

دەنگێك لە ناخەوە پێی دەگوتم: کەرەکەر چیتە، ئەوە بەعس لە خانەقینەوە تا زاخۆی کردووەتە ئاگر و مرۆڤ لەم سنورانە بە دەگمەن ماوەتەوە، تازە دەتەوێت چەکی بەرگری بکەیتەوە شان؟! ئەی کوان ئەو هەموو قارەمانەی دەیانگوت بەعس لە لێواری ڕوخانە و ئەمڕۆ و بەیانی کوردستان ئازاد دەکەین؟!

لەم نێوەندەدا تووشی ژانەسەرێکی زۆرهاتم، بۆئەوەی هەست بەوە نەکەن کە خەفەت لەو بارودۆخە و ماڵوێرانییەی کوردان دەخۆم، لەخۆمم بارنەدەکرد کە دیمەنەکان ئازارم دەدەن، بە ڕووی هێزە سەربازییەکەوە پێدەکەنیم، وەك ئەوەی ئەم سەرکەوتنەمان بە سەر هێزەکانی پێشمەرگەدا گەورەترین دەسکەوتمان بێت، کەچی لە ناخەوە دەکوڵام بۆ پێشمەرگە و هاوڕێکانم، لەوان زۆرتر بۆ ئەو هەموو کچ و ژن و پیرەپیاو و منداڵانەی ڕوویانکردە ملەسوورە و تیلەکۆ و قادرکەرەم، دەترسام قسەکەی عەلی کیمیاوی لە سوتاندنی کوردستان هەر تەنیا سوتاندنی خاکەکەی نەبێت، بەڵکو سوتاندنی دڵ و دەروونی هەموو تاکێکی ئەم نیشتیمانە بێت، کە نە لە سایەی پێشمەرگەدا حەسانەوە و نە لە چەپۆکی بەعس بە سەلامەتی

دەرچوون، نە شاریی بوون بە مانای وشە، نە وەك دانیشتوویەكی گوندەكان تێر پشوویاندا، بە پێچەوانەوە لەوەتەی هەن جەرگ وماڵیان دەسوتێت و مەڕومالات و ڕەنجی دەیان ساڵەیان بەفیڕۆ دەڕوات.

ئەو شەوە زۆر نەڕۆیشتین و هەر لەو سنورەماینەوە، پەیتا پەیتا بە پێ و تراكتۆر، خەڵك دەشتیان دابوو لەبەر و بەبێزاری و ماندوێتییەوە ڕووەو جادەكان دەهاتن، بۆ ئەوەی خۆیان لە شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوەكان بپارێزن و وەك تاوانبارێك مامەڵەیان لەگەڵدا نەكرێت و بەپێی خۆیان بەرەو سوپا و جاشەكان دەهاتن. هەرچەندە دوای تەواوبوونی ماوە و مۆڵەتەكەی بەعس هەموویان وەك پێشمەرگە و تاوانبار ئەژماردەكران، گوناهیشیان نەبوو تەنیا ئەوە نەبێت بە كار و كاسبی و ئیشی ڕۆژانەی خۆیانەوە خەریكبوون، چییاندابوو لە ململانێ و سیاسەت، ئەوان لەكوێ ئاگاداری هەڕەشەكانی عەلی كیمیاوی بن كە زۆربەیان نەخوێندەوارن و سەرقاڵییان بە ژیانی ڕۆژانەوە وایكردووە بە دەیان ساڵ ڕوویان لە شار نەكردووە، ئەوەشیان لە ساڵێكدا چەند جارێك بهاتنایەتەوە بۆ شار تۆمەتێكیان بۆ دروستدەكرا و لەلایەن هێزی پێشمەرگەی لایەنەكەی ترەوە دەگیرا و دەبرا بۆ سەرەوە، ئەوانەشی لە ڕێگای ڕادیۆوە ئاگاداری هەواڵەكان بوون و دەیانزانی بارودۆخەكە ترسناكە و دەیانویست منداڵەكانی ڕزگار بكات، دیسانەوە لەلایەن فەرماندەكانی پێشمەرگەوە هەڕەشەی لێدەكرا بەوەی لەكاتی ئەنجامدانی وەها كارێكدا ئەوا بە تۆمەتی ترساندنی خەڵكی و ورە ڕوخاندنی خەڵكی و نەمانی متمانە بە هێزەكانی پێشمەرگە بە تاوانبار دەدرا لە قەڵەم و گەر بە دزیشەوە بڕۆشتایەتەوە دەست دەگیرا

بەسەر موڵك وماڵەكەیدا، ئەی ئەوە نەبوو لە گوندی فەقیانە، حەسەنە شەل گوێی بە هەڕەشەكانی ئامر كەرتەكە نەدا و وتی من دەڕۆمەوە بۆ شار و نابمەوە بە بەعسی، تەنیا دەمەوێت وەك خۆم منداڵەكانم بە شوانی و گاوانی گەورەنەبن و بخوێنن، گەر زەوی و زارەكەم دابەشبكەن بەسەر ماڵە هاربەكاندا شەرتە ببمە بەعسییەكی لە تەحسین شاوەیس و قالە فەرەج ترسناكتر، دوای ئەوەی گەڕایەوە شار هەر خەریكی حەماڵی بوو بە عارەبانەكەی بۆ دابینكردنی بژێوی منداڵەكانی، دوای ماوەیەك كە بیستی زەوییەكانی دراون بە ئەو ماڵانەی لە شارەوە هەڵاتوون و منداڵەكانیان بووەتە پێشمەرگە، ئەمیش لە ڕقدا بووە بەعسی و بەهۆی شارەزایی و ناسینەوەی ئەشكەوت و جێگەكانی خۆحەشاردانی پێشمەرگەوە، لە ئەشكەوتێكی نزیك بەكرێگیراوان یانزە پێشمەرگەی شەهیدكرد و گەڕایەوە بۆ شار، تەنانەت بووە یەكێك لە مەترسیدارترین دوژمنەكانی پێشمەرگە لەكاتێكدا خۆشی بە بەعس و سەدام و دارودەستەكەیدا نەدەهاتەوە، تەنها ئەوە بوو هەڵەكانی شۆڕش كردی بە بەعسی و دوژمنێكی ترسناكی شۆڕش.

كات نزیكی دەی شەو بوو، سەلەیەك گڕدارمان پێوەنرا، ئەفسەرەكە فەرمانی كرد كە بچین بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی، دوای تۆپبارانكردنی شوێنەكە من خۆم و ئەوانەی نزیكبوون لێمەوە ڕۆشتین بە ئاڕاستەی تەقەكان، كە زیاتر لە نیشانەی بە دەنگەوە هاتن دەچوون، تا شەڕكردن، كە لە شوێنەكەمان دوور كەوتینەوە بە پاسەوانەكانم وت وریابن ئەم تەقە كردنانە زیاتر لە نیشانەی بەدەنگەوە هاتن دەچن، تا نیشانەی هێز و پلانندانان بۆ ڕووبەڕووبوونەوە، دەبێت وریابین و هەموو ئەگەرێك بە

کـراوەی بهێڵێنــەوە، دەمتــان هــەڵپێکن و بــەناوی خۆتانــەوە یــەکتری بــانگ مەکـــەن و تـــەنیا بـــە هێمـــا و ئیشـــارەت بەیـــەکتری دان فەرمانـــەکان جێبەجێبکـەن. کـە کـەمێك لـە جەماعەتەکـەی خۆمـان دوورکەوتینـەوە و نزیك شوێنی تەقەکان کەوتینەوە گوێمان لە غەڵبەغەڵب بوو دەنگی هاوار و قیژەی منالْ دەهات، دوای هەندێك گوێگرتن و ڕامان، زیاتر نزیکبووینـەوە و تەماشامان کـرد تراکتـۆرێکی پـڕ لـە خێـزان و منـالْ وەرگـەڕاوە و ئافرەتێـك قاچی شکاوە، دوو منالْ بریندداربوونـە و شـۆفێرەکەش بـۆ ئـەوەی نەکەوێتـە دەست بـەعس هـەڵهاتووە، کـە گەشـینە شـوێنەکە ئێمـەیان دی دەسـتیانکردە جنێـودان پێمـان، پیرەژنێـك کـە سـەرەڕای بەتەمەنییەکـەی، بـەڵام بـە هەڵمەتبوو وتی: پێش درۆ، پێشدزە مەیەنە پێشەوە، بەقورئان قەسەم بێنـە پێشەوە چی تاوێری چەم عەلیان هەیە ئەیدەمە سەرتانا، ماڵمانتان کـاولکرد ئێستا دوورکەونەوە لێمان با بە بۆنەی ئێوەشەوە جاشە حیزەکان کچەکانمان نەبـەن، خـۆ ئێـوە چـیتان دەسـتکەوت بردتـان، دزیتـان، خواردتـان، تـەنیا ناموسـەکەمان مـاوە بـۆ دەتانـەوێت بـە هـۆی ئێـوەوە ئەویشـمان لـە دەسـت بچێت؟! وتم دایـە گیـان ئێمـە هـاتووین بـە هاناتانـەوە و کـە تەقـەتان کـرد وتمان بزانین چییان لێقەوماوە؟ وتی ئەوە کوڕەکـەی مـن تەقـەی کـرد. وتـی من دەچم بۆلای پێشمەرگەکان لە قولیجانن و ئێوە بۆ خـوا بەجێـدێڵم، ئـەو تەقانەشی بۆ ئەوە کرد تراکتۆرەکـەی بلـەی خواکـەرەم بەتەنگمانـەوە بێـت، کەچی بەجیمانیان هێڵا!

ئـازا بـە هەوریيەکـەی قاچـە شـکاوەکەی بەسـت و دڵـی هـەمووانی دەدایـەوە، وتـی ئێـوە لێمـان دوورکەونـەوە. وتم تـەنها ڕێگـەمان بـدەن

گڵابەکەتان بۆ ڕاست دەکەینەوە و دەڕۆین، بەوە ڕازی بوو. وتی مێردەکەم نەخۆشە و کەمێك لە تراکتۆر دەزانێت، لە دوای کوڕەکەم مەگەر ئەو بتوانێت بمانگەیەنێتە قافڵەی خەڵکەکەدا، دوای نزیکەی سەعاتێك لە هاوکارییان، لەو ملە سەختەی وەرگەڕابوون سەریانمانخست و وتمان بڕۆن بەرەو سەرقەڵا، گەر بەرەو سمودیش دەڕۆن بچنە ملەسوورە، پێش ئەوەی بکەونە ڕێ پیرەژنەکە وتی ڕۆڵەکانم دایکتان ببوورن جنێوی زۆرم پێدان، ئاخر ئێوە نازانن دایك چۆنە بۆ منداڵەکانی، بەس تخوا پێم بڵێن ئێوەپێشمەرگەی کام لایەنن؟ یەکێتین یان شیوعین؟

وتم بۆ گرنگە بزانی؟ وتی بەڵێ، وتم ئێمە لە جاشە حیزەکانین، وتی نا جاش خۆفرۆشە و دەستیان بگات پێمان هەموومان دەکوژن و کچەکانمان دەبەن بۆ خۆیان، ئێوە پێشمەرگەن و دەترسن هەواڵتان لێبدەین، وتم نا ئێمە جاشین، بەڵام جاشێك کە ڕۆژگار کردوومانێتی بە جاش، نەك بەرژەوەندی و مەبەستێکی خراپ. دڵیشمان بۆتان ژان دەکات، دەسەڵاتیشمان هەر هێندەیە و لەوە زیاتر هیچمان بۆ ناکرێت، هەموو فەوجەکان بە سوپای تایبەتی بەعس گرێدراون بۆ ئەوەی ئاگایان لە وردودرشتی هەنگاوەکانمان بێت. ئەوان بە هێواشی بەڕێکەوتن و ئێمەش بە هەڵەداوان گەڕاینەوە شوێنی مانەوەمان، ئەفسەرەکە وتی ها چیتان بۆ دەرکەوت؟ وەك ئەوەی لەسەری ڕێککەوتبووین پێشتر، وتمان جاشەکانی فەوجەکەی کاك حەمەجان بوون و هاتبوون بۆ ڕاو، ڕێگەیان وێلکردبوو، دوای ڕێنوێنی کردنیان گەڕانەوە بۆ جیگەی خۆیان. ئەوەشمان دەزانی مەترسی کەشف بوونمان

هەیە بۆیە وتمان گەر ڕۆژێك پرسیاری ئەوەمان لێكرا كە ئەوان كەسیان وێڵ نەبوونە، قسەمان ئەوە بێت كە ئەوان وایان وتووە و دیارە درۆیان كردووە.

بۆ بەیانی زوو جێبوازێك بە خێرایی لە بنەی جافەوە هات و لە عەلیان پێمان گەیشت، تا تەواو نزیك نەبووەوە نەمزانی هی كام فەوجە و بە چی مەبەستێك هاتووە، كە دابەزین تەماشام كرد یەكێكە لەو پێشمەرگانەی لە ئەشكەوتەكە دیبووم كاتێك لای سەدام گەڕامەوە چووم بۆ ئەوەی پێیان بڵێم ڕێگە بدەن با خەڵك بگەڕێنەوە شارەكان و تەنها پێشمەرگە لەو شاخانە بمێنێتەوە، كە دابەزی موچڕكێك بە لەشمدا هات، باشە ئەمە پێشمەرگەیە یان جاش؟! من وەك جاشێك ئەو وەك چی بناسێنم؟! وتی كاكە بۆ ئەوە هاتووم كە لەگەڵ ڕەبییەكانی دەوروبەری ڕزگاری ڕێككەوتووم دە كچی عازەبیان بۆ ببەم، لای خۆیان لە ژێر زەمیینەكەیاندا زیندانییان بكەن و هەرچی كاتێك ویستیان لەگەڵیان ڕابوێرن، لە بەرانبەردا حەقیان پێمانەوە نەبێت چەند كەس ڕزگار دەكەین.

وا توڕەبووم بە ڕوخسارمەوە دیاربوو، لە ژیانمدا ئەوەندە توڕە نەبووبووم، جگە لەو شەوەی وتیان دەبێت سەری هاوڕێكەت ببڕیت و بگەڕێیتەوە بۆ شار، ئەوەی لە پلانەكەدا نەبوو، بەڵام لە دواساتەكاندا بۆیان زیاد كرد، بیرم كردەوە من بەم توڕەبوونەم سەری خۆم دەكەم بە گۆمدا، لە لایەك پیاوی سەدام حوسێنم و پێناسی تایبەتی ئەوم پێیە و لە لایەكی تر دڵم بۆ كچ و ژنی پێشمەرگە و گوندییەكان ژاندەكات، وا چۆن دەبێت؟! لە دڵی خۆمدا وتم ڕەنگە بیەوێ دەمم تاقیبكاتەوە و نیازی هەبێت خۆی بێتە جێگەی من و پلەی بەرزبێتەوە، بۆ ئەوەش ئەم سیناریۆیەی دانابێت، بۆیە

توڕەبوونی خۆمم خواردەوە و زۆر بە ئاسایی وتم مەترسی بۆ سەر ژیانمان دروست دەکات و خۆت دەزانی هێزەکانی پێشمەرگە لەم سنورانە شەڕی پارتیزانی دەکەن و دەتوانن هەر کاتێك بێنە شارەوە و بمانکوژن، باشترە بەو مەرجە ڕازی نەبیت و بیگۆڕیت، بۆ نمونە بڵێ پارەتان دەدەمێ، بڵێ پەنجا کەسم ڕزگار کرد لە خزمانی خۆم، ئەوا چەند دانەی ئێوەش هەبێت ڕزگاری دەکەم، وتی هەموو قسەیەکم لەگەڵ کردوون کۆمەڵێك جرتکێش و سەرسەرین وتوویانە بەس ئەو مەرجەمان هەیە ئەگینا نایەڵین مەل بە نێوان ئەم ڕەبیانەدا دەربازی بێت. دواتر کە ڕا و بۆچوونی منی زانی ڕۆشت.

لە بەرزییەکەی نێوان هەردوو عەلیان من و ئامرەکە وەستابووین، دووکەڵ لە هەموو گوندەکانی دوامانەوە بە ئاراستەی کفری و کەلار و دووز هەڵدەستا، زرمەی تۆپ و دەبابە ئەو چەمانەی گرتبووەوە، جلوبەرگی فڕێدراو، بەتانی و خواردن لە زۆربەی شوێنەکان کەوتبوون، هەموو کوێرە کانییەکان کوێردەکرانەوە، ژەهرمان بە هەموو خواردنە بەجێماوەکانەوە دەکرد بۆ ئەوەی زیندەوەر لەو دەشتانە نەمێنێتەوە، چ جای مرۆڤ و پێشمەرگە، ئەو سنوورەی بۆمان دیاریکرابوو گەیشتین بەدوا خاڵی و وەجبەکەمان پشووی وەرگرت و گەڕامەوە بۆ شار .

## (7)

قافڵەی تراکتۆر و ئیڤا و جێبوازەکان، کە پڕ بوون لە خەڵکی داماو و بێ پشتیوان، لە ملەسوورەوە بەرەو لیواکەی کەلار لەساڵی 1988 دا ملی ڕێیان گرتبوو. دیمەنێکی ئازاربەخش و جەرگبڕبوو، بە پەلە چووم بۆ لای ئامرەکەیان وتم بۆ بەشەو نەیانتان هێنا نەترسان خەڵکی کەلار و گەرمیان ڕاپەڕێت لێتان؟ ئەم شەڕە دەروونییە چییە دەیکەن لە گەڵ خەڵك؟! تووڕە بوو وتی تۆ چی کارەی وەها داکۆکی لە بەکرێگیراوانی ئێران دەکەیت؟ وتم من نوێنەری تایبەتی سەرۆکم، وتی کوا بەڵگەیەکم پیشانبدە، دەستم کردە گیرفانمدا نەمدۆزییەوە، ویستیان منیش دەستگیربکەن، بەڵام بە هەزار حاڵ خۆم ڕزگارکرد و گەڕامەوە بۆ ماڵ پێناسەکەم هەڵگرتەوە و ڕۆشتمەوە بۆ لای لیواکە، بەڵام گواسترابوونەوە بەرەوە ئەوبەری سیروان و قۆرەتوو، زۆر نیگەرانبووم کە نەمتوانی منداڵێکیش ڕزگار بکەم، قسەکەی تایرم بیرکەوتەوە کە وتی بە چەند کچە عازەبێك دەتوانم چەند سەد کەسێك

ڕزگار بکەم، گەرچی ناخۆشبوو لام، بەڵام لە بەردەم لیوارەشەکەدا خۆزگەم خواست بمتوانیبایە تەنیا یەك نەفەریش ڕزگار بکەم، کەچی نەمتوانی.

وتم ئەوەی ڕۆشت زەحمەتە بتوانم هیچیان بۆ بکەم، باشترە لە هەردە و هەڵەتەکان و دوور لە چاوی خەڵکی هەوڵی تایبەتی بدەین و هیچ نەبێت بۆ گێڕانەوەی مەرگەساتەکەش بێت وەك شایەتحاڵێکی زیندوو گرنگە لە زیندانییەکانی ئەم شاڵاوی کوشتن و بڕین و ماڵوێرانییە ڕزگاریان بێت. خۆم گەیاندە سەرقەڵا. هێزێکی بێشومار کۆکرابووەوە، هەروا قات و مرادخانی لەبەر و خۆی دەکردە ژووری بەڕێوەبەری دائیرەی ئەمندا، گەر پێناسەیەکی تەواو بۆ مستەشارەکان بکەین دەبێت بزانین بە جلوبەرگێکی تەواوی کوردی و کڵاشێکی پەڕۆینەوە، تەزبیحێکی گەورەی ڕەنگاو ڕەنگ یان قەزوانێکی درێژ دەناسرانەوە، هەندێجار قاتە مەرەزەکانیان هێندە تازەبوون وردە تووکەکانیان هێشتا نەنیشتبوونەوە و زاق زاق دیاربوون. بۆیە لەبەر ئەوان دەرفەت نەبوو بچمە ژوورەوە و بەرێکەوتم بۆ ملەسوورە، ئامرەکەی ئەوێ پیاوێکی عەرەبی نەجەفی بوو، گەرچی دیمەنی زۆر ئەسمەر بوو، بەڵام ناخی جوان بوو. بانگی کردمە ژوورەکەی خۆی وتی:

ئێوە نەگبەتترین و خۆخۆرترین میللەتی ئەم گۆی زەویەن، زەڕەیەك عەقڵ و ویژدانتان نییە، ئاخر سەدام چی بۆ کردوون وا جاشایەتییان بۆ دەکەن؟! نەفرەت لەو ژیان و پارە و سامانەی بە دەستیدەهێنن لەم ڕێگایەوە. دەزانی هەفتەیەکە من بیر لەوە دەکەمەوە خۆم بکوژم، بەڵام ترسنۆکم و نەمتوانیوە دەستم لەخۆم بچێت، ئەگینا دەمێك بوو خۆم کوشتبوو. گو بەغیرەتی ئێوەی کورد وەها قبوڵ دەکەن و بە بەرچاوتانەوە ژن و منداڵەکانتان دەبرێت و ئەتك دەکرێن و ڕاناپەڕن و گاڵتەتان لێدێت.

زانیم بەڕاستیەتی، بەڵام هێندەم لەسەر دەزگای موخابەراتی بەعس خوێندبووەوە نەموێرا بە تەواوی پشتگیری قسەکەی بکەم، ترسام داوێك بێت و بۆم نرابێتەوە، بۆیە قاقایەکم کرد و وتم گەورەم ئەوانە بەکرێگیراوی ئێرانن، هەموو ئەو ژن و منداڵانەی تۆ دەیان بینی، برایان، باوکیان، کەسێکیان موخەڕیبن و دژی فەرماندەی مەزنن (خوا بیپارێزێت)، وتی دەك خوا ئەو و تۆش لە ناوبەرێت، من دەزانم کەسوکاری پێشمەرگە و موخەڕیبن، ئەی ئەمان گوناحیان چییە؟!

وتم ڕەنگە بە دەیانجار پاڵپشتی پێشمەرگەیان کردبێت، تۆ نازانی ئەم منداڵانە گەورە ببن هەر یەکەیان دەبێتە مامە ڕیشەیەك بۆ گیان هێزەکانمان. دواتر کە تۆ هێندە بە سۆزیت بۆ ئەم ئەرکەت گرتە ئەستۆ؟ شەڕ و ڕووبەڕووبوونەوە مرۆڤی دڵڕەقی دەوێت؟

وتی من شیعەم و کەسوکارەکەی منیش زۆریان وەها لە نێو بران بە پاساوی ئەوەی ئێمە دژی ڕژێمی بەعسین، لە کاتێکدا تەنها دەمانویست مافی ژیان و گوزەرانمان هەبێت و وەك مرۆڤ و هاونیشتیمانییەکی ئەم وڵاتە مامەڵەمان لەگەڵ بکەن. بیرت نەچێت هیچ هێزێك، بە هێزی سەربازی لەناو ناچێت، چارەسەری کێشەی ئەو وڵاتانەی فرە نەتەوە و ئاینیین، دەبێت ئارەزوومەندانە بێت، چەندین برا و کەسوکارم لەم شاخانە پێشمەرگەبوون و شەهیدبوون و ئاشنایەتیمان لەگەڵ ئەم ئاو و خاکەدا هەیە، زۆرترین کارئاسانی دەربازبوونم کرد بۆ ئەنفالکراوان، بەڵام بەداخەوە بە قسەی حەمەخانە مریشك دز دەکەن و دەیووت ئەرزتان بۆ وەردەگرم و هەمووتان دەکەمە خاوەن خانوو، بۆیە هەڵنەهاتن و هەر لە زیندانەکان مانەوە، تا هەموو بەرەو مەرگ ڕاپێچکران.

وتم گەورەم منـیش ڕۆژگـار کردوومـی بـە خـۆفرۆش، هـەموو ئەوانـەی پەیوەندی نیشتیمانی پێکەوەتان دەبەستێت، بۆ من پەیوەندی نیشـتیمانی و نەتـەوەیی و خزمایـەتی پێکـەوەمان گرێـدەدات، فەرمانـدەی پێشـمەرگەکان خۆیان و ماڵ و منالْیان دەربازکرد و ئـەم فـەقیر و هەژارانـەیان گورگـانخوارد کـرد، ئێسـتا ئێمـە نـەدەتوانین بەعسـییەکی عـەیار بیسـتویەك بـین و نـە نیشتیمانپەروەر، بۆیە هاتووم گەر گەنج و پیاوەکانیش دەنێـرن بـۆ مـەرگ، ڕێگـە بـدەن هەنـدێك لـەو ژن و مندالْانـە ڕزگـار بکـەین. سـەری ڕازیبـوونی لەقانـد و وتـی لـەم جـۆرە بارودۆخـەدا ئـەبێت چـاوەڕوانی هـەموو شـتێك بکـەیت، باشـترە لـە بـری ئـەوەی بانگـەوازی ئازادکردنیـان بکـەیت بـڕۆن و پیاوەکانـت بنێـرە ئـەو خێزانانـەی ماونەتـەوە نەیەنـە خـوارەوە و خۆیـان حەشار بدەن، تا دەرفەتێك دەدۆزننەوە و دەربازیان دەبێت.

دەنگـی تەقەیـەك بیسـترا و بـە پەلـە لـە ژوورەکـە هاتینـە دەرەوە، تراکتۆرێك پڕ لە ژن و منالْ و خێزان نزیکبوونەوە و پاسەوانەکان تەقـەیان لێکردبوو، دەستیان کـردە قیـژە و هـاوار. وتـی ئێسـتا ئەمانـە بـەپێی خۆیـان هاتوون بۆ سەر پەتی سێدارە، هەر کەسێکی ژێـر ئـەو شاخ و ئەشکەوتانەی بەدەستەوە بێت بەپێی خۆی نایـەت بـۆ لای سوپای دوژمنەکـەی، ئێـوە چـی میللـەتێکن! کـاتی لێخۆشـبوون و عافواتەکـە بـەدەم بانگەوازەکـەی ئێمـەوە نەهاتن بۆ خۆ دەربازکردن لە سالْی پار، ئێستا دوای ئەو هەموو ماوە و شـەڕ و کوشتارە خوێن ملتان دەفرێت هاتوونەتەوە ژێر دەستی هەمان سوپا.

وتم ئەمانە گوناحیـان نییـە، چونکە پێشـمەرگە ڕێگـەی لێگرتبـوون و وەك قەلْغان بەکاری دەهێنان، وتی بڕواناکەم، وتم بەلْێ بڕوا بکە مـن چـووم و لـە ئەشـکەوتی بـەکرێگیراوان هـەموو هەڕەشـەکانی سـەید عـەلیم پێـوتن

کەسیان بە قسەیان نەکردم و منیان بەوە لە قەڵەمدا کە بوومەتە ورە ڕووخێنەری خەڵك و هێزی پێشمەرگە.

پێکەوە چووین بۆلای تراکتۆرەکە هەندێ هەرزەکاریان تێدابوو، ژن و منالەکان ڕەنگ بزرکاو، دیاربوو هەفتەیەکە لەناو عارەبانەی تراکتۆرەکەدا هێزیان لەبەر براوبوو، ژنێکم بینی ناسیمەوە، کە کاتی خۆی پێشمەرگە بووم لەسەر جادەی قادرکەرەم بریندار بووم هێنامیانە گوندی کانی قادر لەوێ تیماریان کردم و زۆر خزمەتیان کردم، ئەوم ناسییەوە، بەڵام ئەو چونکە بەغیرەت بوو، تەماشای من و فەرماندە عەرەبەکەی نەکرد، نەمیناسییەوە. وتی پێیان بڵێ هەوڵدەن خۆیان ڕزگار بکەن، گەرنا بە ئەم ئاشکراییە بێنە بەردەست هەر هێزێك دەبێت بیانگەیەنێتە قافڵەکاندا بۆ ناوەڕاست و باشور بگوازرێنەوە، بۆیانم تەرجوومە کرد و ژنەکە ئاوڕی دایەوە وەك ئەوەی دەنگی ناسیبێتم. وتم خەڵکی کوێن؟ گەنجەکە وتی بناری گل؟ وتم چۆن نەچوون بۆ دووز، یان قادرکەرەم و هاتن بۆ ملەسوورە؟ وتی سەرمان لێشێواوە خۆمانیش نازانین بۆ کوێ دەچین و کوێ کوێیە! تەنیا هێندە بەرگەی برسێتی و تینێتی و خۆحەشاردانمان گرت و ئیتر بشمانکوژن توانای مانەوەمان نەماوە لەو چۆڵەوانیانە، کە کەس بە کەس نییە و مانایەك بۆ مانەوەمان نەماوە، وتم پیاوەکانتان کوان؟ ژنێك وتی: ئەوەی پێداربوو هەڵهات و بێ پێکانی وەك ئێمە بە دەستی خۆی دێتە بەردەستتان، ئیتر ئێوە خۆتان و خواتان. تکایە چی لە ئێمە دەکەن قەینا، بەڵام بهێڵن گەنج و منداڵەکانمان ڕزگاریان بێت. دەستی درێژکرد وتی ها ئەو ئافرەتەمان مانگ خۆیەتی و ڕەنگە سەعاتێك تر منداڵی ببێت، هێندە تراکتۆر هەڵیتەکاندووە دوو ڕۆژە خوێن لە دامێنی دەڕوات.

وتم ئەم فەرماندە عارەبە باشە و زۆر نیگەرانی گوزەرانتانە، منیش کوردم و دەتانناسم، پێش ئەوەی ببمە جاش و تەسلیم بەعس ببم، پێشمەرگە بووم، هاتوومەتە ماڵی ئەو ئافرەتەی ئەو سەر، ئەو خێزانی حاجی حەسەنە و قەرزارباریانم، دیسانەوە ئاوڕی دایەوە وتی تۆ سمە ڕەشیت وا لەم دوایەدا سەری هاوڕێکەت بڕی و بوویتەوە جاش! وتم کاتی ئەوە نییە خۆتان دەزانن دەسەڵاتی ئێمە سنوردارە و ناتوانین هەموو شتێکتان بۆ بکەین، ئێوەش زۆرن وەرن دەتوانم تەنها سێ کەستان ڕزگار بکەم، کام سیانەتان دێن لەگەڵ خۆم دەیبەم، یان منیش وەك ئێوە چارەنووسم نادیار ئەبێت، یان پێکەوە ڕزگار دەبین.

ئافتاوی خێزانی حاجی حەسەن هێندە هەوڵمدا لە گەڵمدا نەهات، وتی مرۆڤێك وەفای بۆ هاوڕێ و هاوسەنگەرێکی خۆی نەبێت، من چاوەڕێی چی لێبکەم!! هەموویان لە ئێمە مەردتر بوون، چونکە دەستی سێ مێرد منداڵیان گرت و خستیانە لامان، تەنانەت کەسیان وەك فەرماندەکانی پێشمەرگە، هەوڵی ڕزگار کردنی خۆیان نەدا، کە پێش هەمووان ماڵ و منداڵەکانی خۆیان دەرباز کرد و خەڵکی گوندەکانیان بە تەنیا بەو شاخ و کەڵۆەز و هەردانەوە بەجێهێشت.

وتیان ئەمانە بگەیەننە ماڵی ئەحمەد ئاوباریکی، ئەوان دەیانگەیەنن بە دەستی خزمەکانی خۆیان، چونکە ئێوە زەحمەتە مام و خاڵەکانیان بدۆزنەوە.

## (8)

ژیانی پارتیزانیمان زۆر سەخت بوو، بەتایبەت دوای چۆڵ کردنی ناوچەکە ئیتر سوپای بەعس و جاشەکان هەر کەسێکیان بینیبایە و جووڵەیەکیان بەرچاو کەوتبا، بەر دەستڕێژی گولەیان دەدا. بۆیە ئیشی ڕۆژانەمان خۆشاردنەوە بوو، بە شەویش هەوڵی شوێن گۆڕین و کۆکردنەوەی خۆراکمان دەدا، خواردنەکانیش زۆربەی ئەوانەی دەستی جاشەکان کەوتبوون، دزرابوون. جگە لەوانەی دەستی سوپا کەوتبوون ژەهراوی کرابوون. چووینە سەر چەندین کانی وەك کانی قواوی کەریم باسام، کانی گەورەی خان، کانی پشت ماڵ لە ڕەمەدان، کانی بامێ لە قەواڵی هەمووی پڕکرابوونەوە و ئاو بە ئەستەم دەست دەکەوت، بەڵام بوونی ئاوەسپی و بارانە ساڵ قەرەبووی بێ ئاوی بۆ دەکردینەوە، بەڵام ئەستەم بوو

قەرەبووی خواردن بکرێتەوە، گیانمان بە پاشماوەی ئەو خواردنانـە بـوو، کـە خەڵکەکـە بـۆ خۆیـان شـاردبوویانەوە و دوای بێئومێـد بوونیـان بـەجێیان هێشتبوو، هەندێکی خراپ بووبوون، زۆریشیان کـەڵی بـەکارهێنانیان مـابوو، هەرچۆنێك بێت بەشی مەفرەزەیـەکی پێـنج کەسـی خـۆراك پەیـدا دەبێـت. بـەڵام مانـەوە بـۆ ماوەیـەکی زۆر هـەم پشـوو درێـژی دەوێـت، هـەم توانـا و ئیرادەیەکی زۆر، ئەنفال تاوانێك بوو زۆر کەسی بە چۆکداهێنا، کـوڕی خـۆی دەویست بتوانێـت بەرگـە بگرێـت، هێنـدە تەحەدیاتـەکان گـەورە بـوو، بۆیـە سـەرەتا وامزانـی تـەنیا ئێمـە ماوینەتـەوە، دواتـر هـەواڵمان بـۆ هـات چـەند مەفرەزەیەکی تری پارتیزان لە گەرمیاندا ماونەتـەوە و ئـەوانیش هـەر ئـەم ئەشکەوت و کەلۆزانەیان کردووەتە نشتیمان، کەوتبووینـە ڕۆژگارێـك دەبـوو چۆن لـە بـەعس و جاشـەکان خۆمـان دەشاردەوە و هەڵدەهاتین، بـە هـەمان شێوەش لە دەستە پارتیزانەکانی تر خۆمان دەشاردەوە، چونکە بیسـتبوومان چـەند پێشـمەرگەیەکمان دوو فەرمانـدەی لایـەنی بەرامبـەریان کوشـتووە و سەریان بەدیاری بردووەتەوە بۆ بەعس، تا لێخۆشبوونی پێ بەدەست بهێنن. دەترسـاین لـە هـەر دەرفەتێکدا ئـەوانیش دەسـت لـە ئێمـە بوەشـێنن، دواتـر بۆمـان دەرکـەوت چـەندینجار لەبـەر دەسـتیان بـووین و خۆیـان لێمـان پاراستووە، نەیانهێشتووە ڕووبەڕووبوونەوە ڕووبدات.

بە هەر چوار هاوڕێکەم وت ماوەیەکـە سمـە دەنگـی نییـە، ناحەقیشـی نییە، چونکە ئێمە بەردەوام جێگەمان دەگۆڕین و خۆمان دەشارینەوە، بۆیـە با نووسراوێکی بۆ بنووسین و ئاگاداری بکەینەوە پێویستمان بە یارمەتییە و دەبێـت زوو زوو بەتەنگمانـەوە بێـت، هـەموویان وتیـان نـا لـەم بارودۆخـە

ناسکانەدا کەس هەواڵت نەزانێ باشترە، کێ ناڵێت نووسراوەکە ناگاتە دەستی ئەمن و ئیستخبارات و ئەم ئەشکەوتانەشمان لێ ناکەنە دۆزەخ!

هاوڕابووم لە گەڵیان لە دەرفەتێك دەگەڕام بۆ ئەوەی ئایندەمان مسۆگەر بکەم، گەر بە ئەو شێوەیە کەس هەواڵی لێمان نەبێت دەفەوتێین، چووینە دیوی داودەدا و هەندێك بنەڕان مابوونەوە شەوێك خۆمانکردە ناو ئەواندا و بە دەم هەڵپێکاوی لێیانمان خوڕی، وتیان ئێوە چی کارەن؟

وتمان: (فرسان)ین و لەم ناوچەیە ئەرکمان پێ سپێردراوە و خواردنمان لێبڕاوە بۆیە فەردە ئارد و برنج و شەکەرەکانیانمان هێنا، پیاوێکیان وتی هەرچیتان ویست پێم بڵێن بە ئەو خوایە جاش ئەوەندی بە غیرەت نییە بەشەو بێتە سەر خەڵك. وادەزانم ئێوە پێشمەرگەن و لەم جەوەڵانە دەمێننەوە، مەترسن چیتان ویست هاوکارتان دەبم، بەڵام من کاسب و شوانکارەی ماڵی خۆم دەکەم و حەقم بە سیاسەتەوە نییە، بەخوا بەعسی بێت هەر خزمەتی دەکەم و پێشمەرگەش بێت هەروەها، بۆیە حەزدەکەم وەك مەرد بێنە ماڵەکەم نەك وەك دز و خۆفرۆش. ئێمە چەکمان پێیە نەمانویست تەقەتان لێبکەین و خۆمان بکەینە دوژمن هیچ لایەك، ئەگینا دوو هەفتەیە بە شوێن پێ و گوەکانتاندا دەمانزانی لەم ناوچەیە مەفرەزەی نادیار هەیە، کوڕم گەر دنیا دیدەبن شوێن پێکانی خۆتان لەم سنوورە دەسڕنەوە.

ئەو قسانە هی پیاوێکی بەتەمەن بوو، کە ئەزموونی ژیان زۆر شتی فێرکردبوو، دەیانجار ئێمە لە گوندەکان قسەمان بۆ خەڵك دەکرد، بەڵام وەها بێدەنگ نەبووین لە وەڵامی ئەو پیاوەدا، ئاخر ڕاست دەکات گوندنشینان و

ئەوانەی کاسبن و حەقیان بە سیاسەتەوە نییە تەنانەت گوکردنیشیان لە هی سیاسییەکان ناچێت، ئەوە یەکەمجارم بوو بیر بکەمەوە بۆچی سیاسییەکان نازانن وەك مرۆڤ گوش بکەن؟

بیرمە جارێك لە سپیسەر مام عەلی وتی: هەر کاتێك بە دوای مانگاکانمدا ڕۆشتبام، ئێوارە بە شوێن تەپاڵەکانیدا دەچووم و بە ئاسانی دەیانم دۆزییەوە.

جارێکی تریش لە کوردەمیر لە دیوەخانەکەی حەمە ڕەزا بووین عەتارێك (وردەواڵە فرۆش) میوانیان بوو، وتی ئەمانەی ئێستا کەی پێشمەرگەن، ئەی دەست شکاوم بۆ کاك سیروان و سامان و کاك خالید و حەمەی ڕەشید میران و قالەی کاکەباش، ئەمانەی ئێستا حەیفە پێیان بێژی پێشمەرگە، تەنانەت کانیاوەکانی نێوان گوندەکانیشیان کردووەتە شوێنی گوو کردن، ئاخر ڕۆڵە مەعقوڵە لەو هەموو هەردە و دۆڵەی بنەی جافە لەسەر کانیاوەکەی گوند بڕێیت، هەموو لە قاقای پێکەنینماندا، خاوەن ماڵ وتی: ناترسی ئەم پێشمەرگانە بتگرن کە وا دەڵێیت! وتی: نەوەڵڵا هەڵسم بەم گۆچانەی دەستم گیانیان دەشکێنم، ئەوەندەم بەم گۆچانە داوە لە کەرەکەم، خۆشە بووە و دەستی منیش ڕاهاتووە، کاك حەمە ڕەزا سەیرێکی کردم و چاوێکی لێم داگرت و وتی: کاك عەبە سیاسی ئەم حەمە بچکۆلە عەتارە و گوند بە گوند دەگەڕێت، زەنگنە و جاف و داوییە بە وەتەنی خۆی دەزانێت، کەسێکی دڵساف و قسە لە ڕووە قسەکانی لە دڵ مەگرن، وەختی خۆی پێشمەرگە نەیانناسیوە و زۆریان لێداوە و دەستیان شکاندووە، بە

کەسێکی بەعسی تێگەیشتوون، بۆیە لەو ڕووداوە بەدواوە دەڕواتەوە شار و خەریکی کاسبی دەبێت، لەوەشەوە ڕقی لە پێشمەرگە گەنجاکانە.

خواردنەکانمان گواستەوە چەمی قامیشە و لە شوێنێکی باش شاردمانەوە، وانەیەك فێربووین بۆ لەوە بەدوا کە دەبێت دار و درەخت بەدوای خۆماندا ڕاکێشین و ئاسەواری شوێن پێکانمان بسڕینەوە، بشزانین لە کوێ و چۆن سەرئاو دەکەین، دەرکەوت ئێمە لە خەڵکەوە دیارین و بە خۆمان نازانین.

لە 4/20 کە قۆناغی سێی ئەنفال تەواو بوو، بارودۆخەکە تۆزێك هێور بوویەوە. دەرفەتی گەڕان و پشکنین و دۆزینەوەی خەڵك ئاسانتر بوو، وردە وردە خەڵك ئەوەی دەستڕۆشتوو بووایە و کەسێکی بناسیایە دەهاتنە گوندەکان و چاڵە گەنم و جۆیان هەڵدەگرت، لە بنەکە هەندێك کەسمان بینی بۆ هەواڵ پرسین ڕۆشتم بۆلایان. وتیان: تۆ کێی؟ وتم پێشمەرگەین، دوای گفتوگۆ، ناسیار دەرچوون. هەواڵی شار و چارەنووسی ئەو خەڵکەم پرسی. پیاوێك دەستی کردە گریان و وتی: هەموو زیندە بەچاڵ کران، فەوتان، تەماشاکە ئەم وێرانەیە بەچاو خۆت ببینە، پرسیاری هەڵوێستی خەڵکم کرد. وتیان: لە کەلار هەوڵدراوە خەڵکەکە ڕزگار بکرێن، بەڵام هەوڵەکەیان بێ ئاکام بووە. لە دووز پیاوێکی تێکۆشەری کورد، ئەو ژن و منداڵانەی دیوە دڵی ژانی کردووە لە زیندان. بۆیە وتوویەتی بەعس بزانێت هاوکارتانم لە سێدارەم دەدات، باشترە ئێوارەی لێهات خۆتان بکەنە هات و هاوار و خۆتان ڕزگار بکەن، ئێمە هەندێك تەقە دەکەینە بان سەرتاندا و مەترسن قەستکوژ تەقە ناکەین و بۆ پاك بوونەوەی خۆمانە لەلای بەعس،

بەمەرجێك خۆتان تەحەموولی ژیانی خۆتان دەكەن و هەركەسێك دەستگیر كرا ناوی ئێمە نەهێنن و سەرمان بە قوڕدا مەكەن.

وتم كە ڕۆشتنەوە هەرچۆنێك بووە سمەم بۆ بدۆزنەوە و لە ڕێگەی ناسیارێكەوە بچنە خزمەتی و سەلامێكی لێ بكەن و پێی بڵێن: سیاسی وتوویەتی لە دەرفەتێكی گونجاودا بیبینین، وتیان ئەو ئێستا هیچ ناكات دێت بۆ ئەم ناوچەیە، لە كاتێكدا كە لە شار هەر خەریكی كورد بە دەستەوەدانە! خزمەكانی خۆی ئازاد دەكات و خەڵكی داماویش بە گرتن دەدات و دەیانكاتە دیاری بۆ فەرماندەكانی. وتم: ئەوەی دەیڵێن ڕاستە و ئاگادارین، بەڵام ئەو ناتوانێت لە قسەی ئێمەش دەرچێت، لەوە وەكوێ ژیانمان خستووەتە ناو لەپمان و شەڕ بە مەرگ دەفرۆشین. ئەوان ڕۆشتنەوە و ئێمەش بۆ خۆپارێزی ئەو شوێنەمان بە جێهێلا و بەردەوام چاودێری شوێنەكەمان دەكرد.

جارێك لە باوەكر بووین هێندەمان زانی جێبوازێك خۆیكردە ناو گوندەكەدا، جاشەكان دابەشبوون و فەرماندەكەیان لە ناوەڕاست ئاوایی وەستابوو، بە دووربین تەماشامان كرد زانیمان سمەیە، دیاربوو ئاگاداربوو لە بنەكە خەڵكمان دیبێت حەتمەن لەو نزیكانەین، چووینە لای و بەڕاشكاوی گلەی و گازندەی خۆمان پێیگەیاند، سووربووین لەسەر ئەوەی دەبێت لە (صمود) ڕزگاری شوێنی حەوانەوەمان بۆ دابین بكات یان وەك بەعسییەكی باڵا تەماشای دەكەین.

ئەو لە ئێمە دەترسا و ئێمەش لە ئەو، ناحەقمان نەبوو لە ماوەی پارتیزانیدا گوێبیستی زۆر چیرۆكی دڵتەزێن بووین، مەفرەزەیەكمان لە

نزیـك جـەباری لەلایـەن جاشـێکەوە کرایـە قوربـانی و تەرمـەکانیان بـە کەرکوکـدا ڕادەکێشـرا، لــە سـەنگاو مەفرەزەیـەکی ترمـان لەلایـەن پێشمەرگەیەکی ترمانەوە کە خزمی قاسمە ئاغا بوو، کوژران و خۆی بوو بـە دەسـتە ڕاسـتی و دواتـر بـەهۆی ژەهـراوی کردنـی خـواردن و کانیاوەکانـەوە حەوت پێشمەرگەی تریش مردن، ئەمانە وایکردبوو نەك لە سمە، بـەڵکو لـە پارتیزانەکانیش سڵبکەینەوە.

سمە وتی: من لـە گـەڕەکی چـوار هـەزار خانوویـەکتان بـۆ ئەدۆزمـەوە، بەڵام هیچ هێزێکی پارتیزانی ناتوانێت هەفتەیـەك لـە شـوێنێك بمێنێتـەوە، بۆیە دەبێت پێیەکتان بە شاخەوە بێت.

پرسـیم: دەڵێن سـەدان کەسـت بـەگرت داوە و سـەرنگوم کـراون، ئـەی نەتتوانی خزمەکانی من دەربکەیت؟! هەر خەریکی دەربازکردنی خزمەکانی خۆتی؟!

وتی: ئێمە نازانین کامانە دەربازیان دەبێـت و کامانـەن دەبنـە نێچیری بـەعس، جـاری وەهـا هەیـە، ژن و منداڵـەکانی خۆشمـان لـە ژێـر کـۆنترۆڵی خۆماندا نین، ئێوە بەعستان نەناسیوە، تۆوی خۆفرۆشـی لـە هـەر خێزانێـك چاند، ئیتر ئەو خێزانە هەڵدەوەشێتەوە، ئەمنـەکان لـە مـن زیـاتر دەسـتیان دەچێت لە ناو ماڵی خۆماندا.

سمە لە پێشمەرگایەتیدا زۆر ئازا بـوو، بۆیـە کـە بـوو بـە مستەشاریش هەر ئازا بوو، دەمزانی ناتوانم بە زۆر هیچی بـە سـەردا بسـەپێنم. داوامکـرد پێناسـەکەی خـۆیم پێبـدات و بـڕۆم بـۆ بەغـداد و لـەوێ خـۆم لـە چـاوان گومبکـەم، لـەبری ئـەوە دوو پێناسـەی تـەزویری بـۆ هێنـابووین و پێیـداین،

دەبوو لە ئەو مەفرەزە پێنج کەسییە دووانمان ڕزگاری ببێت و سیانمان بکرێینە گەرووی ئەژدیهاکەی بەعسەوە، جگە لە ئەمە مانەوەمان بوو بە ئەو کۆڵە مەرگییە و دەبوو هەر ئەم ئەشکەوت و ئەو ئەشکەوتە بکەین بە سەرمای زستان و گەرمای هاوین. یان پێدانی دوو پێناس بۆ دوو کەس و دەربازبوونیان و بەدەستەوەدانی سێ پێشمەرگەکەی تر.

کاتێك دووبەدوو ئەم قسانەی بۆ کردم ناڕازیبوونی خۆمم پێڕاگەیاند، زانیم سیاسەت بووەتە بازرگانی و دەبێت وەك زیان و قازانج مامەڵەی لەگەڵ بکەی، بۆیە وادەی هەفتەیەك مۆڵەتم لێوەرگرت بۆ بڕیاردان و وەڵامدانەوەی، سەخت بوو بە ئەو شێوەیە و یەکسەر بتوانم بەرانبەر بە ڕزگار کردنی گیانی خۆم و هاوڕێیەکم، سێ هاوڕێ و تێکۆشەری کوردایەتی بکەمە خۆراکی بەعس، ڕێکەوتین لە ئەشکەوتی بەکرێگیراوان و لە سەرەتای هەفتەی داهاتوو یەکببینینەوە. ئەوان ڕۆشتن و ئێمەش بەرەو سێگۆشەی نێوان گوندەکانی تەکیە و تەڵەبی و کەریم باسام بەڕێکەوتین.

لەنێوان گوندی ڕەمەدان و باوەکر چاومان کەوت بە گەنجێکی باڵابەرز و بە هەڵمەت. کە ئێمەی بینی بەرەولامان هات، ئێمە کە ئەومان بینی هەوڵی خۆشاردنەوەماندا. دەمانزانی کوشتنی کەسێك و دوان هیچ لە بارودۆخەکە ناگۆڕێت، کە نزیك بوویەوە بە دەنگی بەرز هاواریکرد: مەترسن من خۆم هەر بۆلای ئێوە هاتووم، دەمزانی مەفرەزەکانی پێشمەرگە هەر لە ئەم ناوچانە خۆیان حەشار ئەدەن، بە دەنگیدا ناسیمەوە پێشمەرگەی خۆمان بوو بەناوی حەمەنوری، بەڵام دەزانم حەمەنوری پێش چەند مانگێك دڵی ئۆقرەی لەبەر بڕاو بۆئەوەی خێزان و مناڵەکانی بە

بێکەسی نەکەونە دەستی بەعس و جاشەکان، چەکی دانا و وەك پیاوانی گوندنشین خۆیکردە ناو ئاپۆرای خەڵکەکەدا و ئەنفالکرا. ئەی چۆن ئێستا ئەم پێشمەرگەیە لە ئەو شاڵاوی مردنە ڕزگاری بووە؟

لە دوورەوە تێمانخوڕی و وتمان نەیەیتە پێشەوە، وتی: مەگەر ئێوە پێشمەرگەنین؟ وتمان: بەڵێ. وتی: من ناناسن؟! مەگەر لە کاتی تێکشکانەکەدا نەتانووت کێ دەیەوێت بڕواتەوە بۆ لای بەعس و ماڵ و منداڵەکەی با بڕوات. بیرتان چوو؟!

وتم: نا لە بیرم نەچووە، بەڵام تۆ ئەگەر ئەنفالکرابیت و هەموو ئەنفالکراوان زیندە بەچاڵ کرابن، چۆن ڕزگارت بووە؟! گەر بەعس نەیکڕیویت و نەیناردوویت تا شوێن و جێگەمان بزانیت و هەموومان بفرۆشیت بە بەعس؟

کە وام وت: توڕەبوو وتی: بە نەفرەتبیت، من خوا نەیکوشتووم، من تاقانەی ئەنفالم و کەسم بۆ نەماوەتەوە. کە ئەنفالکراین و براینە قۆرەتوو، دواتر بۆ بیابانەکانی سەماوە بردیانین و لە ئەوێ گەنجەکانیان بە پێش چاومەوە کوشت و شایەتحاڵێکی زیندووی تاوانەکانی بەعسم، ئێستاش دیمەنە پڕ لە ئازارەکانی ئەنفال لە پێش چاومە و تۆش دەڵێیت پیاوی بەعسیت؟!

بیرم کردەوە ئەو کەسێکە و ئێمە پێنج، لەبری ئەو شەڕە قسەیە باشترە بانگی بکەینە پێشەوە و پاسەوانیمان توندوتۆڵتر بکەینەوە، بۆ ئەوەی گەر کەمین بوو، لە کاتی هێرش و پەلاماری جاشەکان بتوانین خۆمان دەرباز بکەین.

هاته نزیکەوە و هەر پێنجمانی ناسییەوە، وتی بە گۆڕی شەهید مامە ڕیشە، هەموو ئەوانەی باران و واماندەزانی دەبرێنەوە بۆ شارەکان و مەترسی لەسەر ژیانیان نامێنێت، کرانە ژێر خۆڵەوە و بەبێ کفن و هەر بە جلە کوردییەکانەوە خۆڵیان بە سەردا کرا، جگە لە گەنجەکان کە بە ڕووتی شەهید کران. پرسیم باشە گەر وابوو تۆ چۆن ڕزگارت بوو؟

وتی: من کە لای ئێوە ڕۆشتم و بە پەلە خۆم گەیاندە ملەسوورە لەوێ حەشاماتێك بوو نەبێتەوە، خەڵکی هەموو گەرمیان لە ئەوێ کۆکرابوونەوە. خێزان و منداڵەکانی خۆم بینییەوە لەگەڵ خەڵکی ئاوایی هاتبوون، لە ئەوێ وەك ئەوەی لە گۆڕستان گەڕابێتمەوە باوەشیان پێداکردم، ئاخر ئەوان کە لە پێش دەستپێکی ئەنفالەوە منیان نەبینیبوو، بە هۆی شاڵاوەکانی ئەنفال و شەڕەکانی سەرکردایەتییەوە وایانزانیبوو شەهید بووم. بۆیە کە هەواڵیان بیستبوو پێشمەرگە شکاوە و گەڕاوەتەوە بۆ ژوور، گریمانەی کوژرانی منیان کردبوو، بەڵام خۆزگە کوژرابایەم و ئەو دیمەنانەم نەدیبایە کە دیم.

وتم کاکە حەمە خۆت دەزانی لە ئەم دەشتودەرە چەند مەفرەزەیەکی بچووك ماوینەتەوە و بڕوات هەبێت کەسمان نە سقەمان بە یەك هەیە و نە حەزمان لە یەکترییە، بۆیە دەتوانم بڵێم شەهیدانی دەستی غەدر و خیانەتمان هاوتایە لەگەڵ شەهیدانی سەنگەرمان، ئەوەی دوای تۆ لەم ناوچەیە گوزەراوە هیچی کەمتر نییە لەوەی تۆ باسی دەکەیت، بۆیە ڕەنگە تۆ ڕاست بکەیت و وەك شایەتحاڵێکی زیندووی گۆڕە بەکۆمەڵەکان گەڕابێتیتەوە، بەڵام بەعس بە مەبەست تۆی ئازاد کردبێت و چاودێری وردی بۆ دانابێتی بۆ دۆزینەوە و شوێنپێ هەڵگرتنی دەستە پارتیزانەکان؟

خۆی نەگرت و بە هەڵەشەییەوە وتی:

دەزانن زۆر سەیرن؟! بوونی من و بە زیندووی هێشتنەوەی من بۆ بەعس، زیانەکانی زۆر زیاترە لە هەموو ئەو مەفرەزە و دەستە پارتیزانانەی لە قەندیلەوە تا گەرمیان هەن. بۆ تێناگەن؟! بەعس من بگرێت، نەك ڕێسکم پێوە ناکات و نامنێرێت بۆ لای ئێوە، بەڵکو هەر بە زیندووی کەوڵم دەکات. ئاخر دەزانن بە زیندوو مانەوەی من چەند گرنگە بۆ شۆڕش و ئەو ڕۆژانەی خەڵك ڕادەپەڕێت و ئازاد دەبێت؟! ئەوکات دادگایەك هەر دەبێت بانگم بکات و منیش ئەوەی بە چاوی خۆم دیومە بیگێڕمەوە.

دوو مانگە لە سمود خۆم حەشارداوە پەیتا پەیتا پیرەمێرد و پیرەژنی گوندەکان دێن و هەواڵی کوڕ و برا و کەسەکانیانم لێدەپرسن، نەمتوانی خۆم بگرم و باسی ئەو ڕووداوانە نەکەم کە بینیوومن، بۆیە لە ڕێگەی ناسیارێکمەوە ئاگادار کرامەوە کە هەڵبێم و خۆم ڕزگار بکەم، ئەگینا بەعس بڕی دە هەزار دیناری تەرخانکردووە بۆ هەر کەسێك کە بمگرێت و بە زیندووی، یان مردووی بمداتە دەستی هێزە ئەمنییەکان. ئێستاش ئێوە گومان لە من دەکەن و وادەزانن من بوومەتە بەعسی و هاتووم ئێوە بە گرتن بدەم. بۆ ناشێت سوپای بەعس بە ئەو هەموو هێزەی هەیەتی بە بوونی پێنج مزەلی و کلاشینکۆف بە دەست و هەزار فیشەکەوە ترسی لێ نیشتبێت!

دوای نیو سەعاتێك گفتوگۆ بە برادەرانم وت ئاڕاستەکەمان دەگۆڕین و دەگەڕێینەوە بۆ ئەشکەوتی بەکرێگیراوان، نەمشاردەوە ترسم هەیە لەم برایەمان و نابێت لێی بێئاگابین، خۆ کاکە حەمە لە هێمنەڕەش و مچە

شەل و کاکل و بەشەی نەسرین قارەمانتر نەبوو، کە هەموویان لە پێناو خۆڕزگارکردن سەری چەندین پێشمەرگەیان بڕی و بە دیاری بردیانەوە بۆ بەعس. نابێت مێژووی پێشمەرگایەتی بکرێتە پێوەر، دەبێت بە وردی ئاگامان لە هەنگاوەکانمان بێت، گەرنا ئەوا زۆرێك هەن ژیانی خۆیان بە بردنەوەی سەری پێشمەرگەیەك بۆ بەعس دەکڕنەوە و دەبنە جێگە متمانەی بەعس و دەزگا ئەمنییەکان، ئاگادارم زۆربەی ئەوانەی دەبنەوە بەعسی و هێزە ئەمنییەکان تێکەڵیان دەبن بە ویستی خۆیان بێت، یان لە ژێر فشاردا، دەیاننێرن بۆ ئەنجامدانی تاوانی گەورە، لێتان ناشارمەوە سمەی خۆشمان نەیشاردەوە ئەمنەکان فێری ماڵەوەیان بوونە و تەنانەت ئێستا سڵ لە هاوسەرەکەشی دەکاتەوە!

بەدەم ڕێکردنەوە کاك حەمە نوریمان دایە پێش خۆمان و لە ئاوەسپی پەڕینەوە و گەڕاینەوە بۆ ئەشکەوتە سەختەکەی بەکرێگیراوان، ئەشکەوتێك کە تا نەچیتە سەری دیار نییە، شوێنەکە زۆر پەنهانە، ئەشکەوتێك بوو کە سێ جیگای ئاودڕی هەبوو، کە دەکرا بڵێی سێ ئەشکەوتە و یەکیان گرتووە و بوونەتە ئەشکەوتێکی گەورە، لە زستاندا کاتێك ئاوی باران بە خوڕ دەهاتە خوارەوە و دەیدا لە تاوێرەکان دوو بەشەکەی تری تەقە و هەراش بووایە ئاگات لێنەدەبوو. بەهار و هاوینان زەل و قامیش و دار و درەختێکی لێدەڕوا بە ئاستەم کەست تیادەبینی. جارێکیان ڕەوە بەرازێك هاتن بۆمان، تا هاتینە دەست لێیان بە ناوماندا تێپەڕین و لۆزێکیان لە کاکە شێخدا و برینداریان کرد، گەر دەواکانی دکتۆر بەختیار نەبووایە برینەکانی بە ئاسانی ساڕێژ نەدەبوو.

تـا گەیشـتینەوە ئەشـكەوتەكە دنیـا تاریـك بـوو، هونـەری سـڕینەوەی شوێن پێكانمان پیادەكردبوو، نەدەترساین كەس بە شـوێنماندا بێـت، چونكە ئیشـەكەمان وەهـا لێكردبـوو ئـاخر كـەس لقـەداریكی پڕگـەڵا بـەدوای خۆیـدا كـێش بكات، یـان گـەر گوێدرێـژمان پـێ بووایـە چـەند قامیشـێكمان پێكـەوە دەبەسـت و بـە ئـەملا و ئـەولای هەگبەكـەوە دەمانبەسـتەوە و لـە دوای هەمووەمانـەوە ڕامـان دەكێشـا، بـۆ ئـەوەی هـەر كەسـێك تەماشـای شـوێن پێیـەكانی كـرد وا هەسـتبكات شـوانێك، یـان كابرایەكـە هـاتووە بـۆ هـەر پێویستییەكی خۆی دار و قامیشی بڕیوە. هەتا بكرایە بـە شـوێنی قـوڕاوی و خۆڵاویدا نەدەڕۆشتین و هەوڵمان دەدا بە سەر زیخەڵانی و تاوێر و ڕەقەن دا بڕۆین، یان هیچ ئاسەوارێكی وەك جگەرە و خواردن بەجێنەهێڵین. تەنانەت پاشەرۆ و سەرئاوكردنیشمان دەشاردەوە، نـەوەك بـە هۆیـەوە بمـان دۆزنـەوە. كاكە حەمە تا پێشمەرگە بـوو جگـەرەی نەدەكێشـا، كـە بـەر شـاڵاوی ئـەنفال كـەوت و گەڕایـەوە جگـەرەی نەدەكوژانـدەوە، بـیرم بـۆ ئـەوە چـوو گـەر پلانگێڕییەك لـە ئـارادا بێـت ئـەوا بـە هـۆی ئـەم جگەرەوەیـە. چونكە هـەر دووسەد مەترێك و دەنكە شـقارتە و فلتـەری جگـەرە، هۆكـاری باشـبوون بـۆ دۆزینەوەمان، ئەگەر بیویستایە.

دوای پشوویەكی كورت ئاماژەم بەوە كرد لە ژێر تاوێرەكەی خـوارەوەدا چـاڵێكمان كـردووە هاوشـێوەی خانوویـەكی بچـووكە دوانتـان بـڕۆن نـان و چـاییەكە بێـنن و لێـی بنـێن، ئاگرەكـەش ببەنـە نـاو قـوڵترین كەندۆكـەی خوارەوە دوور لە بژوێن و پووشەكان بیكەنەوە، لە نزیك كانییەكەوە بن بـۆ سـەلامەتی هـەمووان. ئـەوان چـوون بـە كـاك حەمـە نـوریم وت: تـۆ زۆر

نەگبەتی هەرچی لە دڵتایە بۆ هەموو کەسێك باسی دەکەیت، ئاخر ئێستاکە هەرکەس بزانێت تۆ وەها گران و بەنرخیت بە خەیاڵیدا دێت بتفرۆشێت و خۆی دەرباز بکات، من ئێستاکە هەم لە تۆ و هەم لە بەنرخییەکەت دەترسم و دەزانم ئەنجامت لەناو چوونە.

وتی: من مێژوو، ناسنامەی میللەتێکی خۆخۆر و نەگبەتم، لەو ئیڤایەی براین بۆ قۆرەتوو، تێر لەگەڵ مناڵەکانم دوام، چاوم کەوتە هەموو ئازیزانم، کە ئەوان بۆ من هەموو دونیابوون. هەمیشە لە خودا دەپاڕامەوە بۆ مەرگیش پێکەوە بین، تا ئەوێ خودا ئاواتەکەی بەدیهێنام، دواتر کە لێکدابڕاین بەڵێنمدا گەر کوژراوم هەڵمەتی چەکی پاسەوانێك بدەم، یان هەمووان ڕزگار بکەم، یان بکوژرێم و سەرشۆڕی قبوڵنەکەم.

کاکە عەبە ئەوەی من دیوومە هیچ شایەتحاڵێکی زیندوو لە مێژوودا نەیدیوە، لە دوای دابڕانمان لە منداڵ و ژن و پیرەکان بە هەفتەیەك دواتر، عەسرێك جلوبەرگەکان لە بەرمان داماڵران و ڕووت کراینەوە، تەنها جلی ژێرەوەمان لە بەر مابوو. چاومان بەسترایەوە و نزیکەی دوو کاتژمێرێك براین بۆ چۆڵەوانییەك، کە هەمووومان هەر لە گەرمی و زۆری ژمارەماندا خەریکبوو دەبووراینەوە، هەر کە گەشتینە جێ دەنگی تەقە دەکات، دەرگاکەیان بۆ کردینەوە و بە شەق و تێهەڵدان تێمان بەربوون، پەڕۆکانی چاوبەستمان تەواو شلبووبوونەوە و هەندێکی بەتەواوی لاچوو بوو. بینیم چاڵەکەی ئێمە تەواو نەبووە، بۆیە ئامرەکە بە عەرەبی لە شۆڤێری چاڵ هەڵکەن و شۆفلکەی خوڕی وتی: زووکە ئەمە ئاخر دوو سەیارەی ئەنفالکراوانە و دایانپۆشە. بیابان بە ئەو شەوە جگە لە نەڕەی شوفڵ و

هاوار و ناڵە، هیچ دەنگێکی لێوەنەدەهات، گەنجەکانی عەلەیان و باوەکر و بنەکەم بەچاوی خۆم دی درانە بەر دەستڕێژی گولە و بەدەم ئەی ڕەقیب خوێندن و ئەی شەهیدان وتنەوە خوێنیان دەڕژایە نێو چاڵە شۆفڵەکانەوە و تێکەڵ بە لمی بیابان دەبوون. پیاوێکی بە تەمەنمان لەگەڵ بوو کە درەنگ پێناسی بۆ دەرکرابوو، کە هەرچەندە دەپاڕایەوە و هاواریدەکرد بە خوا من زیاتر لە پەنجا ساڵم، کەس بڕوای پێنەدەکرد و هەر بە سی ساڵ لە قەڵەمیاندا، کە درایە بەر دەستڕێژی گوللە هاواریکرد یا خوای گەورە ئەم ناحەقییە قبوڵ نەکەیت و ئەوەی وەکاشە و تەکیەی کاکە شێخی ڕووخاند و ئەم هەموو گەنجە خوێنگەرم و لە خواترس و کاسبەی کردە قوربانی، لە ناوی بدەیت.

کە ئەوان تەواوبوون و باندران سرەی ئێمە هات، گەنجێکی کەرکوکی بۆ ماڵی خاڵوانی هاتبوو لە گوندی کانی قادر ئەنفالکرابوو، چەند هاواریکرد ئەو قوتابییە و هیچ پەیوەندی بە چەکداری و پێشمەرگەوە نییە کەس گوێی لێنەگرتبوو، زانی هیچ چارەیەکی نەماوە مردن نەبێت پەلاماری پاسەوانەکەی دا و دەستی لە تفەنگەکەی گیربوو، دوو سێ گەنجیتر بە هانایەوە چوون سەربازەکان هەموویانیان بە هاوڕێ و سەربازەکەی خۆشیانەوە دایەبەر دەستڕێژی گوللە و هەموویانیان کوشت، کە ئەم هەرایە دروستبوو هەر کەسە و لای خۆیەوە پەلاماری پاسەوانی دابوو بۆیە دەستڕێژی گوللە کرایە ناوماندا هەندێکمان بریندارBووین و بەرکەوتین، ئەمە وایکرد ئەبو بیکەیسیەکەی سەر جێبەکە شوێنەکەی بگۆڕێت و بێتە نزیکەوە بۆ ئەوەی ئامرەکە بەرنەکەوێت. من کە فیشەکەکە بە سووکی بەر

دەستی چەپم کەوتبوو خۆم دزییەوە و ئەو دەرفەتەم قۆستەوە لە نێوان سەیارەکانەوە خۆم بکەم بەو دیوی تەپۆڵکەیەکی لمییەوە، جووڵەم لە خۆم بڕی، تا هەموویان باندران من هەر تەماشام دەکرد، دوای تەواوکردنی کوشت و بڕەکەیان، ئەو ناوانە گەڕان و تەرمی سەربازەکانی خۆیانیان گواستەوە و ڕۆشتن، منیش دوای نیو کاتژمێر ویستم یەکسەر دوورکەومەوە، لە دڵی خۆمەوە وتم: کێ دەڵێت لەم بیابەنە ڕزگارم دەبێت؟ ئەی ئەگەر نەمردم و ڕزگارم بوو، کێ بڕوا بە قسەکانم ئەکات؟! ئەگەر بەڵگە و نیشانەیەکی هاوڕێکانم لە گەڵ خۆمدا نەبەمەوە. بۆیە گەڕامەوە سەر گۆڕەکە و بە دەستی ڕاستم، تا توانیم خۆڵم هەڵدایەوە. ڕووپۆشێکی تەنك خۆڵ بەسەر لاشەی قوربانییەکانەوە بوو، کە دەستم بەر سەری گەنجێك کەوت بە ئاستەم ناسیمەوە، هەرچۆنێك بوو دەستیم ڕاکێشایە دەرەوە و یەکسەر سەعاتەکەم لە دەستی کردەوە. ماچی ناوچاوانیم کرد و سەعاتی گەنجەکەی هەوارە قوڵەم هێنایەوە کە مارەی کچێکی بڕیبوو هێشتا نەیگواستبوە، پێشتر لە ناو زیندانەکەدا وتی: سەربازەکانم خەڵەتاندووە کە ڕووتیان کردوومەتەوە ئەم سەعاتەم شاردووەتەوە و تا مردن ناهێڵم یادگاری دۆستەکەم بلەوتێنن.

لە سمود دایکی هاتە لام و وتی کوڕەکەم ماوە، مردووە؟ هەر کە سەعاتەکەم پێدا لە هۆش خۆی چوو، هەموو ئەوەی دیبووم بۆیانم گێڕایەوە. تەنانەت خێزانی گەنجە کەرکوکیەکەشم دڵنیاکردەوە کە بەتەمای کوڕەکەیان نەبن.

گەرچی دەربازبوونم زۆر زەحمەت بوو لەو بیابانە، بەڵام وەك ئەوەی خودا منی بۆ گێڕانەوەی ئەو بەسەرهاتانە هێشتبێتەوە، سەرەڕای هەموو نەهامەتییەکانی ڕێگەم هاتمەوە و دەربازم بوو، بە هاوکاری بنەڕانێکی دەوارنشینی عارەب، کە ئەوانیش وەك ئێمە قوربانی دەستی سیاسەتە چەپەڵەکانی ڕژێمی بەعس بوون. بۆیە کە هەواڵی خێزان و مناڵەکانی خۆمم پرسی لەو کەسانەی لە تاوانی ئەنفالدا زیندەبەچاڵ نەکرابوون و هاتبوونەوە، وتیان هەموویان براون و چارەنووسیان نادیارە، دڵنیابوومەوە وەك دیمەنەکانی لای خۆم وەها دڵ و خوێن و لاشەیان تێکەڵ بە لمی بیابان بووە، دەبێت هیوای کوڕم چەندێك هاواریکردبێت باوە باوە وەرە و تفەنگەکەت بێنە ئەم دڕندانە بکوژە وا هەموومانیان بە ناهەق کوشت!

هەندێك دڵیم دایەوە و باسی ئەوەم بۆ کرد مەرج نییە هەموو ئەوانە ڕاستبن، هەندێجار یادەوەری مرۆڤەکان شتەکان تێکەڵ دەکات و دەکرێت ئەوانەی بیری لێدەکاتەوە لە کاریگەری ترس و نائارامی دەروونییەوە بێت و وەك حەقیقەت مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، بۆیە دڵی خۆت تەنگ مەکە و ئێستاش لەم شوێنانەدا بە جۆرێکیتر هەر لە بەردەم مەترسی لەناوچوونین، ڕاستیت دەوێت کەسمان پێشبینی ئەوەمان نەکردبوو، کە بەعس وەها دڵڕەقانە و بێڕەحمانە بکەوێتە گیانی خەڵکی. تەنانەت سەرکردایەتیش دراسەی وردی ئەوەی نەکردبوو کە لە کاتی تەنگانەدا دۆستە درۆزنەکانمان پشتمان لێبکەن و بەتەنیا بۆ بەعس بەجێمان بهێڵن. ئەوەتا لە هەڵەبجە و سێوسێنان و قەرەداغ و دەشتی کۆیە و گۆپتەپە و عەسکەر چەکی کۆکوژ و کیمیاوی بەکارهێناوە و حسابی بۆ یەك وڵاتی دونیاش نەکردووە، بگرە

پشـــتگیری دەکـــەن و ئێرانـــی نـــا ئیســـلامیش لـــە بەرانبـــەر پاراســـتنی بەرژەوەندییەکانی و پشتکردنە حزبی دیموکرات لەلایەن بەعسەوە، جارێکی تر پشتی لە شۆڕشەکەمان کرد.

نـان و چـای ئامـادەبوو، دوای پشـوویەکی کـورت پاسـەوانیمان دەرکـرد، سەرەتا خۆم و دواتـر ئـەوان، بـە هـیچ شـێوەیەك ڕازی نـەبووم کاکـە حەمـە پاسەوانی بگرێت، هێشتا لەوە دەترسام ئەمـە تەڵـەبێت و بۆمـان نرابێتـەوە. ئەوان خەوتن و منیش بە بیرکردنەوە لەوەی کاکـە حەمـە لـە مامەڵەکـەمان لەگـەڵ سمـەدا دەکەوێتـە کـام بـەرەوە، ئایـا ئـەو دەبێـت قوربـانی بێـت یـان یـەکێك لـە ڕزگارکراوەکـان؟! ئـەوەش مـاوە بـۆ دوا دیـدارمان لـە هەفتـەی داهـاتوو، کـە تـا ئـەوکات گۆڕانکـاری زۆر ڕوودەدات، بەتایبـەت لـە سـەر حەمەنوری کە تاقانەیەکی دەربازبووی گۆڕە بەکۆمەڵەکانە.

## (9)

له بیری پلانێکدابووم هەردوو شۆڕشەکەی پێ ڕازی بکەم، پێشتر کە لە شاخیش بووم قەت کارێکم نەدەکرد لەگەڵ هێزەکانی تردا وەها دەستمان بچێتە خوێنی یەکتری، نەتوانین پاکی بکەینەوە. وتەکانی دایکم بیر دەکەوتەوە کە هەمیشە دەیگووت:

کوڕم کە شەڕ دەکەیت لە گەڵ کەسێکدا، بیری ئەو ڕۆژانە بکەرەوە کە پێکەوە یاری دەکەن و دەچیتەماڵیان و نێوانتان خۆشە، هەوڵمەدە بە چرکەیەك هەموو یادەوەرییەکانتان هەڵوەرێت، شەڕکەر ئاشتیت لە بیر بێت، جارێکیان لە قوتابخانە بووم دوو هاوڕێم کردیانە شەڕ و من لایەنگری یەکێکیان بووم لە دژی ئەویتریان، بۆیە کە ڕۆژی دواتر دایکم ئەوەی بیست،

بە توندی یەك زللەی لێدام. وتی: تۆ لە نێوان دوو هاوڕێتدا کە لە هەمان کاتیشدا هاوسێمانن، نابێ ببیتە لایەنگری کەسێکیان دژی ئەویتریان.

ئێستا تابلۆکە گۆڕاوە و کێشەکان زۆر گەورەترن لە شەڕی نێوان دوو منداڵ، شەڕ بووەتە شەڕی هێزی پێشمەرگە کە نوێنەرایەتی گەلێکی تێکۆشەر دەکات لەگەڵ دەسەڵاتێکی ناوەندیی توندڕەو کە بە ئاگر و ئاسن وەڵامی هەموو شتێك دەداتەوە. پێشمەرگەش لە نێوان دوو بەرەی ئێران و تورکیا تەراتێن دەکەن و وەك داشی دامە بەکاردەبرێن، لە نێوان ئەم دوو دژەدا من هەرکامیان هەڵبژێرم زللەیەکی توند دەخۆم، ئەمجارەیان زللەکە هی دەستی دایکم نییە و هی یەکێك لەم هێزانەیە کە هیچیان وەفایان بۆ خەڵك و تەنانەت ئەندامەکانی خۆشیان نییە!

بڕیارمدا وەك ئەوەی پێشتر جەختم لێکردبوویەوە کە دڵی هیچ لایەکیان لە خۆم نەڕەنجێنم، هەم کار بۆ بەعس بکەم و هەم جارجار خزمەتی پێشمەرگەش بکەم، ئەم قسانە وەك نوکتەکانی نازم تورکمان دەهاتە پێش چاوم، کە تازە هاتبوو بۆ پێشمەرگایەتی و نەیدەزانی لە لادێکاندا مەشروب خواردنەوە عەیبەیە و سزای لەسەرە، بۆیە لە دیوەخانەکەی کوێخا مەدحەتدا وتی: من نەدڵی خودا دەشکێنم، نە هی شەیتان، هەم نوێژ دەکەم و هەم مەشروبیش دەخۆمەوە. تا کاتی شەهیدبوونی لە شەڕەکانی سەرکردایەتی، هەر بەو قسەیەی پێدەکەنین.

دوو شەو دواتر لە نیوە شەودا مەفرەزەیەك ئەمنی کەلار و پیاوانی پلەبەرزی دیالە خۆیانکرد بە ژووردا، وتیان دەبێت زانیاری وردمان

پێبدەیت لەوەی کە دەربازبووەکانی گۆڕە بەکۆمەڵەکانی شاڵاوی ئەنفال لە کوێن و ماون یان دەربازیان بووە بۆ دەرەوە؟

بە سەرسامییەوە وتم ئاگام لە شتی وا نییە. کێ دەربازبووە جگە لە هەندێ پیرەژن و پیرە پیاو، کە "سەرۆکمان خوا بیپارێزێت" خۆی بڕیاری لێبوردنی بۆ دەرکردوون!

وتی: نا ئەوانە ناڵێم کە خۆمان ناردماننەوە، بەڵکو زانیاریمان پێگەیشتووە نزیکەی یازدە کەس لە گۆڕە بەکۆمەڵەکانەوە دەربازیان بووە، ئاگامان لێیانە لە ڕێگەی خۆفرۆشە عەرەبەکانەوە گەیەنراونەتەوە کوردستان و هەوڵی دەرباز بوونیان ئەدرێت. ئەمەریکا، بریتانیا، ئێران و تورکیاش بە هەر نرخێك بووە دەیانەوێت ئەو شایەتحاڵانە ڕزگاربکەن و وەك کارتی فشار دژمان بەکاریان بهێننەوە. میتی تورکی زۆر لە ئێمە زیاتر دژی بەرپرسانی کورد و کوردستانن، ڕاستە ئێمە دژی خۆفرۆشانین، بەڵام کێشەمان لەگەڵ برا کوردەکانماندا نییە. کەچی میتی تورکی و سیخوڕانی ئیسرائیل و جولەکە دەیانەوێت ئەو شایەتحاڵانە بکەنە کارتی فشار و لە بەرانبەردا سەرانی پارتەکەی ئۆجەلانیان بۆ بکوژین، یان پشکیان لە نەوت و سامانی عێراق بۆ دابنێین. مەبەستم پەکەکەیە، ئەو پارتەی کە بەو ماوە کەمەی دامەزراوە تورکیای تووشی هێستریایەك کردوە حاڵی لێبڕاوە، بەڵام ئێمە بە پێنج حزبەوە لێمان ئەدرێت ئەوەتا هەموویانمان تەفر و تونا کردووە.

فەیلەقی قودسی ئێرانیش خەڵکی ناردووە کە بە هەر نرخێك بووە کەسێك لەو ڕزگاربووانەی تاوانی ئەنفال بە زیندوێتی بهێڵێتەوە، سەرۆکیشمان بڕیاریداوە کە بە هەر نرخ و باجێك بووە، هەر یانزەیان لەناوبرێن و نەهێڵین ئەو هەڵاتووانە ڕزگاریان بێت، وڵاتانی خۆرئاوا و دراوسێکانیشمان بەبێ هیچ چاویان بە پێشکەوتنەکانی عێراقی مەزندا هەڵنایەت، چ جای ئەوەی شایەتحاڵێکی کۆی پرۆسەی ئەنفالیان دەستکەوێت.

هێندە زانیارییەکانی ئەمنی دیالە دەقیق بوون تەنانەت هەڵیان کوتابووە سەری لە خانووەکەی خاڵۆی لە گەڕەکی شاکەلی ناحیەی ڕزگاری، بەڵام وەك چۆن ڕێکەوت و دەستی ئیلاهی لە گۆڕە بە کۆمەڵەکان ڕزگاری کردبوو، ئاوهاش پێش ئەوەی بدەن بەسەریدا ئەو دەرچوو بوو بۆ شاخ و گەڕان بۆ ئەوەی ببێتە پێشمەرگە و تۆڵەی کەسوکارەکەی لە سوپای بەعس و جاشەکان بکاتەوە.

ئەمنەکان وتیان دەزانین تۆ پیاوی ئێمەی، ئەوەش دەزانین مرۆڤ چەندێك خزمەتی بێگانە بکات دواجار دڵی هەر بۆ خەڵك و خاك و نیشتیمانەکەی لێدەدات، ماڵ و مناڵت هەمووی بارمتەیە لامان تا نەڕۆیت و زانیاری وردمان بۆ نەهێنیتەوە لە سەر ڕزگاربووەکانی گۆڕە بە کۆمەڵەکان، دەبێت هەر هیچ نەبێت یەکێك لەو کەسانەمان بۆ بهێنیتەوە، یان هەر هیچت پێنەکرا بە کوژراویش بێت دانەیەکیان بهێنیتەوە بەردەستمان، ئاگادارین چەند ئەندامێکی دەزگای موخابەراتی و جاسووسی ئیسرائیل و ئەمەریکا بە ناوی ڕۆژنامەنووسییەوە هاتوون و دەیانەوێت قوو بکەنە

دنیادا، ئەوە ئێران بە ئاشکرا لە هەڵەبجە بوونی هەبوو هەرچەند دژمان بێت، هیچیان بە قەد تەنانەت حەمەنوریش ترسناك نین بۆ دەسەڵاتی ئێمە، ئێران و تورکیا، ئەوان هەرچی بڵێن دژمانن و باوەڕ پێکردنیان کەمە، وەك ئەوە نییە دەربازبوویەك هەموو ڕاستییەکان بگێڕێتەوە.

پێشتر زۆرم لە بارەی خۆفرۆشییەوە بیستبوو، کە هەر ماڵێك دەزگای ئەمن و سیخوڕ گەیشتە ناوی، هەموو ئەنداما‌ن و منداڵەکانی حیز و دز ئەبن، ئەمنێك بێت و ژن و کچێکی کەسێکی لابێت تا بەیانی، خودا دەزانێت چۆن ئەتکی دەکەن! بۆیە ڕاستە نیشتیمان و نەتەوە و خاك و ئاو خۆشەویستن، کەچی من بۆ ئەوەی خێزانەکەم نەکەونە چنگی ئەوان بەڵێنی ئەوەم پێدان کە بە هەر نرخ و بەهایەك بووە کە گیانی خۆمیش بێت، دەبێت ئەشکەوت بە ئەشکەوت بگەڕێم و ئەو هەڵاتووانە بدۆزمەوە و بە کوژراوی بیهێنمەوە بۆ شۆڕش.

هەموویان سەیرێکی یەکیان کرد و ڕازیبوون بەوەی لە ماوەی سێ ڕۆژدا، یان شایەتحاڵێکی لەتوپەتکراویان بخەمە بەردەست، یان ژنەکەم ببەن و هەر سەعاتەی ئەمنێکی پێ دامرکێننەوە. ئەوان ڕۆشتن و نیو سەعات دواتر کە منالەکان خەوتبوون و تەنها خۆم بە خەبەر بووم، لە دەرگای حەوشەوە دوو پێشمەرگە هاتنە ناو حەوشەوە، دیاربوو پێنج کەسن دووی لە دەرەوە و یەکێکی بەسەر دیوارەکەوە وەستابوو تا ئاگای لە هەردوو دیوی کۆڵان و حەوشە بێت. دووانیشیان میلی تفەنگەکانیان هێنابووە و وتیان فزەبکەیت و دەنگ بەرزکەیتەوە ئەتکوژین، هەڕەشەیان لێکردم، کە بۆچی

ئەمنی دیاله و کەلار پڕ ماڵمانە؟! وتیان: خەریکبوو ڕێسەکەمان بکەنەوە بە خوری، بۆچی و چۆن هاتوون و من بەڵێنی چیم پێداون! وتم: من وەك ئـەو کابرایـەی دراوسـێیەکی شـایی کردبـوو، دراوسـێکەی تریـان پرسـەی هـەبوو، وەهام لێهاتووە، ئەوان دێـن هەڕەشـە دەکـەن و ئێـوەش دێـن هـەروەها، بۆیـە ئەمڕۆ بێت یان سبەی هەر کەرێك لەناو ئەم دوو شۆڕشەوە ڕاست دەبێتـەوە فیشـەکێك بـە نێـو چـاوانمەوە دەنێـت، یـان ئـەوەش نەکـەن ژنەکـەم ئـەتك دەکەن و بە جاسووسـی لاکـەی تـرم ئـەدەن لـە قەڵـەم، مـن نەمشـاردووەتەوە بەعسـیم و نایشـارمەوە هاوکـاری ئێـوەش دەکـەم، بـەڵام نـە ئـەوان حسـاب قۆندەرەیەکم بۆ دەکەن و نە ئێـوەش بـە مـرۆڤم دەزانـن، داوایـەکم لێبکـەن بتوانم بۆتان جێبەجێکەم.

وتیـان: دەبێـت دەسـتی هاوکـاری لـەو مـەفرەزە پارتیزانـە ببڕیـت، کـە دووساڵێکە هاوکارییان دەکەیت. دەبێت ئیتر ببیتە هاوکـار و هەماهـەنگکاری ئێمە و دەستمان لێنـەبڕیت و باڵەکـەی ئێمـە بپارێزیـت، ئـەگینا بـە تـاوانی خیانەتی نیشتیمانی دەتکوژین و ڕوحی شەهیدانمان ئاسوودە دەکەین.

وتم: بۆ بەلاتانەوە گرنگ نییە کەسێك دەربـازی بێـت، گـرنگ ئەوەیـە لـەناو حزبەکـەی خۆشـتان لـە باڵەکـەی ئێـوە بێـت؟! ئـەی کـوا نیشـتیمان و کوردایەتی؟! خەڵك هەمووی فەوتا، ژیان نەما، هەموو کرانە ژێر لمەوە ئێـوە هێشتا لە باڵباڵێن نەکەوتن؟! خۆخۆری لەم پارچە بۆ ئەو پارچە نـەما، لـەم حزب بۆ ئەو حزب نەما، شۆڕبووەتەوە بۆ ناو باڵـەکانی هـەمان حیـزب؟! لـە

کاتێکدا بەعس بەبێ جیاوازی نێوان حزب و عەشرەت و ڕەگەز، هەر هەمووی ئەنفال و جینۆساید دەکات؟

وتی تۆ ئاگات لەوە نییە دەستەکەی کاکە عەبەت هاتوونەتە باوەنوور و لە شوێن و حەشارگەکەی ئێمەوە تەقەیان لە ڕەبیە کردووە، بە ئەو هۆیەشەوە جاش و جێش ئەو ناوە گەڕاون و هەموو حەشارگەکانمان لەناوبراون، ئازوقە و خواردنی ساڵێکمان شاردبووەوە هەمووی تاڵانکرا. وتم: کێ دەڵێت ئەوان کردوویانە؟ وتیان یەکێك لە جاشەکان کە سیخوڕی پێشمەرگەیە عەبدوڵا سەرزلی ناسیوەتەوە و وەڵامی بۆ ناردووین، کە ئەوان بوون.

وتم گەر هاوکاریتان نەکەم چیدەکەن؟! وتیان کوڕە یەك ساڵانەکەت دەبەین و ئەیدەین بە ڕووباری سیرواندا بیبات بۆ لای سەرۆکە دڕندەکەت.

وتم: ئەو کارەی ئێوەش دڕندەییە، ئێوە دەبێت لە ئاست ئەرکە قوورسەکاندابن، وامزانی هاتوون تا گیانی دەربازبووەکان ڕزگاربکەن، بەعس بە هەموو هێزی خۆیەوە بە شوێنیانەوەیە و دەیەوێت بەهەر نرخێك بووە دەستگیریان بکات و نەهێڵێت شایەتحاڵێك بەزیندووی بمێنێتەوە چیرۆکە خەمناکەکانی تاوانی ئەنفال بگێڕنەوە، کەچی هاتوون لەم کاتە ناسکەدا باسی هاوکاری و هەماهەنگی دەکەن؟! ئێوە چەند بچووك و قەزەمن لە ئاست نیشتیمان و نەتەوەدا! بڕۆن هەموو دەستەکانتان بکەن بەیەك، کورە هەر ئەوەشنا هەموو حزبەکانتان بکەنە یەك و پێکەوە دژی یەك دەسەڵات بجەنگن و مەبنە پیاوی ئەم وڵات و ئەو وڵات، ئاخر ئێوە نەوتی کەرکوك

دەتەقێننەوە یان دەدەن لە ڕەبییەکانی قاتەکەی کفری بۆ بریندار ئەدەن و پاسدار جێدەمێنێت؟! ئەو وێنانەتان دیوە لە تەلەفزیۆنی ناوەندی دەرەچێت کە ژمارەی پاسدارەکان لە ژمارەی پێشمەرگەکانی هەڵەبجە زیاترن؟! من ناتوانم دەستبەرداری هیچ کەسێکبم، وەك چۆن لادێ نشینەکان هەم خزمەتی پێشمەرگە، هەم خزمەتی جەیش و جاشیان دەکرد، منیش هەر ئەوەم پێدەکرێت، هاوکاری ئێوە و بەعس و هەموو مەفرەزەیەك دەکەم، گەر وانەکەم تیا دەچم، یەکێکتان دەڵێن منالْت دەکوژین، یەکێکتان دەڵێن وێنەی خێزانت دەگرین، یەکێکتان دەڵێن فایلت هەڵدەدەینەوە، دەمکوژن یان نا لای خۆتانە، بەڵام من لایەنگیر هیچ لایەکتان نابم دژی ئەویترتان.

وتیان باشە دەبێت بەیانی یەك بار خواردن بگەیەنیتە کەلۆز ژاڵەکەی نزیك گوندی تەیمانە و بە وردی چاودێریت لێدەکەین، گەر پشتمان لێبکەیت دەتکوژین، دەستیشمان پێت نەگات لە ئێستادا بە هۆی پلە و پۆستەکەتەوە، دواڕۆژ کوردستان ئازاد بکرێت، نەشتکوژین لە نیشتیمان دەرتدەکەین. منیش سەرسامانە ئەم شیعرەم بۆهات:

هەتا کوردستان خاوەن قازی بوو
پێشمەرگایەتی جێی شانازی بوو
کە مامە ڕیشە و کاك خالید هاتن
هێشتاکە خەڵکی لێیان ڕازی بوو

ئەوان ڕۆشتن و بە خەم و بێتاقەتییەکی زۆرەوە تاوتوێی ئەو هەموو پێشهات و ئەگەرانەم دەکردەوە کە داهاتوویان تاریک کردبووم، بیرم دەکردەوە بە ملی شکاوم چووم چەك هەڵگرم و خزمەتی خاك و نیشتیمان و هەزارانی وڵاتەکەم بکەم، کەچی دوای چەند ساڵێك بە پیلانێك ناردیانمەوە بۆ ناو بەعس، بۆ سیخوڕێتی و پاراستنی پێشمەرگە و کادران لە ئەمن و ئیستیخبارات و ناردنی زانیاری بۆ پێشمەرگە. کەچی وەها قاچم بووەتە تۆڕەکەوە خێزانەکەم هەمووی لە لێواری مەرگن بەهۆی هەڵەکانی منەوە، ئەمەیە وەفای نیشتیمان بۆ من. هێشتا من باشترم و لە ژیاندا ماوم و دەتوانم کارێك بکەم و بەرەی لایەك بگرم و بکەومە هەوڵدانی خۆم و خێزانەکەم، بەڵام چی بەسەر خێزانی ئەو تێکۆشەر و قارەمانانەدا دێت بە دەم وتنەوەی سروودی ئەی ڕەقیب و هۆکاکی پێشمەرگەوە هێرشیان دەکردە سەر سەنگەرەکانی پێشمەرگە و شەهید دەبوون!!

بیرم لە شەهید کۆچەر دووزی کردەوە، کە دوو ئەمنی کوشتبوو، پاشان هەڵهاتبوو بۆ ناو ڕیزەکانی پێشمەرگە و قارەمانێك بوو نەبێتەوە، چەند جارێك ناردیانەوە بۆ ناو شار بۆ ئەنجامدانی چالاکی بۆ ئەوەی بیدەنە کوشت، بەڵام دەچوو چالاکییەکانی دەکرد و موعجیزە ئاسا دەگەڕایەوە و شەهید نەدەبوو. تا وایلێهات گومانی بەعسی بوونیان خستەپاڵی و داوایان لێکرد ئەگەر ڕاستەکا و پیاوی بەعس نییە، بڕوات لە بەغدا سەیارەی تایبەتی پارێزگاری بەغداد بڕفێنێت و بیهێنێتەوە. ئەویش چووبوو پارەی دابووە یەك دوو پاڵەوان و بازرگانی مادده هۆشبەرەکان لە بەغدا و

سەیارەکەیان بۆ هێنابوو. شەهید کۆچەر وتبووی بیگەیەننە نزیك حەمرین دەربازکردنی لەسەرخۆم، بە بڕێکی زۆری پارە ئەو کارەیان هەر هەمان شەو بۆ کردبوو، کە سەیارەکەی گەیاندبووە دووز هاوڕێکانی قۆناغی ئامادەیی ئاگادار کردبووەوە چوارکەسیان بە جلوبەرگی فەرمییەوە لەگەڵیدا بێن، بۆ ئەوەی بتوانن دەربازیان بێت، لە یەکێك لە چێشتخانەکانی نێوان دووز و کەرکوك لائەدەن بۆ نانخواردن، خەڵکی ئەو گەنجانە دەبینن و تەماشای سەیارەکەیان دەکەن کە لاندگرۆزەرێکی گرانبەهایە، واتێدەگەن ئەمانە کوڕ و منداڵی ئەمنە دەستڕۆشتووەکانی بەعسن، ئەوان لەوێ تێر نان دەخۆن و پارەکەیان ئەدەن، نامەیەك بۆ خاوەن چێشتخانەکە جێدەهێڵن کە تیایدا نووسیبویان:

ئەوە ئێمە لە ناو جەرگەی پایتەختەوە، گرانبەهاترین سەیارەی پارێزگاری بەغدامان ڕفاند و شەقام بە شەقام، بە جادەی قیردا هاتووین و دەڕۆینەوە بۆ شاخ، ئەم چالاکییەمان دەچێتە پاڵ چالاکییەکانی کاك خالید کە پێشتر کوڕی قایمقامی کفری ڕفاند، یان چالاکییەکانی مامە ڕیشە کە دەچووە ناو کەرکوکەوە و ئەمن و خۆفرۆشان و بە کرێگیراوانی دەهێنایە لەرزە، بۆیە دەبێت چێشتخانەکەت کراوە بێت بۆ پێشمەرگە و دەستی هاوکاریت نەبڕیت لێمان، هەروەها نەبیتە سەگ بە گیان و گەنجەکانی دووز، شەوان ئافرەت و سۆزانییەکان بهێنیت و شەوی سوور بۆ ئەمنەکان بڕازێنیتەوە، ئەگینا خراپت بەسەر دەهێنین.

دواتـر کـە بـە خـۆی و چـوار گەنجـەوە هاتـەوە بـۆ ئـەو لادێیانـە و ئۆتۆمبێلەکەیان گەیاند، نەك گومانـەکانیان لـە کۆچـەر نەڕەوییـەوە، بـەڵکو خـۆی و هـەر چـوار گەنجەکـەیان نـارد بـۆ سـەنگاو و لـە ڕێگـەدا درانـە بـەر دەسترێژی گولله و بە بیانووی ئەوەی ئەم ئۆتۆمبێلانە تەنها لای مستەشار و کەسە نزیکەکانی بەعس دەستدەکەون و هێزەکانی پێشمەرگە نـەیانزانیوە هـی پێشـمەرگەیە، کـە لـە قـوڕیش گـیراوە بـۆ ئـەوەی ڕەنگـە سـەوزەکەی بشارێتەوە و شێوەی خاکی دەرکەوێت، پێشمەرگەکانی بە هەڵەدا بردووە کـە گوایە ئەمانە جاشن و بۆ سیخوڕی هاتوونەتە ناوچـەی ئـازادکراوەوە و بۆیـە تەقەیان لێ کـراوە، لـە کاتێکـدا هـەمووان دەمـانزانی پیلانـی سـەرەوەیە، بـۆ کوشتنی کۆچەری قارەمان و هاوڕێکانی.

ئەو شەوە خـەوم لێنەدەکـەوت و هـەر بـیرم لـەو ڕۆژانـە دەکـردەوە کـە منیـان بـەم حاڵـە گەیانـد، خـەیاڵم بـۆ ئـەو تاوانانـەش کردمـانن بـەناوی کوردایەتییـەوە دەچـوو، بیرمـە جارێـك لـە کـاتی شـەڕی نـاوخۆدا ئێمـە و هێزەکەی براکانمان لە یەك گوند بووین، ئـەوان زانیبوویـان ئێمـە لـەوێین و هـیچ خۆیـان تێکنـەدابوو، وتبویـان ڕاسـتە نێوانمـان بـاش نییـە، بـەڵام ئێمـە گشتمان پێشمەرگەین بۆ خاك و نیشتیمان تێدەکۆشین چـی پێویسـت دەکـات دەستمان بە خوێنی یەکتری سوور بێت و دڵی دوژمنانمان خۆشبکەین. ئەوان بـۆ ئێمـە گوندەکـەیان چـۆڵکرد و بـەپێ بـەرەو ئەشـکەوتی مانـەوەیان بەڕێکـەوتن، فەرماندەکـەی ئێمـە وتـی: نـان و چایەکانتان بخـۆن و خۆتـان کۆبکەنەوە و دەڕۆین، ئەو نا پێشمەرگانە بە سزای خۆیان دەگەیەنین. ئاخر

چۆن دەبێت بێنە سنوورەکەی ئێمەوە؟! خاوەن ماڵەکە وتی: سنووری چی و قوڕی چی، ئەوان حەوت هەشت کەسێکن وەك ئێوە پێشمەرگەن و ئەوەتا سفرەکانیان بۆتان چۆڵکرد و ئامادە نەبوون تەقەتان لێبکەن خۆ ژمارەیان لە ئێوەش کەمتر بێت دەیانتوانی بە نارنجۆکێك، ئاربیجییەك هەمووتان بکەنە قوربانی! ئەوەیان نەکرد ئێوەش لە شوێنیان مەڕۆن و صڵاواتی لێ بدەن. فەرماندە کەلە پووتەکەمان وتی: ناو خوای لێدێنم و دەبێت هەر هەموویان هەر ئەمشەو بکەمە قوربانی و لە سەر ڕێگەماندا نەیانهێڵم. دواتر چووین و بیکەیسییەکەیان دا بە من، لە بەرانبەر ئەشکەوتەکەدا دامەزرام و ئەوان هێرشیان برد، یەك شریت فیشەکی بیکەیسیم تێدا تەواو کردن و یەکێکیان بە ساغی دەرنەچوو، دواتر کە برادەرانم چوونە سەر تەرمەکانیان هەر یەکە و سەلەیەکمان بە سەر ئاواییەکەدا کرد، وەك ئەوەی ناحیەی قادرکەرەممان لە بەعس پاك کردبێتەوە!!

خەڵکی گوندەکەش ویستیان بڕۆن تەرمەکانیان بهێننەوە و بە خاکیان بسپێرن، فەرماندە وتی: هەر کەسێك بڕواتە ئەو ئەشکەوتە، واتا وەك ئەوانن لای ئێمە و شۆڕش. حسابی ئەوانیان بۆ دەکەین. تەنانەت کە دەروێش بەکر ویستی قسەیان بشکێنێ وتی: کوڕم ئێوە دنیاتان کەمتر دیووە، بتانەوێ و نەتانەوێ ئێمە بە هانای لێقەوماوەوە دەڕۆین و خزمەتی میوانەکانمان دەکەین لە هەر ڕەنگ و دەنگ و حیزبێك بن، کە ئێستا ئەوان شەهیدکراون ڕێگە بدەن بە خاکیان بسپێرین. ئامرەکەمان بە قۆناغە تفەنگ و مشتەی دەمانچە هاتە سەر و ملیدا و خەڵتانی خوێنی کرد. وتی

دەفـەرموو حـاجی بـڕۆ بـزان چۆن قسـەی مـن دەشـکێنیت و دەتـەوێت بـە خاکیان بسپێریت؟!

لە تەمەنمدا زۆر ڕووداوی جەرگبڕم دیبوو، ئـەو شـەوە وەك شاشـەیەك هـەموویان دەهاتنـە پـێش چـاوم، جارجـارەش تـرس دایـدەگرتم و دەمگـوت لـەپای ئـەو هـەموو تاوانانـەی کـردوومن، خـۆم و خێزانەکـەم وەك ئـەوانمان بەسەر دێت.

دەمگوت: مـرۆڤ گـەر لـە چـەند لایەکـەوە پـەلاماردرا، زیرەکـی ئەوەیـە خۆی دەرباز بکات، من دەیـان کەسـم بـۆ شـۆڕش کوشـتوە و دەیـان چالاکی و نەبەردیم تۆمار کردووە. سەدان کەسیش بـە هـۆی منـەوە ئـەنفالکران و بـە پێش چاومەوە بران و نەمتوانی ڕزگاریـان بکـەم. بـە هـۆی ئـەوەی دەترسـام بـەعس لـە سـێدارەم بـدات، گـەر زیـادەڕەوی لـە ڕزگـارکردنی خەڵکدا بکـەم. پـەنجام بـە دەسـتەوە دەدا و هەشـت نـۆ کەسـێکم ڕزگـار دەکـرد. ئێسـتا دوو مـەفرەزەی پـارتیزانی و بەعسـیش ئیشـیان لـە مـن دەوێـت، قۆناغەکـەش گەشـتووەتە هەسـتیارترین قۆنـاغی مێـژووی خۆی،لـە 1988/9/6 هـەر هەشت قۆناغەکەی ئەنفال کۆتاییـان هـات و هـەموو ئـەو ئومێدانـەی لەسـەر ڕاپـەڕین هەڵچـنرابوون تـا کۆتـایی سـاڵی 1988 بەرهـەمیان نـەبوو. بۆیـە پلانـێکم دانـا و ناومنـا پلانـی "ئەشـکەوتی بـەکرێگیراوان". پوختـەی پلانەکەش ئەوەیە کە هەر سێ هێزەکە پێکەوە بـە شـەڕدا بـدەم. گـەر کـرا بـەناوی دانوسـتاندنەوە لـەو ئەشـکەوتەدا کۆیـان بکەمـەوە. لای هـەر

هێزێکیشیان وەها خۆم پیشانبدەم من لە گەڵ ئەویاندام، لە ڕاستیشدا تا پێم دەکرێت لە گەڵ هیچیاندا نەبم.

زۆرم بیستبوو لەسەر ئەوەی کاتێك چەند سەگێك پەلاماریان دایت، ژیر ئەو کەسەیە خۆی دەرباز دەکات و سەگەکان بە شەڕ دەدات، ئەزموونی چەند ساڵێك پێشمەرگایەتی و چەند ساڵێك خۆفرۆشی ئەوەیان فێرکردبووم کە لە قۆناغە سەختەکان چۆن مامەڵە بکەم، بە تایبەت کە بارودۆخە گشتییەکە ئاڵۆز دەبێت و کەس بە کەس نییە و دەتوانم لە ناو ئەو کەشە لێڵ و تاریکەدا ئیشی خۆم بکەم. لە ئاوی لێڵدا مەلەکردن ترسناکە، بەڵام بۆ ڕاوەماسی دەستدەدات. لە دوای هەڕەشەکانی هەر سێ لاوە، بۆم دەرکەوت خاك و نیشتیمان تا ئەوکاتە پیرۆزن کە ژیانت ناکەوێتە مەترسییەوە، نەتەوە و هەژاران تا ئەوکاتە نرخیان بۆ من هەیە کە کەرامەت و کەسایەتیم نەکەوێتە سنووری لە ناوچوونەوە، ئاخر من کە پەلی خێزانەکەم بە دەستی ئەمن و ئیستیخباراتەوە بینی چی لە نیشتیمان بکەم؟! ئایا ئەگەر خوشك و کچ و منداڵەکانم کرانە دیاری بۆ پیاوانی دڕندەی بەعس و بەرپرسانی پێشمەرگە، کەسێك دەبێت لە کاتی ڕزگارکردنی کوردستاندا بە شان و باڵی کەسێکی وەکو مندا هەڵبدات و وەك ڕەمزی نیشتیمانی حسابم بۆ بکات؟! یان من هەر سمەکەی جارانم و گەر بڕۆم لە ناو کۆشکی کۆماری خۆم بتەقێنمەوە و هەر هەموویان لەناو بدەم، هێشتا لاپەڕەکانی مێژوو بە سەربڕ و خۆفرۆش و بە کرێگیراو ناوم دەبەن؟!

دوای دوو ڕۆژ هەمووانم ئاگادارکردەوە کە دەبێت لە ڕۆژی هەینی لە ئەشکەوتی بەکرێگیراوان ئامادەبن، خەبەرم بیستبوو عەبە هەڕەشەی کوشتنی لێکردبووم بەهۆی دواکەوتنم لە کۆبوونەوەکەی پێشووم و سوێندی خواردبوو بە گۆڕی شەهیدان بمکوژێت، وەزعی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتی بەجۆرێك گۆڕابوو هەمووان هەڕەشەکانیان دانابوو بۆ بەلادا کەوتنی هاوکێشەکان و تەماشاکردنی هاوسەنگی هێز، بۆ ئەوەی لەسەر خۆڵەمێشی یەکتری کۆشك بینابکەن.

دەمانچەیەکی شۆڕشم هەبوو کاتی خۆی لە نەبەردییەکدا ئامر مەفرەزەکەمان شەهیدبوو کە هاتینەوە بە دیاری پێیان بەخشیبووم، دڵم نەهات بیفەتێنم. ئەوم هەڵگرت بۆ ئەوەی بیسەلمێنم من لە ڕێبازی کوردایەتی لامنەداوە! دەمزانی ئەو پارتیزانانەی بەو شاخەوەن، سەرەڕای ئەوەی دڵسۆزی خاك و نیشتیمانن، ڕێز لە گۆڕی شەهیدان دەگرن و بە بینینی چەك و تاقم و یادگارییەکان، فرمێسك بە چاوانیان دێتەخوارەوە و دوژمنەکانیشان دەبەخشن. وەك فەرماندەکانیان نین خۆیان بشارنەوە و چاوەڕێبکەن ڕۆژگار دەروویەکیان لێبکاتەوە و بارەکە بەلایەکدا بسوڕێت و خۆیان بکەنە گەورە و کوێخای ئەم ناوچەیە. کاتی پێشمەرگایەتیم جارێك لە گوندی باشتەپە لەگەڵ گەنجێکدا بوو بە شەڕە قسەمان، ئەو وتی: ئێوە لە بەعس باشتر نین، ئەوەی هەیە لەو درندەتر نین، گەر بەرپرسەکانتان وەك پیاوانی ڕژێم دەستیان بڕوات، دوو ساڵیتر کوردستان ئازاد بکرێت، بەوخوایە کوڕی بەرپرسان زۆر لە عودەی و قووسەی خراپتر دەکەن. تۆ

تەماشا مەکە هەرچی دەکەن و دەڵێن ڕزگاری کوردستانمان دەوێت، بەو ئەدیداسەی پێیەوە حساب بۆ خەڵکی نەکات، گەر دەستی دار بگرێت بە شانزە دەرگا ناگەیتە خزمەتی.

دەمانچەیەکی ئستیلی ئەمنی دیالەشم هەبوو، کە لەم دواییانەدا بە دیاری وەك پاداشت و پێشەکی کوشتنی هەر دەربازبوویەکی تاوانی ئەنفال بۆیان هێنا بووم. ئەمە تەنها پێشەکی بوو، ئەگینا بەڵێنی زۆر گەورەی خانوو و ئۆتۆمبێلم پێدرا گەر هەر یەکێك لە قوربانییەکان لە نێو بدەم، یان کارێك بکەم لە نێو بچن.

دەمانچەکەی بەعسیشم کردە لاکەی ترمدا و ئەمەشم بۆ ئەوەبوو لە کاتی تەنگانە، یان هەر پیلانگێڕییەکی ئەمنەکانی هاوکارمدا، سوێندبخۆم بەو دیارییە بەنرخانەی لە لایەن سەرۆکی فەرماندە و ڕۆڵە بە ئەمەکەکانییەوە بۆم هاتووە، خیانەت ناکەم و هەر دەستدرێژی و تەقە لێکردنێکم وەها پیشان بدەم تەقە لە خودی سەدام حوسێن و پیرۆزییەکانی شۆڕش کراوە.

ڕۆژی هەینی کاتژمێری دەی سەر لەبەیانی خۆم و پاسەوانەکانم و ئۆتۆمبێلێکی ئەمنی دیالە گەیشتینە نزیك ئەشکەوتەکە، کۆمەڵێك چەکداری جلوبەرگ خاکیش لە تەقە تاوێر و بەرزاییەکی نزیك ئەشکەوتەکە دامەزرابوون و ڕووی تفەنگەکانیان لە ئێمە بوو، تەنها ئاربیجی بەدەستەکەیان ڕووی لە کەلۆز و لا سەختەکەی ئەشکەوتەکە بوو،

تا لە هەر ئەگەرێکی نەخوازراودا بە یەك گوللەی ئاربیجی هەموو تاوێرە درزبردو، ڕزیووەکان بڕوخێنێت بە سەر کۆمەڵە چەکدارەکەی تردا.

ئەمنی کفری هەموو ڕێسەکەیان لێکردمەوە بە خوری، کاتێك وتیان ئێمە ناچینە پێشەوە. تۆ بڕۆ دانوستاندنیان لەگەڵدا بکە، ئێمە خاوەنی سوپا و هێزێکی زۆرین و بە کوشتنی دوو جاش و چوار ئەمن لەنێو ناچین، تەنها ئەو دەربازبووانەی ئەنفالمان دەوێت هاتوونەتەوە بۆ ڕێزەکانی پێشمەرگە، گەر ئەوانەمان بەبێ تەقە تەسلیم بکەن، حەقمان بە کەسەوە نییە. ئەوەشی لە بەرانبەر بڕێك پارەدا ئەو کارەمان بۆ بکات ئەوە دیسانەوە کار ئاسانی بۆ دەکەین. ئەگەرنا، ئەوە بە ئامێرە لاسلکییەکانمان پەیوەندی دەکەین و فڕۆکە و کۆپتەری جەنگی دێنینە سەریان و لەنێویان ئەدەین.

ئاماژەی بۆ گروپەکەی ئەولاتر کرد و وتی: ئەی ئەوانە کێن؟ وتم نازانم ڕەنگە هێزەکەیان دابەشکردبێت بۆ ئەوەی لە کاتی هێرش و پەلاماری ئێمەدا ئەوان لە پشتمانەوە لێمان بدەن. وتی: تۆ بڕۆ یان مەیەرەوە یان پرسیاری حەمەم بۆ بکە. لە ژێر زەمینیش بێت بۆم بدۆزەوە. دوو دەمانچەی دیاری دوو شۆڕشی دژ بەیەکی یەك وڵاتم بە یەکەوە کردبوو بە ژێر پشتوێنەکەمەوە، ئاماژەیەکم کرد کە هاتووین بۆ ڕێکەوتن و مامەڵەکەی خۆمان، باش دەیانزانی مامەڵەی ئەو ڕۆژگارەش بە کوشتدانی هەندێك بوو لە پێناو هەندێکی تردا، دوو پێناسم دەرکردبوو یەکێکیان وێنەیەکی عەبەم لێدابوو، ئەویتریان وێنەی کەسێکی تر بۆ هەر کەسێك

خۆی بیەوێت دەربازی بکات. لە بەرانبەردا هەموو هاوڕێکانیم پێبدات بۆ بەخشینیان بە ڕژێم و سەرنگوم کردنیان!

بە دەم ڕێکردنەوە دوو پێناسەکەم گرتە دەستەوە و دەمهێنا بە ناو لەپی دەستمدا، وەك هێمایەك بۆ ئەوەی کە ئەو ڕێکەوتنەی پێشووترم لەبیرم ماوە و ئەرکی خۆم بە باشی بە جێهێناوە، یەکێك لە پاسەوانەکان میلی تفەنگی هێنایەوە، وتی: نەیەیتە پێشەوە.

وتم: خۆمم، پاشا. وتی: پاشا و ماشا ناخواتەوە یەك هەنگاویتر بنێیت قاچت دەشکێنم.

وتم: کاك عەبدوڵڵام بۆ بانگ بکەن، لەسەر داوای خۆی هاتووم بۆلای، ئێستا تۆپەکە لە گۆڕەپانی ئەودایە بزانم چی بۆ بکەم؟

ئاوڕیدایەوە و لە دامێنی ئەشکەوتەکەوە هاتە خوارەوە، توڕەبوو لە دواکەوتنم کە ئەو دایـنابوو هەفتەی دواتر یەك ببینینەوە کەچی چەند مانگێکی بەسەردا تێپەڕی بوو.

وتم: ئەوە پێناسەکان بگرە، ئێستا دەتوانی کام شاری عێراقت بوویت بۆی بڕۆیت، ئەو تەماحەم خستە بەردەمی وەك سەگێك لە نێوان وەفای خاوەن ماڵ و خۆراکی دزەکاندا نەزانێت کامەی هەڵبژێرێت، واقی وڕما. لە لایەك سوێندی خواردبوو بمکوژێت و لە لایەك من تاکە فریادڕەسی ئەو بووم، بۆیە پرسی: جگە لەو جەماعەتەی لەگەڵ تۆن، ئەو چەکدارانەی ئەولاتر کێن؟

خۆم لە گێلیدا و پرسیم: بۆ پێشمەرگەکانی ئێوە نین؟! خۆ ئێمە وامانزانی چەکدارەکانی ئێوەن و هاتوون بۆ ئەوەی ڕوو بە ڕوومان ببنەوە. وتی نا، شڵەژا و هێمایەکی کرد بۆ پاسەوانەکانی بۆ ئاگاداربوون لە هەموو جموجوڵەکان. ئیتر دەرفەتێك هاتە پێشەوە بۆ ئەوەی بە پێش چاوی ئەمنی دیالەوە هەردوو دەستەی پارتیزانی بێحاڵ و ماڵی کورد لەو هەردە و شاخانەدا بکەونە گیانی یەك.

زۆرجار گوێم لە شێخ بوو دەیوت: کوڕم هەندێجار دەبێت وەها بارودۆخە تێکبدەیت کەس نەزانێت حەقیقەت لە کوێیە، ئەوەش ئەو کاتەیە تۆ لەسەر حەق نەبیت و بتەوێت لەوانی تریشی تێکبدەیت. کاتێکم زانی براکان دامەزران و کەوتنە گیانی یەکتر، لە مێژبوو لە یەکتری پڕ بوون و تینوی خوێنی یەکتری بوون! سەیرم لێ هات، کە شەڕە تەقە دروستبوو تەنانەت یەك فیشەکیش بە ئاراستەی من و پیاوانی بەعس و ئەمندا نەهات، هەمووی هەر بەرەو ڕووی براکان بوو. دیار بوو لەو کاتەدا، کوشتنی براکان و هاوزمان و هاو نەتەوەکان لایان لە پێشتربوو، تا کوشتنی بەعسییەکی نمرە یەك! هەندێجاریش دەنگی تەقە دەهات لە پشتمەوە دواتر بۆم دەرکەوت کە ئەمنەکان هەرجارە و سەلەیەك دەنێن بە تاقمێکی جیاوازەوە. ئەبو ئاربیجییەکە دای لە تاوێرە گەورەکەی سەر ئەشکەوتەکە و تەقییەوە، هەتا دامێنی کەلۆزەکە خلۆربووەوە بۆ خوارەوە و هاوار و ناڵەی پێشمەرگەکانی ناو ئەشکەوتەکە دەنگی دەدایەوە، حەمەی دەربازبووی ئەنفالیش وەك پڵنگ ڕاپەڕی و بە بیکەیسی هاوڕێ شەهیدەکەی چووە

سەرەوەی ئەو تەپۆڵکەی کەوتبووە لای بەرانبەری ئەشکەوتەکەوە، یەك شریت فیشەکی پێوەنان، دڵنیام وایان پێی گوتوە کە ئەوانە جاش و خۆفرۆشن و نەیزانیوە برا پێشمەرگەکانی خۆین! لەوێش هاوار و ناڵەی پێشمەرگەی بریندار و بەرکەتوو گوللە بەرزبوویەوە. من ترسم لە ئەوە بوو گەر ئەم دوو هێزە بچنە پاڵ یەکتری دەتوانن حاڵی هەموو هێزەکەی ئێمەی بەعسی شڕ بکەن و تێکوپێکمان بشکێنن، بەڵام هێندە ڕقیان لە یەکتر بوو لە یەکەم ڕۆژی دامەزراندنیانەوە تا ئەو ڕۆژەی لەوێ پێکیاندادا، باس ناکرێت و لە مێژوودا وێنەی نییە. هەردوو لا لەبەر پاوانخوازی و هەیمەنەی دەسەڵاتی زیاتر لە سەختترین قۆناغەکانی کوردایەتیدا بەربوونە گیانی یەك و یەکترییان شەلالی خوێن کرد. لە دەستەکەی تر دوانیان بە برینداری هەڵهاتن و دوور کەوتنەوە، لە دەستەکەی عەبەش خۆی و کاکە حەمە بە زیندووی دەرچوون، یەکێکیان گوللەی قەناس لە سنگی دابوو لەگەڵ دەستپێکی تەقە کردنەکەدا شەهید بوو، دووانیشیان گوللە ئاربیجی و ڕووخانی ئەشکەوتەکە کوشتبوونی، یەکێکی تریشیان فیشەکی ئەمنەکان پێکابووی، چونکە ئەو هێندەی وەك پاسەوانی عەبە لە ئێمەوە نزیك بوو، دڵنیا بووین فیشەکی پێشمەرگەکانی دەستەکەی تر پێی ناگات و بە ئاسانی شەهید ناکرێت. عەبە لە دوا ساتەکانی نزیك دەبووەوە، وتی دوو پێناس و دوو زیندوو ماوین، دەی قەدەرە و خودا وەهای نووسیوە. وتم نا، دەبێ تەنها خۆت بە زیندوێتی بمێنیتەوە، چونکە حکومەتی بەعس بە بسۆزی بە شوێن ڕزگاربووانی گۆڕەبەکۆمەڵەکانەوەیە. ئەو قوڕ بە سەرە شەش حەوت

مانگە دەربازبووە و نـەتان توانیـوە بیکـەن بـە ئێرانـدا، بـە تورکیـادا و لێـرە هێشـتوتانەتەوە، دەبـا بکرێتــە قۆچـی قوربـانی و وەك هاوڕێکـانی زینــدە بەچاڵی بکەن!!

عەبە وتـی: هێنـدە چیرۆکی ئـەو ئازیزانـەی بۆ باسکردووم ئەسـتەمە بتوانم ڕێگە بـدەم بـە زینـدوێتی بکەوێتـەوە دەسـتی هـەمان ئـەو دوژمنـەی خێزان و کەسوکارەکەی کوشتووە. پرسی باشە ناتوانین ڕاستی نـەدرکێنین و دەربازی بکەین؟ وتم: لە تۆ باشتر دەیناسن، تەنانـەت بەغـدا بـۆ دۆزینـەوەی دەربازبوەکـانی تـاوانی ئــەنفال، داوای هاوکـاری لــە موخابــەرات و دەزگـا هەوالگرییەکانی هەموو وڵاتان کردووە، بۆیە هـیچ چارەیەکمان نییـە، جگـە لە بەدەستەوە دانی حەمەی دەربازبووی گۆڕ بە کۆمەڵەکان.

عەبە دیسانەوە شڵەژا و وتـی: خۆزگـە حەمـە شـەهید بووایـە و ئێسـتا لـەم بارودۆخـەدا خـۆمم نەبینایەتـەوە. وتم: ئـەوەی بەسـەر منـدا هێناتـان ئێستا هەمان چارەنووس یەخەی گرتوون، یان تەسـلیمکردنەوەی بـە بـەعس و ڕزگارکردنی خۆت، یان کوشتنی حەمە و شەهیدکردنی بـە دەسـتی خـۆت. وتی: ئەمە لە پیلانەکەماندا نەبوو، تاك لایەنە زیادت کرد، وتم: ئەو کاتـەی پێشمەرگەیەکی هاوڕێمتان پێم سەربڕی لە پلاندا بوو؟! نەتبیسـتووە دەڵـێن لە کاتی هەڵکەندنی هەر چاڵێك بۆ کەسێك، زۆر قـووڵی مەکـە ڕەنگـە خـۆت بکەویتە ناوی. منتـان نـاردەوە بـۆ شـار بـۆ ئـەوەی ئـەمن و ئیسـتخبارات بـە خێزانم فێربن و تا قیامەت بمکەن بە پەند؟! با کەسێك هەبێت بـۆ داهـاتوو

گەر کوردستان ئازادکرا وەك شایەتحاڵێك ناشیرینییەکانم بۆ ڕەنگ بکات، ئێستا من و تۆ بەرانبەر یەکتر و خاك و نیشتیمان یەکسانین!!

ئاماژەیەکی کرد بۆ حەمە و هاتە نزیکەوە، یەك سەلەی پێوەنا، لە ناو تەپوتۆزدا بە ئەستەم دیاربوو. بە خۆی و بیکەیسییەکەیەوە کەوتە دۆڵەکەوە، هێشتا گیانی دەرنەچوو بوو وتی:

بیابان دڵی نەهات بمگرێتە خۆی، بە عەشقەوە گەڕامەوە خاکی باوپیرانم، کەچی شاخەکانی کوردستان، ئەشکەوتی دلێرانی سەدەیەك خەبات، خۆم و یەك دنیا زانیاری و یادەوەری و بەڵگەی شاردەوە و تامی مردنی پێش شەهیدبوونی پێ چەشتم!!!

ئەو قسەی دەکرد و عەبەی هاوڕێم فیشەکی پێوەدەنا، دەیگوت نامەوێ ئازاری لەوە زیاتر بچێژێت. هەتا گیانی تێدابوو فیشەکی پێوەدەنا، ئەوەستایەوە تا بزانێت تەواو گیانی سپارد یان هێشتا جووڵە و قسەی ماوە. دواجار بە تەواوی لە پەلوپۆ کەوت چووینە سەری، وتی: ببورە، شۆڕشەکەمان ئەو پەڕی بێسەروبەری بوو، سەرکردەکانمان کۆمەڵێك کەس بوون هەڵیان خەڵەتاندین، ئەوا کوردستان خاپورکرا و خەڵکەکەی هەموو ئەنفالکران، کەچی لە وڵاتانی دراوسێ خەریکی ژیان و خوێندن و ئیشی خۆیانن، ئێمەیان وەك چەشەیەك بۆ دڕندەکان جێهێشتووە. ئەوەندە لەم کێوانە ژیاین، تا هەر بەڕاستی کێوی بووینەتەوە و کەڵکی شارمان پێوە نەماوە. دەستیم گرت و بردم دامە دەستی ئەمنەکان و وتم فەرموون ئەوە

چاوساغی من له ڕیزەکانی موخەڕەبین کە توانی شایەتحاڵەکە و هاوڕێکانی بکوژێت، ئەوانیش بە پێکەنین و خەندەوە پێشوازییان لێکردین.

ئەوەی ڕۆژێك لە ڕۆژان بە خەیاڵماندا نەهاتبوو، ئەوەبوو کوردستان ئازاد بکرێتەوە و ڕژێم بەدەر بنرێت، نەمردین و ئەو ڕۆژەمان بە چاوی خۆمان بینی، بارودۆخی شڵەژاوی شارەکانی خوارووی عێراق و دەستێوەردانەکانی عێراق لە کوێت، لێدانی سوپای عێراق لە لایەن هێزی هاوپەیمانانەوە دەرفەتی ڕاپەڕینی ڕەخساند. شکستی تاوانی ئەنفال زۆر شتی فێرکردن، لە سنووری وڵاتانی دراوسێ بەرەی کوردستانی پێکهێنرا و دوای سێ ساڵ لەتاوانی ئەنفال و جینۆسایدی کوردستان، ڕاپەڕین کرا. دواتر بە بڕیارێك لە هەموو ئێمەمانان ئەوانەی بەو شاخانەوە پێشمەرگە بووین و خەریکی کاری نهێنی بووین بۆ سەرکردایەتی و پێشمەرگە خۆشبوون. بە بڕیارێك مافی مانەوە و گەڕانەوەمان بۆ هەرێم پێدرا. من لە سلێمانی و عەبە سیاسی لە هەولێر گیرساینەوە، ئێستا دوای ئەوەندە ساڵە لەو مێژووە خانەنشینین و بۆ ئەو تەمەنەی بەخشیمانە کوردستان و ئازادی کوردستان هیچ پەشیمان نین. ئەشکەوتی بەکرێگیراوان بوو بە چیرۆکی داستانی هێزەکانی پێشمەرگە و وەها شوێنی ڕووداو و کاراکتەرەکانمان گۆڕی کە عەبە بە دیلی گیراوە و هەموو پێشمەرگەکان لە ڕوو بە ڕوو بوونەوەی ئەمنەکان شەهیدبوون، بەو مەرجەی کە عەبەش دەسەڵاتی گرتە دەست پاڵپشتم بێت کە من لە کاتی گەڕانەوەم بۆ لای بەعس هێندەی هەموو دەستە پارتیزانە چاونەترس و قارەمانەکان و ئەوانەی گیانبازییان دەکرد،

خزمـەتم کـردووە. ئێمـە وەهـا تێکۆشـاین، وەهـا خـەباتمان کـرد، ئەشـکەوتی دلێرانمان وێرانکرد و بەکرێگیراوانمان ئاوەدان کردەوە، مێژووی ئەم میللەتە لە ژێر خاکدایە، کەچی ئەوانـەی سـەر خـاك خـەریکی گێڕانـەوەی مێـژوون، ئەوەش غەدرێکە لە مێژوو کراوە، بڕۆنە ئەشکەوتەکان حەقیقـەتی ئـەنفال و گۆڕە بە کۆمەڵەکان دەبینن! گەر میللـەت و دەسـەڵاتمان لـە دوای ڕاپـەڕین بیتوانیبـا برینــەکان تیمــار بکــا، ئێســتا کوردســتان هــەمووی نــەدەبووە ئەشکەوتی بەکرێگیراوان!

2ی‌شوباتی2022